

نیان عەبدوڵڵابۆ دەستوور: ئەوەی لەدڵمدایە لەسەر دەممە ..12

ئەیشواریا بەشداریی لەفیلمەکانی جیمس بۆندا دەکات ..13

عەدنان کەریم لەستۆکهۆڵم کۆنسێرتێك سازدەکات ..13



# دەستوور


ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢٦)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/٧
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە

www.destur.net


پاری بخوێنەرەوە
پاشکۆیەکی وەرزشیی ڕۆژنامەی دەستوورە، ڕۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

بۆچی ڤیکتۆریا لاوازە؟ ..23

# سەدان هەزار دۆلاری لەیەکێتی وەرگرتووە

## سەرۆکی لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان ٢٢٣ دەنگی هێناوە

تایبەت بە دەستوور

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، مامۆستا جەعفەر سەرۆکی لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان سەدان هەزار دۆلاری لەیەکێتی وەرگرتووە، لەکاتێکدا تەنها ٢٢٣ دەنگی بەدەستهێناوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەدەستووری ڕاگەیاند مامۆستا جەعفەر کە پێشتر لێپرسراوی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی بوو، ١٠٠ هەزار دۆلاری بەفەرمانی بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لەئیدارەی گشتی وەرگرتووە، دواتریش ٢٥ هەزار دۆلاری بەنووسراوێکی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەرگرتووە.


مامۆستا جەعفەر

سەرچاوەکە وتی «لەنەسریەی مەکتەبەکەی میوانداری دەیان کەسایەتی عەرەبو تورکمانی کردووە بۆ بەرژەوەندی لیستەکەی».

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە یەکێتی داوای لەسەرۆکی لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان کردووە لەپارێزگاکانی، سلێمانی، کەرکوکو دیالە بەشداری نەکەن، بەڵام ئەوان لەهەولێرو دهۆکو موسڵ کە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدایە بەشدارییان نەکردووە، وتی «ئەوەش یەکێتی توڕە کردوو لێپرسراوێتی مەکتەبەکەیان لێوەرگرتەوە».

سەرچاوەکەی وتی «مامۆستا جەعفەر ١٩پاسەوانی هەیەو ٦ کەسیشی لەسەر مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ دامەزراوە، خۆشی بەپلەی وەزیر خانەنشین کراوە، لەکاتێکدا ڕۆژێک لەڕۆژان فەرمانبەر نەبووە لەم وڵاتەدا».

مامۆستا جەعفەر سەرۆکی لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور لەبارەی وەرگرتنی پارە لەیەکێتی، وتی «بەقسەی ناو بازاڕ نابێت، ئەو کەسەی کە ئەو زانیارییەی بەئێوە داوە با ناوی خۆی بنووسێت بۆئەوەی من وەڵامی بدەمەوە، شتی وا ڕووینەداوەو پارە وەرنەگیراوە».

سەبارەت بەخەرجکردنی بودجەی بانگەشەی هەڵبژاردن مامۆستا جەعفەر ئاماژەی بەوەدا کەخەڵک پارەی بۆ خەرجکردوون، وتی «دوێنی کەسێک هات بۆلام وتی من ١٠ ملیۆنم خەرجکردووە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، دەبێت بەناچاری بمدەیتەوە، وتم یەک فلسم نییە، بۆ ئەمەش شایەتم هەیە».

# کۆمەڵەی خوێندکاران دوو سکرتێری هەیە

تایبەت بە دەستوور

پێنج لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی یەکێتی، بایکۆتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەو حیزبە دەکەن کە مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبەکەیەو نامەیەکیش ئاراستەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکەنو داوای وەڵامدانەوە دەکەن، بەو هۆیەشەوە ئێستا ڕێکخراوەکە دوو سکرتێری هەیە.

سەفین فاروق لێپرسراوی لقی زانکۆی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «ئێستا ئەو نامە نارەزاییە لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتییەوە تاوتوێ دەکرێت، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێک بۆ ئەو مەبەستە نییە».

سەفین وتی «بەڵێ لەهەولێر محەمەد جەمیل بەحوکمی ئەوەی لێپرسراوی میحوەرە، ئیشوکارەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران بەڕێوەدەبات».

نامە نارەزاییەکە لەلایەن لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران، (هەولێر یەک، هەولێر دوو، سۆران، لقی زانکۆ، لقی پەیمانگاکان)ی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکارانەوە نووسراوە کە ٤٥ کەس لەلێپرسراوی لقو کارگێڕی لق ئیمزایان کردووە.

سەفین ئاماژەی بەوەدا کەئێستا لەناو کۆمەڵەی خوێندکاراندا بەهیچ شێوەیەک کەسی یەکەم دیار نییەو وتیشی «ئێمە چوار مانگە نەسریەمان بڕدراوە».

لەکۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی پارتیدا کە لەمانگی ڕابردوودا بەسترا، محەمەد جەمیل وەکو سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بانگکرابوو، بەناوی سکرتێریشەوە وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی پێشکەشکرد.

سەردار حەمە عەلی سەرپەرشتیاری لقەکانی سلێمانی، بەدەستووری وت «ئەو بەشداریکردنەی محەمەد جەمیل لەکۆنگرەی یەکێتی قوتابیاندا، وەکو نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران بووە، ئەوە لەتاییەکە ڕەنگە بەهەڵە نووسرابێت».

هەروەها وتی «ئێستا من ئیشوکارەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران بەڕێوەدەبەمو سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان منم».

# پارتی لەسلێمانی ٦٦ هەزار دەنگی هێناوە

پ. دەستوور

بەپێی لێدوانێکی بەرپرسی لقی ٤ی پارتی، حیزبەکەی لەسنووری پارێزگای سلێمانی ٦٦ هەزار دەنگی هێناوە، نەک ٨٢ هەزار دەنگ، بەوپێیەش دەبێتە پێنجەمین حیزب لەسەر ئاستی پارێزگاکە لەدوای گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ.

لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووردا سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دەڵێت «ڕاستە د. مەحمود عوسمان دەڵێت بێلایەنم، ڕاستە بێلایەنیشە، بەڵام کێ دەنگی بۆ داوە، وەک لقی چوار نزیکەی شەش هەزار دەنگمان پێداوە، هەمووی دەنگی پارتییە، ئەو بەپشتگیریو پشتیوانی پارتی دەرچووە، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە پشتیوانییەکی زۆرمان لێکردووەو وەک کاندیدی خۆمان سەیری دەکەین».


سەلام عەبدوڵڵا

مەحمود عوسمان ٢٢،٢٤٧ دەنگی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش دەنگەکانی پارتی لەپارێزگای سلێمانی لە٨٢ هەزارەوە کەمدەکات بۆ ٦٦ هەزار، چونکە بەرپرسی لقی چوار دەڵێت تەنها ٦ هەزار دەنگیان بۆ د.مەحمود داوە، کەواتە ١٦ هەزار دەنگی ئەو کاندیدە دەنگی کەسانی سەربەخۆو بێلایەنن.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا سەلام عەبدوڵلا دەڵێت لەکۆنگرەی پارتیدا کەئەمساڵ دەبەسترێت تاوتوێی مەسەلەی پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی دەکرێتو ئاماژە بەوەش دەدات کەپارتی بەتایبەت نێچیرڤان بارزانی، بەنیازی گۆڕانکاریکردنە، بەڵام «بەوشێوە دراماتیکییە نا کە لەناوچەی سلێمانیدا ڕوویدا».

# قادر عەزیز: نێچیرڤان بارزانی نانی بڕین

دانا هەڵەبجەیی

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند لەسەردەمی حکومەتی نێچیرڤان بارزانیدا نانی حیزبێک بڕدرا نەک کەسێک، کەچی نێچیرڤان دەڵێت ئەگەر من سەرۆکی حکومەت بوومایە، نەمدەهێشت نانی خەڵک ببڕدرێت.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور، قادر عەزیز وتی «ئەو قسانەی کاک نێچیرڤان لەبارەی ئەوەی ئەگەر ئەو سەرۆکی حکومەت بووایە نەیدەهێشت نانی خەڵک ببڕن، ئەوە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیەو بەئامانج ئەو قسانە دەکات».

هەروەها وتی «کاتێک ئەو قسانە دەکات کەخۆی لەدەسەڵات نەماوە، ئەگەرنا یەکەم کەس کەنانی خەڵکی ئێمەی بڕی بەبێ ئاگاداری وەزارەتی دارایی، نێچیرڤان بارزانی بوو، بەبڕیاری نێچیرڤان خۆی بڕدرا».

پێشتر نێچیرڤان بارزانی لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا، ڕایگەیاند «ئەگەر ئەو سەرۆکی حکومەت بووایە نەیدەهێشت، نانی خەڵک ببڕدرێت».

قادر عەزیز وتی «نێچیرڤان بارزانی، دوور لەیاساو لەپشتی وەزارەتی داراییو بەنادادپەروەریی نانی حیزبێکی بڕی نەک کەسێک، کەچی ئێستا دەڵێت ئەگەر سەرۆکی حکومەت بوومایە نەمدەهێشت نانی خەڵک ببڕدرێت».

لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ گێڕانەوەی بودجەکەیان، قادر عەزیز بەدەستووری وت «ئێمە بۆ گەڕانەوەی بودجەکەمان هەوڵی زۆرمانداوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت، وەک سەرکردەی چوار حیزبەکەش چەندجارێک قسەمان کردووە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، بەڵام تائێستا ئامادەنەبوون ئەم بودجەیە بۆ ئێمە بگێڕنەوە».

قادر عزیز ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان هیچ پاساوێکیان نییە بۆ نەگێڕانەوەی ئەو بودجەیەو هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە، وتی «بەڵکو وەک سزایەکی سیاسییە بۆ سەر ئێمە، ئەمەش بەپێچەوانەی یاساو مافی مرۆڤو ئەخلاقی سیاسییەو تۆڵەسەندنەوەیەکە لەهەڵوێستەکانی منو حیزبی زەحمەتکێشان».


9 5 2

حکومەت، دەرچووانی زانکۆی گەرمیان توڕەدەکات

بەفەرمانی عیماد ئەحمەد جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت ١١٤ کەس دادەمەزرێنرێن کە تەنها ٨ کەسیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، لەکاتێکدا نزیکەی ٤٠٠ دەرچووی زانکۆ مانیانگرتووە بەهۆی ئەوەی کە دانامەزرێنرێن... 02

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ئۆباما کۆدەبنەوە

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بانگهێشتی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆکوژ دەکرێت، بڕیارە پاش تەواوبوونی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکە، دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامبدات... 03

کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە براوەکان تائێستا بێئەنجامە

کۆبوونەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە براوەکان بۆ پێکهێنانی یەک کوتلەو گوتارێکی کوردی لەبەغدا، تائێستا هیچ ئەنجامێکی ڕوونی نییەو پێناچێت هیچ ئەنجامێکی هەبێت، چونکە گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامی تائێستا پێشنیاری کاندیدکردنی تاڵەبانیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار قبوڵنەکردووە... 04

پارتی تۆمەتباردەکرێت بەدواخستنی پەسەندکردنی بودجە

تائێستا هیچ دەنگۆیەکی نوێ بۆ دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە لەئارادانییەو پەرلەمانتارانیش ململانێی سیاسیو پارتی بەتایبەت بەرێگری یەکەم لەپەسەندکردنی بودجە دادەنێن... 05

ریسەکەی ئاکەپە بووەوە بەخوری

دوای ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار پرۆژەیەکی بۆ گۆڕینی ٢٩ مادەی ناو دەستووری تورکیا ئامادەکرد، هەڵوێستی پارتەکانی نێو پەرلەمان بەتەواوەتی ڕوونبووەوەو بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی حکومدراوی پەکەکە دژایەتی خۆی بەرامبەر بەپرۆژەکە دەربڕی... 11

# مەحمود عوسمان: من کاندیدی پارتی نیم

دانا هەڵەبجەیی

مەحمود عوسمان کاندیدی سەرکەوتووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق، رایدەگەیەنێت کە ئەو پارتی نییەو سەربەخۆیە، پارتیو یەکێتی بەقۆرخکردنی مەیدانی سیاسەت تۆمەتبار دەکات.

د. مەحمود عوسمان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند ئەو بۆ خۆی چەند جارێک شەڕو هەرای زۆری کردوە لەسەر ئەوەی کە وەک کاندیدێکی سەربەخۆ ناو ببرێت، "بەڵام بەداخەوە تائێستا میدیاکانی پارتی وەک کاندیدێکی ئەو حیزبە ناوم دەبەن".

مەحمود عوسمان وتی "من لەجاران سەربەخۆترم، بەڵام ئەوە پارتیو یەکێتین کوردستانیان پاوەن کردوە کە هەرکەس حیزبی نەبێت حەقی ژیانی پێ نادرێت، ئەگەر کەسێک سەربەخۆ بێت بەزەحمەت دەتوانێت خۆی کاندید بکات، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە من پیاوێکی سەربەخۆمو بەکردەوەکانیشم دەیسەلمێنم کە لەجاران سەربەخۆترم".


مەحمود عوسمان

ئەو تاکە ئەندامە سەربەخۆیەی ناو لیستی هاوپەیمانی بەتوندی رەخنەی لەو جۆرە سیاسەتە گرت، وتی "پێویستە ئەوان پێیان خۆش بێت لەناو لیستەکەیان سەربەخۆ هەبێت، نەک ئەوەی خەڵکە سەربەخۆکان دابەش بکەن بەسەر حیزبەکاندا، چونکە بوونی کەسی سەربەخۆو حیزبی لەناو یەک لیستدا بەهێزی بەو لیستە دەبەخشێت، نەک ئەم جۆرە مامەڵەکردنە".

لەلایەکی ترەوە سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی دەڵێت ئەوان مەحمود عوسمان بەکاندیدی خۆیان دەزانن، وتی "وەک لقی چوار نزیکەی شەش هەزار دەنگمان پێداوە، هەمووی دەنگی پارتییە، ئەو بەپشتگیریو پشتیوانی پارتی دەرچووە".

بەو پێیەش بێت پارتی لەسلێمانی ٨٢ هەزار دەنگی نەهێناوە، بەڵکو ٦٦ هەزار دەنگی هێناوە، چونکە د. مەحمود کە ٢٢ هەزار دەنگی هێناوە، ٦ هەزار هەواداری پارتیو ١٦ هەزار کەس بەهۆی سەربەخۆ بوونییەوە دەنگیان پێداوە.

# گومان لەچۆنیەتی خەرجکردنی شەش ملیۆن دینار دەکرێت

کامەران کەریم لەشارەزوور

داوای یاسایی لەسەر ئاکۆ حسێن لێپرسراوی نوێنەرایەتی لقی شارەزووری لیژنەی ئۆلۆمپی تۆماردەکرێتو گومان لەسەر شێوازی خەرجکردنی شەش ملیۆن دیناری لێدەکرێت کەساڵی پار لەفیستیڤاڵێکدا خەرجیکردبوو.

لێپرسراوی بەشی چالاکیو دیدەوانی لەقەزای شارەزوور گومانی لەسەر چۆنیەتی خەرجکردنی شەش ملیۆن دینار هەیە کەساڵی پار لەفیستیڤاڵێکی وەرزشیدا خەرجکراوەو بەو هۆیەشەوە داوایەکی یاسایی لەدژی ئاکۆ حسێن لێپرسراوی نوێنەرایەتی لقی شارەزووری لیژنەی ئۆلۆمپی تۆماردەکات.

ئاکۆ حسێن کەنوێنەرایەتی لقی شارەزووری لیژنەی ئۆلۆمپی دەکات، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەلیژنەی ئۆلۆمپی داوام لێکراوە کەشێوازی خەرجکردنی ئەو برە پارەیە روونبکەمەوە، بەڵام لە٦/٤دا لەلایەن لێپرسراوی چالاکی دیدەوانییەوە داوایان لەسەر تۆمار کردم، لەپۆلیسی شارەزوور".

نەقیب کەمال سەردار لێپرسراوی پۆلیسی قەزای شارەزوور دوای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بەدەستووری وت "لەلایەن لێپرسراوی چالاکی دیدەوانییەوە داوا لەسەر ئەو مامۆستایە تۆمار کراوەو ئەمڕۆ بانگی دادگا کراوەو بەکەفالەت ئازاد کراوە".

ئەنوەر حەسەن لێپرسراوی بەشی چالاکیو دیدەوانی لەقەزای شارەزوور بەدەستووری وت "من ناتوانم لێدوان بدەم، تاکێشەکە یەکلاییدەبێتەوە".

# سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ئۆباما کۆدەبنەوە

پ.دەستوور

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بانگهێشتی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر رووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆکوژ دەکرێت، بڕیارە پاش تەواوبوونی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکە، دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامبدات.

خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکرای کرد کۆنگرەکە سێی مانگی داهاتوو لەبارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لەنیۆیۆرک دەبەسترێت، ئەمەش بەمەبەستی رووبەڕووبونەوەی چەکی کۆمەڵکوژو لەسەر ئاستی جیهانیش چەندین کەسایەتیو بەرپرسی باڵا بەشداری تێدا دەکەن.

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە وتی "لەکۆنگرەکەدا چەند دەقیقەیەک تەرخانکراوە بۆئەوەی هەڵەبجە وتاری خۆی تێدا بخوێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وتارێکمان ئامادەکردوە کە دەمانەوێت لەمیانی ئەو کۆنگرەیەدا پەیامی گەلی کوردو هەڵەبجە بەگەلانی جیهان بگەیەنین".

کەریم کۆنگرەکەی بەگرنگ وەسف کردوو رایگەیاند لەدوای تەواوبوونی کۆنگرەکە کە سێ رۆژ دەخایەنێت، بڕیارە بۆردی رووبەڕووبونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ کە لە٢٠ کەس پێکهاتوون لەسەر ئاستی جیهان کە ئەویش یەکێکە لەو بیست کەسە، لەگەڵ ئۆبامادا کۆببنەوە.

روونیکردەوە بەنیازە لەدیدارەکەیاندا بەتێرو تەسەل باسی کارەساتی هەڵەبجە بگەیەنێت بەسەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

پێشتریش لەمانگی ١١ی ساڵی رابوردوودا لەهەنگاوێکدا سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەجێگری سەرۆکی رێکخراوی شارەوانیانی جیهان هەڵبژێردراو سەرۆکی شارەوانی هێرۆشیماش کرایە سەرۆکی ئەو رێکخراوە جیهانییە.

# ئەگەری داخستنی ١٢٠ بەنزینخانەی کەرکوك دەکرێت

زانیار داقوقی

وەزارەتی نەوتی عێراق، بەنووسراوێک کە ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی کردووە، داوا لەئیدارەی پارێزگای کەرکوک دەکات بەلابردنی ئەو بەنزینخانانەی کەمۆڵەتی وەزارەتیان نییە، کە ژمارەیان ١٢٠ بەنزینخانەیە.

عەلی نامیق ساڵەیی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەسەر لیژنەی چاودێری بەشە نەوتییەکان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "وەزارەتی نەوتی عێراق بەنووسراوی فەرمی، هەڕەشەی داخستنی بەنزینخانەکانی شاری کەرکوکی لەخاوەن بەنزینخانەکان کردووە، ئەوانەی تائێستا مۆڵەتی وەزارەتیان نییە".

عەلی ساڵەیی هەروەها وتی "ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگا داوامان لەخاوەنی ئەو بەنزینخانانە کردووە سەرجەمیان سەردانی وەزارەتی نەوت بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەت".

ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پشتگیری خۆیان لەمانەوەی ئەو بەنزینخانانە دەکەن، وتی "بەڵام بەمەرجێک لەلایەن وەزارەتەوە دوو مۆڵەت وەربگرن، مۆڵەتێکیان بۆ پێدانی شوێن، مۆڵەتی دووەم مۆڵەتی بازرگانی بەشە سوتەمەنییەکان".

ئەو بەنزینخانە ئەهلیانەی لەکەرکوک هەڕەشەی داخستنیان لەسەرە، ژمارەیان ١٢٠ بەنزیخانەیەو بەپێی زانیارییەکانی دەستوور زۆرینەیان لەلایەن بەرپرسە کوردەکانی شارەکەوە پشتگیری دەکرێن.

# خانەقین کەمترین بودجەی بۆ دانراوە

فەرمان خێلانی لەخانەقین

خانەقین گەورەترین قەزای پارێزگای دیالەیەو کەمترین بڕی بودجەی بۆ دیاریکراوە، بەو هۆیەشەوە ئەنجومەنی قەزای خانەقین بەشە بودجەکەی رەتکردووەتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکەوە دانراوە، تەنها ئەندامەکەی سەر بەیەکگرتوو لەدژی پرۆژەکە دەنگی داوە.

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بودجەی ئەمساڵی پارێزگاکەی بەنایەکسانی دابەشکردووە، لەکۆی ٥٧ ملیار دینار، ٣٣ ملیارو ٢٥٠ هەزار دیناریان بۆ بەعقوبە داناوە بەبیانووی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانو زانکۆی تێدایە، ٩ ملیار دینار بۆ خالس لەبەرئەوەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا خەڵکی خاڵسە، ٦ ملیار دینار بۆ مقدادیە، ٦ ملیار دینار بۆ بەلەدروزو ٢ ملیارو ٧٥٠٠٠٠ حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ خانەقین دانراوە.

وتی "ئەمە لەکاتێکدایە خانەقین گەورەترین قەزای پارێزگاکەیەو هەر سێ ناحیەی جەلەولاو سەعدیەو مەیدانی لەسەرە، جگەلەوەش چەند پرۆژەیەکیان بۆ خانەقین دەستنیشانکردووە کە لەم قۆناغەدا هیچ گرنگیو ئەولەویاتێکیان نییە بۆ خانەقین، بۆیە ئێمە ئەو بودجەیەمان رەتکردووەتەوەو دەبێت دەستکاری بکرێتو بۆمان زیاد بکەن".


خانەقین، گەورەترین قەزاو کەمترین بودجە

سەبارەت بەهەڵوێستی ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، سەمیر وتی "لەکۆی ٦ ئەندامی ئەنجومەن، ئەندامەکەی یەکگرتوو، سۆشیالیست، پارتی، ئامادەبوون، ئەندامەکەی پارتی بەشداری کۆبوونەوەکەی نەکردووەو ئەوەی سۆشیالیستیش پەسەندی کردووە، تەنها ئەندامەکەی یەکگرتوو رەتیکردۆتەوە، ئێمەش کۆبوونەوەیەکی نا ئاساییمان بەستو حیزبە کوردییەکانمان لێ ئاگادار کردۆتەوە، ئەوانیش هەڵوێستیان هەبوو، پشتگیریمان دەکەن، چاوەڕێی وەڵامی ئەنجومەنی پارێزگاین".

# تائێستا سیماکانی دوو ئیدارەیی ماوە

## چەندین دەزگای حکومی هەولێرو دهۆک جیاوازن لەسلێمانی

زانیار محەمەد

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ٥ ساڵ بەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانیو هەولێر لەساڵی ٢٠٠٥، بەڵام هێشتا سیماکانی دوو ئیدارەییو شوێنەوارەکانی ئەو دۆخە سیاسییە دەبینرێت، ئەوەش لەکاروباری دەزگاکانی حکومەتدا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

ململانێکانی نێوان یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا تەنانەت لەسەر ئاستی زمانیشدا رەنگیداوەتەوە، ئەوەش بەجۆرێکە لەفەرمانگەکانی سلێمانی کۆمەڵێک دەستەواژە بەکاردەهێنرێن، لەهەولێر لەبری ئەو دەستەواژانە، کار بەکۆمەڵێک دەستەواژەی تر دەکرێت.

دووشەممەی رابوردوو لەهەولێر بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان کرایەوە، لەکاتێکدا بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرێتییە لەپارێزگای سلێمانی، بەناوی بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانەوە کاردەکەن.

لەو بارەیەوە سەرکەوت عومەر بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت بابەتی ناو، یەکێکە لەکێشەکانو پێشنیازمانکردووە هەموو بەڕێوەبەرێتییەکان یەک ناوی هەبێت، ئەوەش تەنیا کێشەیەکی کارگێڕییە.

ناوبراو وتیشی لەبەرئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە هی کاتی سەردەمی دوو ئیدارەیین، بۆیە تائێستا بەو ناوانەوە ماونەتەوە.

هاوکات جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا پێشتر بەڕێوەبەرێتییەکە لەسلێمانی بەناوی ژنانەوەو لەهەولێر بەناوی ئافرەتانەوە ناونراوە، ئەوەش کاریگەریی سەردەمی دوو ئیدارەییەو ئێستا وا بڕیارە ناوەکان یەکبخرێن.

بەڵام رێبین رەسوڵ رۆشنبیر پێیوایە سیماکانی دوو ئیدارەیی لەئاستی زۆر باڵادا دەبینرێت، نەک تەنیا لەسەر ئاستی ناوی فەرمانگەکان، دوو ئیدارەیی لەئاستی پێشمەرگەدا ماوە، لەسەر ئاستی دابەشکردنی بەشەبودجە ماوە، لەسەر ئاستی دەسەڵاتی وەزیرەکاندا ماوە.

ئەو رۆشنبیرە ئاماژە بەوەشدەدات دوو ئیدارەیی تەنانەت لەئاستی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتدا ماوە، بۆنمونە سەرۆکی هەرێم ناتوانێت هەندێک بڕیار کە تایبەت بێت بەناوچەی سلێمانی، بەبێ راوێژی یەکێتی دەربکات.

ئەو رۆشنبیرە سیماکانی دوو ئیدارەیی روونتر دەکاتەوەو دەڵێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش هەندێک بڕیار کە پەیوەندی بەناوچەکانی هەولێرو دهۆکەوە هەبێت، ناتوانێت بەبێ راوێژی پارتی بیدات.

یەکێکی تر لەو بوارانەی کەسیماکانی دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، فەرمانگەکانی وەزارەتی پەروەردەیە، بۆنمونە تائێستا لەسلێمانی دەوترێت خوێندکار، لەهەولێر دەوترێت قوتابی.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی رەتیدەکاتەوە لەدەزگا پەروەردەییەکانی پارێزگای سلێمانی سیماکانی دوو ئیدارەیی مابێت، وتەکانی کەمال نوری لەکاتێکدایە، تائێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆک لەرێگەی تەزکیەی حیزبییەوە دادەمەزرێنرێن.

بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ئاماژەی بەوەدەدات لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕیار دەرچووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە لەیەکی سەرەتاییەوە تا ٣ی ناوەندی پێی بوترێت قوتابیو لە٤و ٥و ٦ی ئامادەییش پێی بوترێت خوێندکار، بەڵام هێشتا قوتابیانو مامۆستایان پەیڕەوی ئەو بڕیارە ناکەن.

هەروەها محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیار دەرچووە کە دەبێت ناوی هەموو فەرمانگەکان وەک یەک بێت.

رێبین رەسول پێیوایە شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەیی وا بەئاسانی ناسڕێتەوە، بەبڕیارێکی سیاسی کۆتایی نایەت، نەهێشتنی ئەو شوێنەوارانە، پێویستی بەبەرنامەو پلانی وردو زانستی هەیە.

هەروەها وتی حەماسەتێک نییە بۆ نەهێشتنی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەیی، لەسەر زەمینەی واقیعیش دوو ئیدارەیی بوونی هەیە.

کاروان ساڵح پەرلەمانتاری گۆڕانیش ئاماژە بەوە دەدات مانەوەی دوو چاودێری داراییو دوو ئاسایشو دوو وەزارەتی دارایی، شوێنەواری بەرجەستەی دوو ئیدارەیین.

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکراشیدەکات مانەوەی ئەو شوێنەوارانە، پێچەوانەی بڕیارەکانی خولی دووەمی پەرلەمانە.

ناوبراو روونیکردەوە تائێستا نووسراوی ژێر بەژێر هەیە بەناوی وەزارەتی داراییو ئابووری-سو وەزارەتی داراییو ئابووری-ە کە مەبەستی سلێمانیو هەولێرەو ئەو سیمایانەش، پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەییە.

لەبارەی هۆکارەکانی مانەوەی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەیی، رێبین رەسول ئاماژە بەوە دەدات دوو ئیدارەیی بەرژەوەندی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی دەپارێزێت لەو ناوچانەی کە تێیدا باڵادەستن، بۆیە ئاسان نییە دەستبەرداری دەسەڵاتەکانیان ببن.

ئەو رۆشنبیرە نمونەی دەزگا هەواڵگرییەکانی پاراستنو زانیاری دەهێنێتەوە کە تا ئێستا ماونو لەژێر فەرمانی پارتیو یەکێتیدا کاردەکەن، ناوبراو وتیشی شوێنەواری دوو ئیدارەیی تەنانەت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو دەروونیش رەنگیداوەتەوە.

# حکومەت، دەرچووانی زانکۆی گەرمیان توڕەدەکات

فەرمان خێڵانی لەگەرمیان

بەفەرمانی عیماد ئەحمەد جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت ١١٤ کەس دادەمەزرێنرێن کە تەنها ٨ کەسیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، لەکاتێکدا نزیکەی ٤٠٠ دەرچووی زانکۆ مانیانگرتووە بەهۆی ئەوەی کە دانامەزرێنرێن.

لەنووسراوێکدا کە کۆپیەکی لای دەستوورە، لەو ١١٤ هاووڵاتییە ٣٦ کەسیان بڕوانامەی شەشی سەرەتاییو ٦ کەسیان نەخوێندەوارو ٨ کەس هەڵگری بڕوانامەی زانکۆو پەیمانگانو ئەوانەی تریشیان بڕوانامەی ناوەندیو ئامادەییان هەیە، پشکی شێر لەم رێژەی دامەزراندنەدا بەر هەردوو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیو وەزارەتی پەروەردە کەوتووە کەوەزیرەکانیان یەکێتی بوون.

یەکێک لەو دەرچووانەی زانکۆ کە مانیگرتووە، رەخنەی توندی لەو بڕیارە گرت، وتی "ئێمە نزیکەی ٣٠٠ مامۆستاین تا ئێستا دانەمەزراوین، لەکاتێکدا کە ٣ ساڵە بەبەردەوامی ماندەگرینو داوای دامەزراندن دەکەینو دامان نامەزرێنن، کەچی وەزارەتی پەروەردە لەڕێگەی حیزبەوەو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکی نەخوێندەوارو بڕوانامەی سەرەتاییو ناوەندی دادەمەزرێنن، بۆیە داوا دەکەین ئەم کابینە نوێیەی حکومەت ئەو دامەزراندنانە رابگرێتو خەڵکانی پسپۆڕو خاوەن بڕوانامە بخاتە شوێنیان".

عەدنان قوربانی هەڵسوڕاوێکی رێکخراوە مەدەنییەکانی گەرمیان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "ئەم مامەڵەیەی حکومەت جێگەی رەخنەی توندە، لەبەرئەوەی ئێمە ئاگادارین ئەو دامەزراندنە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەبەڵێنی کەسایەتی حیزبی دروستبووەو دواتر رەوانەی حکومەت کراوە، ئەگینا بۆچی ئەو هەموو نەخوێندەوارە دادەمەزرێنرێن".

قوربانی دەڵێت پێویستە حکومەت هەوڵبدات ئەو فەرمانبەرانەی کە نەخوێندەوارنو لەکۆندا دامەزراون خانەنشین بکات، نەک کۆمەڵێکی تر نەخوێندەوار دابمەزرێنێت، وتی "بەڕاستی ئەمە غەدرێکی گەورەیە لەهەموو ئەو خاوەن بڕوانامانەی کە تا ئێستا دانەمەزراونو هەڵوێستی لەسەر وەردەگرین، لەبەرئەوەی شایەنی قبوڵکردن نییە".

مامۆستا مستەفا حەمید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور بێئاگایی خۆی لەو رێژە دامەزراندنانە راگەیاند، وتی "لەڕێگەی ئێمەوە ئەوە نەکراوە، ئێمە تەنها نووسراومان بۆ ٣٧٣ مامۆستا کردووەو تا ئێستا وەزارەت وەڵامی نەداوینەتەوە، هەرگیز ئامادەش نیم نووسراو بۆ نەخوێندەوار بکەم بەمەبەستی دامەزراندن، دیارە ئەوە لەشوێنی ترەوە بۆیان کراوە".



# سێ منداڵی تری هەڵەبجەیی لەئێران دەدۆزرێنەوە

دانا هەڵەبجەیی

بەگوێرەی چەند زانیارییەک کە لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست دەستوور کەوتوون، سێ منداڵی تری ونبووی کارەساتی هەڵەبجە لەوڵاتی ئێران دۆزراونەتەوەو بڕیارە لەچەند رۆژی داهاتوودا لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە سەردانی وڵاتی ئێران بکات.

گۆران ئەدهەم رەحیم قایمقامی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «دوێنێ بەفەرمی ئاگادار کراینەوە کە سێ منداڵی تری ونبووی کارەساتی هەڵەبجە لەوڵاتی ئێران دۆزراونەتەوە، بۆیە داوامان لێکرا کە بەهانایانەوە بچینو بیانگێڕینەوە بۆ نێو کەسو کاری خۆیان».

قایمقامی هەڵەبجە رایگەیاند لەئێستادا ناتوانن زانیاری وردتر لەسەر دۆسیەکە ئاشکرابکەن، بۆئەوەی کێشە بۆ گەڕانەوەی منداڵەکان دروست نەکرێت، وتی «بەڵام ئەوەندە هەیە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە پێیان گەیشتوە ئەو منداڵانە کچیشو کوڕیشیان تێدایە».

گۆران ئەدهەم ئاماژەی بەوەدا وەزارەتی شەهیدانیان لەدۆسیەکە ئاگادار کردۆتەوە، بڕیارە بەمنزیکانە لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە رەوانەی ئێران بکرێت.



سەلام عەبدوڵڵا؛ لێپرسراوی لقی چواری پارتی: لەکۆنگرە تاوتوێی پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی دەکرێت.
لاپەڕە٧

# شەقەی باڵەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران دێت

## پێنج لقی کۆمەڵەی خوێندکاران، بەهۆی پشتگوێخستنیانەوە، بایکۆتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان دەکەنو نامەیەک ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی دەکەن

**تایبەت بەدەستوور**

پێنج لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی یەکێتی، بایکۆتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەو حیزبە دەکەن، کە مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبەکەیەو نامەیەکیش ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکەنو داوای وەڵامدانەوە دەکەن، ئێستاش سەربەخۆ کارەکانیان دوور لەچەتری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان ئەنجامدەدەن.

**دەنگی شەقەی باڵەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران دێت**

دوای ئەوەی سکرتێرو هەردوو جێگرەکەیو تەواوی ئەندامانی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ەوە، بەبڕیارێک بەبیانووی "تەکەتول"و نەبوونی "سوودیان بۆ یەکێتی"، لەو ڕێکخراوە دووردەخرێنەوە، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، لیژنەیەکی سەرپەرشتیکردن بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دادەنێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لەئێستادا کۆمەڵەی خوێندکاران بەهۆی باڵ باڵێنو کوتلایەتییەوە، بووە بەدوو بەشەوەو بەشێکیان ڕاستەوخۆ لەژێر چەترو فەرمانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا کاردەکەنو بەشەکەی تریان کە ٥ لقو نزیکەی ٥٠ کارگێڕ لقن بایکۆتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیان کردووەو دوور لەچەتری ئەواندا کاردەکەن.

**کۆمەڵەی خوێندکاران لەنێوان باڵی کۆسرەتو مەلا بەختیاردا قڵیشاوەتەوە**

ئەو ڕێکخراوە لەئێستادا بەپێی چەند زانیارییەک کە لەلێپرسراوی لقو کارگێڕی لقەکانەوە دەست دەستوور کەوتووە، بووە بەدوو بەشەوەو ئەو بەشەی لەهەولێرە سەربەخۆ کاردەکەنو لەلایەن باڵی کۆسرەتەوە پشتگیری مادی دەکرێن، چونکە چەند لقێکیان چوار مانگە نەسرییەیان بڕدراوەو لقێکی تریش ٦ مانگە بێ نەسرییەن، بەشەکەی تریشیان ئەوانەی سنووری پارێزگای سلێمانیو دەوروبەرین سەر بەڕێکخراوە دیموکراتییەکاننو ئەو لیژنەیە سەرپەرشتی دەکەن کە لەلایەن مەلا بەختیارەوە دانراون.

سەرچاوەیەکی باڵا لەستافی پێشووی کۆمەڵەی خوێندکاران بەدەستووری وت "پێشتریش ئەو ستافە بۆیە هەڵوەشێنرایەوە، چونکە مەلا بەختیار پێی کۆنترۆڵ نەدەکران، ستافەکە بوو بوو بەدوو بەشەوە، بەشێکیان نزیکبوون لەمەلا بەختیارو بەشەکەی تریشیان لەکۆسرەت ڕەسوڵەوە".

ڕێناس عومەر سەرپەرشتیاری لقی پەیمانگاکانی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکاران، کە نەسرییەیان چوار مانگە بڕدراوە، نەیشاردەوە کە لەئێستادا لەلایەن مەکتەبی کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییەوە هاوکاری مادی دەکرێن، وتی "لەڕووی مادییەوە هاوکاری دەکرێین".

**کێ ڕابەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران دەکات؟**

سەرچاوەیەک لەیەکێک لەلقەکانی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکاران، بەدەستووری وت "ئەو لقانەی سلێمانیو دەوروبەری لەلایەن سەردار حەمە عەلییەوە، سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام ئەو لقە نارەزاییانەی هەولێرو دەوروبەری لەلایەن محەمەد جەمیلەوە".

لەکۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی پارتیدا کە لەمانگی ڕابردوودا بەسترا، محەمەد جەمیل وەکو سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بانگکرابوو، بەناوی سکرتێریشەوە وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی پێشکەشکرد، بەڵام لەئێستادا لەسنووری سلێمانیو دەوروبەری سەردار حەمە عەلی سەرپەرشتیاری ئەو ڕێکخراوە دەکاتو هەولی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران دەدات.

هەروەها دەستوور زانیویەتی لەفیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکاندا محەمەد جەمیل بەشداری دەکات نەک سەردار.

سەردار حەمە عەلی، بەدەستووری وت "ئەو بەشداریکردنەی محەمەد جەمیل لەکۆنگرەی یەکێتی قوتابیاندا، وەکو نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران بووە، ئەوە لەتایپەکە ڕەنگە بەهەڵە نووسرابێت".

سەردار وتی "من سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانم، نەک ئەو، ئێمە ئەومان تەنها وەکو نوێنەر لەفیدراسیۆن دیاریکردووە".

هەروەها وتی "ئێستا من ئیشوکارەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران بەڕێوەدەبەمو سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان منم".

**٥ لقی کۆمەڵەکە، بایکۆتی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان دەکەن**

پێنج لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لەئێستادا بایکۆتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیان کردووەو بەسەربەخۆ کاردەکەن، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش ٤ مانگە نەسرییەی بڕیونو هیچ نەسرییەکیان ناداتێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکێشەکانی نێوان کۆمەڵەی خوێندکاران، بەدەستووری وت "ئەو ٥ لقە دوای ئەوەی لەلایەن مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە پشتگوێدەخرێنو نەسرییەیان نادرێتێ، نامەیەکی نارەزاییان ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە".

سەفین فاروق لێپرسراوی لقی زانکۆی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێستا ئەو نامە نارەزاییە لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتییەوە تاوتوێ دەکرێت، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێک بۆ ئەو مەبەستە نییە".

سەفین وتی "بەڵێ لەهەولێر محەمەد جەمیل بەحوکمی ئەوەی لێپرسراوی میحوەرە، ئیشوکارەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران دەکات".

نامە نارەزاییەکە لەلایەن لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران، (هەولێر یەک، هەولێر دوو، سۆران، لقی زانکۆ، لقی پەیمانگاکانی) هەولێری کۆمەڵەی خوێندکارانەوە نووسراوە، کە ٤٥ کەس لەلێپرسراوی لقو کارگێڕی لق ئیمزایان کردووە.

سەفین ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا لەناو کۆمەڵەی خوێندکاراندا بەهیچ شێوەیەک کەسی یەکەم دیار نییەو وتیشی "ئێمە چوار مانگە نەسرییەمان بڕدراوە".

بەڵام سەردار حەمەعەلی سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەدەستووری وت "هیچ لقێک نەسرییەی نەبڕدراوە، بەڵام ئەگەر بڕدرابێت ئەوە پەیوەندی بەخەلەلی ئیداری ئەو لقەوە هەبووە، لەڕووی شێوازی سەرفکردنییەوە".

هەروەها وتی "ئێستا ئێمە خەریکی دانانی بەرنامەیەکی تۆکمەو بەهێزین بۆئەوەی کارەکانمان بەئاڕاستەیەکی بەهێزدا ببەین، ئەگەر کەموکورییەک هەبووبێت دیارە خەلەل هەردەبێت، بەڵام مەرج نییە شتی گەورە بکەینە قوربانی ئەو خەلەلانە".

**بڕیارە ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لەبارەی ئەو کێشانەوە لەگەڵ مەلا بەختیار کۆببنەوە**

ئێستا کۆمەڵەی خوێندکاران بەتەواوی لاوازی پێوەدیارەو جموجۆڵو چالاکیان بەشێوەیەکی گشتی کەمبووەتەوە، لەبارەی کێشەکانیشییەوە، بڕیارە ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لەگەڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیدا کۆببێتەوە.

ڕێناس عومەر سەرپەرشتیاری لقی پەیمانگاکانی کۆمەڵەی خوێندکاران، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "کۆمەڵەی خوێندکاران لاوازبوونی پێوە دیارە، ئەوەش دوو هۆکار هەیە، لەلایەک بەهۆی ئەو بارودۆخەی یەکێتی پێیدا تێپەڕدەبێت، لەلایەکی تر بەهۆی کێشەکانی نێوخۆی ڕێکخراوەکەوە".

ڕێناس وتی "یەکێتی گرنگی بەکۆمەڵەی خوێندکاران نادات، لەولاشەوە نەسرییەو بودجەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ لقەکان، ئەمانە هەمووی هۆکارن".

ئاماژەی بەوەشدا کە دوای ئەوەی نامە نارەزاییەکەیان ئاڕاستەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیو مەکتەبی سیاسی کردووە، ئەنجومەنی ناوەند پێیوتوون لەگەڵ مەلا بەختیار کۆدەبینەوەو تاوتوێی ئەو کێشەیە دەکەین.

# پارتی تۆمەتبار دەکرێت بەدواخستنی پەسەندکردنی بودجە

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی: قابیلە یەکێتی ڕێگەبدات حکومەتەکەی د. بەرهەم شکستبهێنێت

**مەعاز فەرحان لەسلێمانی**

تائێستا هیچ دەنگۆیەکی نوێ بۆ دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە لەئارادانییەو پەرلەمانتارانیش ململانێی سیاسیو پارتی بەتایبەت بەڕێگری یەکەم لەپەسەندکردنی بودجە دادەنێن.

لەراپۆرتەکەی گوڵانو سەردانەکەی نێچیرڤان لەگەڵ وەفدێکی حکومی بەبێ ئاگادارکردنەوەی د.بەرهەم، جگە لەدواخستنی تاوتوێکردنی بودجەش، بەهەوڵی پارتی لەقەڵەم دەدرێن بۆ لاوازکردنی حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح.

ماوەیەکە ئەو هەوڵانەی پارتی لەڕێگریکردنی حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح لەلایەن پەرلەمانتارانی یەکێتییەوە لەنێو لیستی کوردستانی ڕاستەوخۆ هەستپێکراوە، بۆیە جگە لەپێشنیارکردنی جیابوونەوەی یەکێتیو پارتی لەیەک قەوارەدا، ڕاستەوخۆ پارتیان بەڕێگریکردن لەبودجە تۆمەتبارکرد.

لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان پێیانوایە بوونی ململانێی سیاسی لەنێوان یەکێتیو پارتیدا بووەتە هۆی دواخستنی پەسەندکردنی بودجە، پەرلەمانتارێکی یەکێتیش ڕاستەوخۆ پارتی تۆمەتبار دەکات لەدواخستنی بودجەدا، ئاماژە بەناکۆکی سیاسی دەکات لەنێوان پارتیو یەکێتیدا. پێشتر ڕەفیق سابیر بەڕاشکاوی پارتی بەپەسەندنەکردنو ڕاگرتنی بودجە تۆمەتبار کرد، ڕایگەیاند "پارتی نایەوێت بودجە پەسەندبکرێتو ڕێگری لێدەکات، هەر بۆیە دانیشتنەکان دوادەخات.

پەرلەمانتاران دەڵێن سەرۆکایەتی پەرلەمان سەربەخۆیی خۆی نییەو یەکێتیو پارتی ڕایاندەسپێرن، بۆیە ڕێگریکردنی پارتی لەڕاگرتنی بودجە بەلای ئەوانەوە گومانەکەی نەهێشتووەتەوە.

عەبدوڵڵای مەلا نوری پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیتوانیوە بێلایەن بێت، کارەکانی ڕابردووشیان سەلماندوویەتی".

ئەو وتی "من بۆ خۆم هەرگیز ناڵێم سەرۆکایەتی پەرلەمان بێلایەن بووە، بەتایبەتی لەسێ مانگی ڕابردوودا، یەکێتیو پارتی لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەندام پەرلەمانەکانیانەوە نایەڵن پەرلەمان چالاکبێتو بەکارەکانی خۆی هەڵبستێت".

لەلایەکی ترەوە، گۆران ئازاد ئەو پەرلەمانتارەی پێشنیاری جیابوونەوەی پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی کرد، دەڵێت یەکێتی قەت گرفت بۆ کابینەکەی د. بەرهەم دروستناکات، "ئەگەر لایەنەکانی تر گرفت نەنێنەوە".

گۆران بەدەستوری وت "ئەم بودجەیە حکومەت داوەتییە پەرلەمان، حکومەتەکەش سەرۆکەکەی د.بەرهەمە، قابیلە یەکێتی ڕێگەبدات بەوەی حکومەتەکەی د. بەرهەم شکستبێنێتو سەرکەوتوو نەبێت".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی دووشەممە نیگەرانی خۆی لەبەیاننامەیەکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانکرد دەربڕی لەوەی زیاتر لەمانگێکە هیچ دانشیتنێک لەبارەی تاوتوێکردنی بودجەوە نەکراوە.

لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە هیچ هۆکارێکی یاساییو هونەری نییە بۆ ئەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەست پێ نەکاتەوە، پێیانوایە تەنها دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە، ئەو ڕایەی لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەکاتێکدایە کە یەکێتیش پارتی تۆمەتبار دەکات.

د. سەباح بەرزنجی لەفراکسیۆنی کۆمەڵ بەدەستووری وت "ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێت دەستێکی سیاسی لەپشت ئەو پەسەندنەکردنەوەیەدایە، بێگومان دەستێکی سیاسی هەیەو کێشەیەک هەیە لەناوخۆی لیستی کوردستانی، ئەگەر وانیە فەرموو بادانیشتن بکرێتو پەسەندبکرێت".

کاردۆ محەمەد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت ماوەی دانیشتنی یاسایی پەرلەمان کراوەتەوەو تائێستا پەرلەمان لەسەر بودجە دانیشتنی نەکردووەتەوە، "ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ڕوانینێکی سیاسی هەیە بۆ ڕاگرتنی بودجە".

گۆران ئازاد پەرلەمانتاری یەکێتی لەلیستی کوردستانی وتی "هیچ هۆکارێکی یاسایی نییە بۆ دواکەوتنی بودجە، بەڵام هۆکارەکەی سیاسییەو لەدەرەوەی پەرلەمانیشەوەیە، هەر بۆیە ئەو کاتەی کە بودجە دواکەوت هۆکارە سیاسییەکە دەستی پێکردو دەتوانرا لەو ماوەیەدا دانیشتن بکرێت، بەڵام دواخراو ئەوە ماوەی دە ڕۆژە پشوو تەواوبووە کەچی پەرلەمانیش دانەنیشتووە".

هەروەها وتی "ئەوە ڕوونە کۆنەبوونەوەی پەرلەمان لەدەسەڵاتی پەرلەمان دەرچووەو هۆکارەکەی سیاسییە"، بەڵام ئاسۆ کەریم پەرلەمانتاری پارتی ئاماژە بەوەدەدات کە نابێت بودجە تێکەڵ بەحساباتی سیاسیی بکرێت، وتی "پێموایە بودجە کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە لەکەموکورتیش بەدەرنییە ئەوکاتەی کە گفتوگۆکان دەستیانپێکرد، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بوو، بۆیە بەم شێوەیەی لێهات".

ئاسۆ کەریم دەڵێت هیچ ناکۆکییەک نییە لەنێوان لیستی کوردستانیدا، وتی "وەکو لیستی کوردستانی هەستمان بەوەنەکردووە کەململانێ هەبێت لەنێوان یەکێتیو پارتیدا".



دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە سەدان پڕۆژە پەکدەخات

www.arshivakurd.org

# کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە براوەکان تائێستا بێئەنجامە

## گۆڕان تا سزای سیاسی لانەبردرێت هیچ بڕیارێک نادەن، یەکگرتووش مەرجی تری هەیە

گۆران وەهاب

کۆبوونەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە براوەکان بۆ پێکهێنانی یەک کوتلەو گوتارێکی کوردی لەبەغدا، تائێستا هیچ ئەنجامێکی ڕوونی نییەو پێناچێت هیچ ئەنجامێکی هەبێت، چونکە گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامی تائێستا پێشنیاری کاندیدکردنی تاڵەبانیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار قبوڵنەکردووە.

ئەگەرچی تائێستا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دوو کۆبوونەوەی لەگەڵ لیستە براوەکاندا ئەنجامداوە، بەڵام تائێستا کۆبوونەوەکان هیچ ئەنجامێکی ڕوونیان نییە، لەکۆبوونەوەی دوێنێشدا کەدووەم کۆبوونەوەبوو لایەنەکان لەسەر هیچ خاڵێکی دیاریکراو ڕێکنەکەوتوون.

نوێنەری لیستە براوەکانی کوردستان لەکۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆکی هەرێم لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتبوون کەوەکو پێشنیار بخرێتە بەردەم لیستە براوەکان، بەڵام دوای کۆبوونەوەکە هەریەکە لەیەکگرتووی ئیسلامیو بزووتنەوەی گۆڕان ناڕەزایی خۆیان لەسەر خاڵەکانی ئەو کۆبوونەوەیە دەربڕیو بەشێک لەخاڵەکانیان ڕەتکردەوە، لەکۆبوونەوەکەی دوێنێشدا تەنها بڕیار لەسەر دروستکردنی سێ لیژنە دراوە.

شۆڕش حاجی ئەندامی بەشداربووی لیستی گۆڕان لەکۆبوونەوەکەی دوێنێ سێشەممەدا، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمو لیستە براوەکان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "لەکۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەدەرەوەی پەرلەمانی عێراقو لیژنەیەک بۆ یەکگوتاری کورد لەبەغداد پێکهێنراوە". ئەگەرچی شۆڕش حاجی لەکۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەدا ڕایگەیاند لیستە براوەکان لەسەر چەند پێشنیارێک ڕێککەوتوون کەیەکێک لەو پێشنیارانە کاندیدکردنەوەی جەلال تاڵەبانییە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام هەمان ڕۆژ بزووتنەوەی گۆڕان لەزاری قادری حاجی عەلییەوە کەخۆشی بەشداربووی کۆبوونەوەکەبوو، ڕایگەیاند "ئێمە لەگەڵ کاندیدکردنەوەی تاڵەبانیدا نین".

لەدوای کۆبوونەوەی دووەمی لیستە براوەکان، شۆڕش حاجی وتی "سەرۆکی هەرێم لەبەردەم لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکەدا بەڵێنی نەهێشتنی سزای سیاسی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕانی خستووەتە ئەستۆی خۆی".

ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان وەک مەرجی سەرەکییان بەرازیبوون بەئەنجامی کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێم لابردنی سزای سیاسییە، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە.

دوای کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەی ڕابردووی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستەکاندا، مەسعود بارزانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند سەرجەم لیستە کوردستانییە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بەیەک کوتلە بچنە پەرلەمانی عێراقو تەئکیدی لەوەشکردەوە کەهەموویان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی "مام جەلال پاڵێوراوی خەڵکی کوردستان بێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق".

بەپێچەوانەی ئەو لێدوانەی سەرۆکی هەرێمەوە قادری حاجی عەلی سەرۆکی وەفدی گۆڕان بۆ کۆبوونەوەی لیستە براوەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بەکۆمپانیای وشە ڕایگەیاند "ئەوان چەندین تێبینیان لەسەر ڕۆڵی تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆمار خستووەتەڕوو کەنەیتوانیوە هاوسەنگی لەنێوان لایەنەکانی کوردستاندا بپارێزێت".

قادری حاجی عەلی وتی "مام جەلال گرنگی بەعەرەبو تورکمان زیاتر داوە وەک لەکورد، لەکوردستانیش هێندەی گرنگی بەحیزبەکەی داوە، هێندە گرنگی بەلایەنەکانی تر نەداوە".

ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات کەئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان بەمەرج بەشداری لەگەڵ لیستەکانی تردا دەکەنو وتی "ناکرێت لەکوردستان سزای سیاسییان بدرێتو لەبەغدادیش لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا یەک هەڵوێستبن".

بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت کەئەوان چاککردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستانو نەهێشتنی سزای سیاسی تاکە مەرجی جێبەجێکردنی خاڵو بەندەکانی ترە لەلای بزووتنەوەی گۆڕان، "چونکە ناکرێت لەکوردستان سزای سیاسی هەبێتو لەبەغدادیش یەک هەڵوێست بیت".


هاوکات ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێمو نوێنەری لیستە براوەکانی کوردستان، لەسەروتاری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا ئاماژە بەوەکراوە کەناکرێو ڕاست نییە کارکردن بۆ یەکخستنی هەڵوێستو گوتار لەبەغداد، هەر لەقۆناغی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەغدادەوە تادەگاتە سەر کاری دواتری پەرلەمانو حکومەتی عێراق.

لەسەروتاری کوردستانی نوێدا، هاتووە "بۆ هیچ لایەنێک لەو لایەنانەی کە لەپەرلەمانی بەغدادا نوێنەریان هەیە، نییە، وەک منەت یان سازشکردنێکی ناهاوسەنگ لێکبدرێتەوە.

لەبەشێکی تری ئەو سەروتارەی کوردستانی نوێدا هاتووە "لەڕاستیدا بارودۆخی کوردستان نائاسایی نییە تائاسایی بکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان هەندێ لایەنی سیاسیی کوردستان لەئەنجامی بارودۆخی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە وەک پێویست نییە کەڕەوتی کارکردنی هاوبەش لەبەغدا زەمانەتی ئەو دڕدۆنگیو نائاساییبوونەی پەیوەندیی نێوان ئەو هەندێ لایەنیش دەبێ".

لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتدا دەڵێت ئەوان لەبەغداد هاوکاری لیستی هاوپەیمانی ناکەن لەکاتێکدا ئەوان بەهۆی بیروبۆچوونی جیاوازو دەنگدان بەلیستەکەی ئەوان دژایەتی لایەنگرانیان دەکەنو لەکارەکانیان دوورخراونەتەوە.

نەوشیروان مستەفا وتی "لەهەرێمی کوردستان دەسەڵات بەدەست هاوپەیمانی کوردستانەوەیە، ئەو دەسەڵاتە لەماوەی دوو هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی عێراقدا، دەنگدەرانی لیستی گۆڕانیان ئازارداوەو سەدان کەس لەکارمەندانی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو پاسەوانی سنوور لەکارەکانیان دەرکراون، بۆیە بەڕاشکاوی پێمانوتوون ئێمە ناتوانین لەبەغدا هاوکارییان بکەین".


تائێستا لیستە کوردستانییەکان نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک

# ژمارەو دبلۆماسیەت.. کێ دەیباتەوە؟

## پێگەی کورد لەبەغداد لەنێوان ژمارەی کورسییەکانیو دبلۆماسییەتی سەرکردەکانیدا، دیار نییە

زانیار محەمەد لەسلێمانی

پێگەی سیاسی کورد لەپرۆسەی سیاسی عێراقی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ەوە کە ٥٧ کورسی لەکۆی ٣٢٥ کورسی پەرلەمانی عێراق بەدەستهێناوە، ڕای جیاوازی لەسەرە.

هەندێک لەسیاسەتمەداران پێیانوایە کەمی ژمارەی کورسییەکان، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پێگەی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا، بەڵام هەندێک لەسیاسەتمەدارانیش جەختدەکەنەوە کورد دەتوانێت بەڕێگەی دیبلۆماسییەکی بەهێز، قەرەبووی کەمی ژمارەی کورسییەکانی بکاتەوە.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە لە٧ی ئاداری ڕابوردوو ئەنجامدرا، هەر چوار لیستە کوردییەکەی براوەی هەڵبژاردن توانیان تەنیا ٥٧ کورسی بەدەستبهێنن، هاوپەیمانیی کوردستان ٤٣ کورسیو گۆڕان ٨ کورسیو یەکگرتووی ئیسلامی ٤ کورسیو کۆمەڵی ئیسلامیش ٢ کورسی.

چاودێرانی سیاسی ژمارەی کورسییە بەدەستهاتووەکانی لایەنە کوردییەکان بەکەم دەزانن، لەچاو کۆی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە خۆی دەدات لە٣٢٥ کورسی.

ئەوەش لەکاتێکدایە، لەپەرلەمانی پێشووی عێراقدا کە کۆی ژمارەی کورسییەکانی دەگەیشتە ٢٧٥ کورسی، کورد خاوەنی ٥٨ کورسی بوو. بەوەش ڕێژەی کورد لە٢١٪ەوە دابەزی بۆ ١٧٪ لەپەرلەمانی عێراقدا.

ڕەئوف عوسمان ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، پێیوایە ژمارەی کورسییە بەدەستهاتووەکانی کورد کەمە، ئەو پەرلەمانتارە هۆکاری کەمیی ژمارەی کورسییەکانی بۆ یاسای هەڵبژاردنو کارکردن بەفۆرمی خۆراک گێڕایەوە، چونکە بەبڕوای ناوبراو، کورد ستەمی لێکراوە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوەو حساب بۆ ژمارەی نوێی لەدایکبووانی کورد نەکراوە لەهەرێمی کوردستاندا. بەڵام عوسمان نیگەران نییە، دەڵێت کورد ئەگەر لەپەرلەمانی عێراقدا ڕێژەکەشی کەمبێت، دەبێت وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق مامەڵەبکات، وتی "دەبێت ڕەفتارو بڕیارەکان لەسەر بنەمای نەتەوەی دووەم بێت لەعێراقدا، نەک لەسەر بنەمای ٥٧ کورسی". ڕەئوف عوسمان ڕێککەوتنی سیاسی بەجێگرەوەی ئەو بۆشاییە دەزانێت کە کەمی کورسییەکانی کورد دروستیدەکات، ئاماژە بەوەدەدات "دەبێت ڕێککەوتنی سیاسی هەبێت لەسەر بنەمای نەتەوەیی، بۆئەوەی پێگەو قورسایی کورد کەمنەکات".

هەرچەندە چوار ساڵی ڕابوردووش ژمارەی کورسییەکانی کورد لەبەغدا هێندە زۆر نەبووە، بەڵام ڕەئوف عوسمان ئاشکرایدەکات "لەچوار ساڵی ڕابودوودا وەک یەکێک لەپێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق ڕەفتارمان کردووە، لەبەرئەوە هەرگیز نەمانهێشتووە بۆشایی کەمی کورسیمان پێوە دیاربێتو وەها دەرنەکەوتووین کە کورسیمان کەمە، بگرە قورساییو گرنگیمان هەبوو لەناو پەرلەماندا".

محەمەد ئەحمەد سەرۆکی پێشووی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت کەمی ژمارەی کورسییەکانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێدەچێت کاربکاتە سەر دەنگو پێگەی کورد.

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا پێیوایە کورد دەتوانێت قەرەبووی کەمی ژمارەی کورسییەکانی بکاتەوە، وتی "پێویستە دەستەوەستان نەبین، بگرە پێویستە بەدبلۆماسیەتێکی بەهێزەوە قەرەبووی کەمی ژمارەی کورسییەکان بکەینەوە، خۆمان بەنوێنەری مەسەلەی کورد بزانینو ئاشکرای بکەین کە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە لەبەرژەوەندی هەموو عێراقە".

سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق ئەوەشی وت "دەبێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانی عێراقی دەربخەین کە خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەواین، هەموو ڕێگەیەکی ڕەوا بگرینەبەر بۆ بەدەستهێنانو چەسپاندنی مافەکانمان".

لای خۆیەوە موحسین سەعدون کاندیدی دەرچووی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق پێیوایە یەک هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان، دەبێتە جێگرەوەی ئەو دۆخەی کە کورد خاوەنی ژمارەیەکی زۆری کورسی نییە.

سەعدون وتی ئەگەر ئێمە لەبەغدا یەک دەنگو یەک هەڵوێست بین، ئەوا کەمی ژمارەی کورسییەکان، هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر پێگەو قورسایی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا.

ئەو پەرلەمانتارە نەیشاردەوە کە لەپەرلەمانی عێراق بەرگری لەهەرێمی کوردستانو بودجەکەی دەکەنو ئاماژەی بەوەشدا ژمارەی کورسییەکانی کورد بەهۆی کورسیی کەمە نەتەوایەتییەکانی وەک یەزیدیو شەبەکەوە دەگاتە ٦٠ کورسی. بەڵام کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین پێیوایە بۆ کورد ژمارەی کورسی کاریگەریی گرنگی هەیە، بەتایبەت لەو بابەتانەی هێزە عەرەبییەکان یەک هەڵوێستن.

مەنتک ئاماژە بەوە دەدات "ئەگەر ژمارەی کورسییەکانیش کەمبێت، بەڵام ئەگەر نوێنەرەکانمان بەهێزبنو پرۆژەیاسای گرنگ بخەنە بەردەم پەرلەمانو دانوستاندنی سیاسی لەگەڵ لایەنو قەوارەکانی تردا ئەنجامبدەن بۆئەوەی دەنگ کۆبکەنەوەو بڕیارەکان لەبەرژەوەندی کورددا بێت، ئەوا مەترسی لەسەر کورد دروست نابێت". بەڵام ئەو مامۆستایە گومانی خۆی لەو بارەیەوە خستەڕوو، وتی "پێموایە ئەو کارە زۆر زەحمەتە". هەروەها وتی "خۆمان فریو دەدەین، ئەگەر پێمانوابێت ژمارەی کورسییەکان کاریگەریی نابێت".

بۆ گرنگی ژمارەی کورسی، ئەو مامۆستایە ئاماژە بەسیستمی پەرلەمانی دەکاتو ئاشکرایدەکات "لەهەموو سیستمێکی پەرلەمانیدا، بابەتەکان لەڕێگەی دەنگدانەوە لەناو پەرلەماندا یەکلادەکرێنەوە، بۆیە هەر پرۆژەیەک پێشکەشدەکرێت، دوای گفتوگۆی زۆر دەخرێتە دەنگدانەوەو لەوکاتەدا ژمارەی کورسییەکان گرنگییان دەردەکەوێت".

کامەران مەنتک دەڵێت بۆنمونە ئەگەر کورد بیەوێت پرۆژەیاسایەک لەپەرلەمان پەسەندبکرێت، پێویستی بەدەنگێکی زۆر هەیە کە ژمارەی کورسییەکانی کورد تەواوی ناکات.

هاوکات لەتیف مستەفا کاندیدی دەرچووی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق هاوڕای مامۆستاکەی زانکۆیەو ڕایگەیاند ژمارەی کورسییەکانی کورد، تا زیاتر بێت باشترە. لەتیف مستەفا کۆمەڵێک خاڵی گرنگتر دەخاتەڕوو، وەک لەزۆریی ژمارەی کورسییەکان.

بەبڕوای ئەو سێ خاڵی گرنگر هەیە کە "یەکەمیان دەبێت کورد بەژمارەی کورسی تەماشای خۆی نەکات، بگرە دەبێت وەک نەتەوەیەک لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا مامەڵەبکاتو بڵێت هاوبەشین لەم وڵاتەدا، خاڵی دووەمیش ئێمە هەرێمێکی یاساییمان هەیە کە هەرێمی کوردستانەو دان پێدانراوە، بۆیە لەسیستمی فیدراڵیدا ئەو هەرێمە قورسایی خۆی هەیە لەبڕیارەکاندا".

لەبارەی خاڵی سێیەمەوە پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ڕوونیکردەوە "کورد تاچەند لەناوخۆی هەرێمی کوردستان تەبا بێتو کرانەوەو لێبوردەیی هەبێت، ئەوا پێگەو قورسایی لەبەغدا زیاتر دەبێت". شێخ لەتیف وتی "نەبوونی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەڕێگەی ئاشتیانەو ڕێزنەگرتن لەمافی مرۆڤو ئۆپۆزیسیۆنو چەمکی هاووڵاتیو بنبڕنەکردنی گەندەڵی، زیاندەدات لەپێگەی کورد لەبەغدا". ناوبراو دەڵێت "پێگەی هەر قەوارەیەک لەناوخۆی خۆیدایە، ئێمەی کورد چەندە بچوکبین، ئەگەر لەناوخۆدا تەبابینو گەندەڵیو نادادپەروەری نەهێڵین، ئەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر بەهێزبوونمان لەبەغدا".


پێگەی کورد لەبەغداد پەیوەستە بەتەباییو دیبلۆماسییەتی لیستە کوردستانییەکان

# "لەکۆنگرە، تاوتوێی پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی دەکرێت"

## سەلام عەبدوڵڵا لێپرسراوی لقی چواری پارتی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**سەلام عەبدوڵڵا لێپرسراوی لقی چواری پارتی دەڵێت لەکۆنگرەی پارتیدا کە لەئەمساڵدا دەبەسترێت تاوتوێی مەسەلەی پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی دەکرێتو ئاماژە بەوەشدەکات کەپارتی بەتایبەت نێچیرڤان بارزانی، بەنیازی گۆڕانکاریکردنە، بەڵام "بەوشێوە دراماتیکیە نا کە لەناوچەی سلێمانیدا روویدا".**

................................

**دەستوور:** وەک پارتی لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینن؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** بەپێی ئەو کورسییانەی بەدەستمان هێناوە ئەنجامەکانمان پێباشە، لەپارێزگای سلێمانی خۆمان بەسەرکەوتوو دەزانین، لەکۆی هەشت کورسی سێ کورسیمان بەدەستهێناوە، رێژەیەکی باشە بۆ ئێمە، هەرچەندە پێشبینی زیاترماندەکرد، بەڵام لەگەڵئەوەشدا بەو ئەنجامە رازین، بەرەو پێشچوونو چەسپاندنی پارتی دەبینین لەناوچەی سلێمانیدا.

**دەستوور:** ئەو کاندیدانەی پارتی داینابوون کەمترین دەنگیان بەدەستهێنا، ئەگەر کۆتای ژنان نەبوایە، تەنها د.مەحمود عوسمان دەردەچوو، لەکاتێکدا ئەویش خەڵک وەک کەسێکی بێلایەن تەماشایاندەکرد، نەک وەک کاندیدی پارتی، بۆیە لایەنی تر دەنگی بەوداوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پارتی لەسلێمانی لەرووی رێکخستنەوە پاشەکشەیکردووە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** دەبێت سەیری ئەنجامەکان بکەیت، ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی ئێمە لەپارێزگای سلێمانی بوین بەخاوەنی سێ کورسی، راستە د.مەحمود عوسمان دەڵێت بێلایەنم، راستە بێلایەنیشە، بەڵام کێ دەنگی بۆ داوە، وەک لقی چوار نزیکەی شەش هەزار دەنگمان پێداوە، هەمووی دەنگی پارتییە، ئەو بەپشتگیریو پشتیوانی پارتی دەرچووە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەستنیشانکرابوو، ئاگاداریشکرابووینەوە هەموو پشتیوانییەکی لێبکەین، راستە د.مەحمود پیاوێکی سیاسیو ناسراوە لەسەر ئاستی ناوخۆیو نێودەوڵەتی، لەگەڵئەوەدا ئێمە پشتیوانییەکی زۆرمان لێکردووەو وەک کاندیدی خۆمان سەیری دەکەین.

**دەستوور:** پارتی لەم هەڵبژاردنەدا بە بەراورد بەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ نزیکەی ٥٠ هەزار دەنگی جیاوازە، لەکاتێکدا ئێوە دەڵێن رێکخستنەکانی پارتی لەسلێمانی لەگەشەکردندایە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** لەساڵی ٢٠٠٥دا پارتی ٩٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە، ئەمساڵ ٨٢ هەزارمان هێناوە، ئەمە دەنگدەرە، وەکو ئەندام زیادمانکردووە، لەو رۆژەوە هاتوینەتەوە سلێمانی بەئامار کە ساڵانە پێشکەشی مەکتەبی سیاسی دەکەین، ژمارەی ئەندامانمان زۆر زیادیکردووە، بەڵام دەنگدەر لەگەڵ ئەندامدا جیاوازە، مەرج نییە دەنگدەر پارتی بێت، دەنگدەر لەم رۆژەدا پارتی یان لایەنێکی تری دەوێت دەنگی پێدەدات، ئەمە مانای ئەوە نییە وەکو حیزب کەمتکردووە یان زیادتکردووە، ئەگەر بەوەبێت دەبێت هەموو حیزبێکی ئەم وڵاتانە لەپاشەکشەدابێت، وەکو وتم دەنگدەر مەرج نییە ئەندامی ئێمە بێت.

**دەستوور:** باسلەوەدەکەیت ژمارەی ئەندامەکانتان بە بەراورد بەژمارەی ئەو کەسانەی دەنگیان بەکاندیدەکانی ئێوەداوە زۆر زیادیکردووە، بەڵام ئەو ئەندامانەتان دەنگیان پێنەداونو ئینتیمایان بۆ ئێوە نەبووە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئێمە هەر یەک وڵاتینو یەک خەڵکمان هەیە، یەک میللەتین، ئەو دەنگانە لەهەر هەڵبژاردنێکدا دابەشدەبێت، جارێک یەکێتی زۆرینە دێنێت، یان رەوتێکی نوێ دێتەکایەوەو ئەو دەنگانە دێنێ، ئەو دەنگانە هی میللەتەکەیە، زۆر ئاساییە کە لایەنێک دەنگی زیاتر لەلایەنێکی تر بهێنێت، بەڵام وەک گەشەکردنی پارتی لەڕووی ئەندامو دۆستانو لایەنگرانەوە زیادیکردووە.

**دەستوور:** ماوەیەک پێش ئێستا لەلقی چوار بەشێک لەسەرکردەکانی پارتی کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ ئەوەی نووسینگەی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بکرێتەوە، هەرچەندە بیناش بۆ ئەو نوسینەگەیە کڕدران، بەڵام تائێستا ئەو نووسینگەیە نەکراوەتەوە، ئایا ئەمە پەیوەندی بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانو پاشەکشەی پارتییەوە نییە لەم سنوورە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، لەبەرئەوەی ئەم بڕیارانە پێش هەڵبژاردن دراون، تەنها مەسەلەی تەکنیکیە، ئەو بینایەی بۆ نووسینگەی مەکتەبی سیاسی کڕدراوە پێویستی بەنوێکردنەوە هەیە، چونکە ئەگەر هەیئەتێک بێتە ئێرە دەبێت شوێنێکی حەوانەوەمان هەبێت، مەسەلەکە تەنها تەکنیکیە، ئەگینا بڕیارەکان وەک خۆیەتیو ئەو برادەرانەش لەداهاتوویەکی نزیکدا دەوامیان لێرە دەستپێدەکات.

**دەستوور:** لەچەند رۆژی رابردوودا گۆڤاری گوڵان راپۆرتێکی لەسەر کابینەی شەشەمو خودی دکتۆر بەرهەم بڵاوکردەوەو هێرشیکی توندیکردە سەر د.بەرهەم، بەوەش جۆرێک لەگرژی لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبووە، لەم کاتەدا بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە بۆچی؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەم راپۆرتە نە بۆچوونی پارتییە، نە بۆچوونی سەرکردایەتی پارتی بووە، ئەم راپۆرتە راستە لەگۆڤارێکدا بڵاوکراوەتەوەو مەحسوم بووە لەسەر پارتی، بەڵام چ مەکتەبی سیاسیو چ کاک نێچیریش بەڕاشکاوی ئیدانەی ئەو راپۆرتەیانکرد، پشتیوانی خۆشیان بۆ د.بەرهەم دووپاتکردەوە، پێشموایە ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە پارتی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات.

**دەستوور:** بەڵام دەوترێت بەئاگاداری پارتی ئەو راپۆرتە بڵاوکراوەتەوە، لەبەرئەوەی گۆڤاری گوڵان پارتی دەریدەکاتو بەبێ ئاگاداری ئەوان ناتوانرێت دەست بۆ کارێکی لەو شێوەیە ببرێت؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوانە پڕوپاگەندەن، وادەزانن ئێمە حیزبێکی ستالینین، هەر وشەیەک بڵاودەکرێتەوە دەبێت لەسەرکردایەتییەوە دابڕێژرێتو بەسانسۆردا بڕوات، ئەوە ئەسڵو ئەساسی نییە، ئەمە قسەی رۆژنامەنووسەو رۆژنامەنووسیش بەکەیفی خۆی شت دەنوسێت، بەڵام کاتێک زانیت لادەداتو نووسینەکەی خزمەت ناکات دەبێت لەلایەن دەزگاکانی باڵای حیزبەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێتو ئیدانە بکرێت، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوەو نووسینگەی کاک نێچیرڤانو هەموو سەرکردایەتی پارتیشەوە ئیدانەی ئەو راپۆرتە کراوە، خودی د.بەرهەم سوپاسی کاک مەسعودو کاک نێچیرڤانی کردووە، ئیتر لەوە زیاتر چیبکەین، وەکو خۆم لایەنگری ئەو جۆرە نووسینو بەرەڵاییە لەنووسیدا نیم کەچوارچێوەی نەبێتو بەئارەزووی خۆت قسەبکەیت، بەئارەزوو نییە، دەبێت چوارچێوەیەکت هەبێت، دوورنییە لاسایی رۆژنامە ئەهلییەکانیشیان کردبێتەوە بۆ وروژاندنو راکێشانی سەرنجی خەڵک بوبێت تابیکڕن.

**دەستوور:** پارتی پێشتر رایگەیاند لەئەمساڵدا گۆنگرە دەبەستێت، بەڵام تائێستا دواکات بۆ بەستنی گۆنگرە دیارینەکراوە، بۆچی؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** کۆمەڵێک بیروبۆچوون هەیە، سەرجەمیان ئەوە دەگەیەنن کەئەمساڵ کۆنگرە دەبەسترێت، بەڵام دیاریکردنی رۆژەکەی کەی دەبێت، بۆچوونێک هەیە لەمانگی ١٠دا ببەسترێت، هەندێک دەڵێن دواتر بێت، کاک فازڵ میرانی باسیکرد وتی لەوانەیە لەمانگی پێنجدا یان لە١٦ی ئابدا ببەسترێت، ئەو ئەگەرانە هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەمساڵ کۆنگرە ببەسترێت.

**دەستوور:** ئەو هۆکارانەی وایکردووە کۆنگرە دوابکەوێت چییە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** هەمووی هۆکاری تەکنیکین، ئەم هەڵبژاردنانە وایکرد نەپەرژێیتە سەر ئەوەی خۆشت هەڵبژاردنێک بکەیت بۆ حیزبو کۆنگرە ببەستیت، پێموایە هۆکارەکەی تەنها ئەوەبووە، ئەنجامنەدانی کۆنگرەش لەم چەند ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی عێراقو نەڕەخسانی زەمینە، بەتایبەت پارتی کە سەرقاڵی دروستکردنەوەی حکومەتی عێراق بووە لەگەڵ هێزەکانی تردا، پارتی تەنها حیزب بووە توانیویەتی ١٢ کۆنگرە ببەستێت.

**دەستوور:** لەکۆنگرەدا هیچ گۆڕانکارییەک دەکرێت، بۆ نمونە مەسعود بارزانی لەیەککاتدا سەرۆکی پارتیو هەرێمە، خەڵک دەڵێت پێویستە مەسعود بارزانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پارتی ببێت، هیچ کەسێکی تر بۆ جێگای ئەو پێشنیارکراوە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەو مەسەلانە دەبێت بخرێتە بەردەم کۆنگرەو لەکۆنگرەدا بڕیاری لەسەر بدرێت، چونکە کۆنگرە لەناو حیزبدا باڵادەسترین دەسەڵاتە، کۆنگرە دەتوانێت سیاسەتی داهاتووی حیزب دابڕێژێت، بەتەئکید کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەکرێت، بەتایبەت لەپەیڕەو پرۆگرامدا کە پێش ١٢ ساڵ لەمەوبەر نووسراوەو پێویستی بەگۆڕان هەیە، بەڵام ئەندامانی کۆنگرە بڕیاردەدەن چ خاڵێک بگۆڕنو چ سیاسەتێک پەیڕەوبکرێت.

**دەستوور:** لەسەر دەستبەرداربوونی مەسعود بارزانی، پارتی لەناو خۆیدا هیچ پێشنیارێک یان باسی ئەو مەسەلەکراوە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوە دەبێت لەکۆنگرەدا بڕیاری لەسەر بدرێت ئایا چۆن چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکرێت، ئایا کەسێک بوو بەسەرۆکی هەرێم دەتوانێت سەرۆکی حیزبیش بێت، ئەوە لەناو کۆنگرەدا تاوتوێدەکرێتو بڕیاری لەسەر دەدرێت، پێموایە دەگونجێت، چونکە ئەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی چوار ساڵ بێت دەتوانێت ئەو چوار ساڵە جێگرێک بۆخۆی دابنێت، دوای چوار ساڵەکە کەپۆستەکەی نەما دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر پۆستەکەی پێشووی خۆی، بەڵام ئەمەش هەر بۆ کۆنگرە بەجێدەهێڵدرێت.

**دەستوور:** دوای کۆتاییهاتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت، مەسعود بارزانی، نێچیرڤانی وەک جێگری خۆی دەستنیشانکرد، بەڵام ئەو پۆستەکەی رەتکردەوە، دەوترێت ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کەنێچیرڤان بارزانی دەیەوێت پۆستی سەرۆکایەتی پارتی وەربگرێت؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەو نەیوتوە قبولم نییە، بەڵام جێگرێکی تر هەیە ئەویش کاک عەلی عەبدوڵڵایە کەسێکی تێکۆشەرەو مێژوویەکی زۆری لەناو پارتیدا هەیە، بەڵام پۆستەکەی لەلا ماوە، کاک نێچیر دەڵێ هەتا ئەو لەو پۆستەدا بێت من حەزناکەم رۆڵی ئەو پۆستە بگێرم، بەڵام کەی کۆنگرە بڕیاری لەسەردا ئەوکاتە وەریدەگرم.

**دەستوور:** باسلەوەدەکرێت کە نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت تا کۆنگرە ئەو پۆستە وەرنەگرێتو لەکۆنگرەدا پۆستی سەرۆکی پارتی وەربگرێت، بۆیە ئێستا پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی ناوێت؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەو مەسەلانە تەنها لەکۆنگرەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەگەر لەوێ بڕیاردرا کەسایەتییەک بکرێت بەسەرۆکی پارتی یان کەسێک خۆی هەڵبژێرێت بەتەئکید کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام ئەوەی تائێستا دیارە هیچ کەسێک مونافسی کاک مەسعود نییە واتە کاندیدێکی دیاربێت بۆ سەرۆکی پارتی، کەس ڤیتۆی لەسەر ئەوەنییە هەرکەسێک لەکۆنگرەدا خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرێت.

**دەستوور:** بەشێک لەچاودێران پێیانوایە رەتکردنەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی لەلایەن نێچیرڤانەوە پەیوەندی بەقوڵبوونەوەی کێشەکانی ناوخۆی پارتییەوە هەیە، ئەو دەیەوێت گۆڕانکاریو ریفۆرم بکات؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** کاک نێچیرڤان بەڕاشکاوی دەڵێت ئێمەش دەمانەوێت گۆڕان ببێت، بەڵام گۆڕان بەو شێوە دراماتیکیە نا کە لەناوچەی سلێمانیدا روویدا، ئێمەش دەمانەوێت گۆڕان ببێت، بەڵام چ جۆرە گۆڕانێک، گۆڕانێک لەناو گیانی حیزبدا، نەک لەدەرەوەی حیزبدا، هەموو کەسێک حەزدەکات حیزبەکەی بەرەو پێش بچێتو سیاسەتی نوێ دابڕێژێتو کۆمەڵێک بڕیاری گونجاو بدات، بەڵام گۆڕان لەدەرەوەی حیزب تائێستا لەلای پارتی دیاردەیەکی وا بوونی نییە.

**دەستوور:** مەسەلەیەکی تر بەشداریکردنی کوردە لەحکومەتی داهاتووی عێراقو گفتوگۆی لیستەکان بەردەوامە، بەڵام پارتی دەیەوێت کورد لەگەڵ لیستی عێراقیە هاوپەیمانێتی بکات، لەکاتێکدا بەلیستێکی بەعسی ناودەبرێتو یەکێتیش پێیوایە دەبێت لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانێتی بکرێت، باس لەوەدەکرێت ئەمەش پەیوەندی بەشکستی یەکێتییەوە هەیە بۆیە پارتی بەو جۆرە مامەڵە دەکات؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئەوە بۆچوونی رۆژنامەنووسانە کەوایلێکدەدەنەوە، بەڵام پارتی بەو شێوەیە شیناکاتەوە، سەرکردایەتی پارتیو کاک مەسعود بەشێوەیەکی تر لەمەسەلەکە دەڕوانن، پێموایە یەکێتیش هەر وابێت، لەو روانگەیەوە سەیری ئەو لیستانە دەکەین، کە ئەو لیستانە تا چەند پابەندن بەجێبەجێکردنی ئەو مادانەی تائێستا جێبەجێنەکراوە وەک مادەی ١٤٠و یاسای نەوتو گازو کێشەی ناوچەدابڕاوەکانو سنووری کوردستانو کۆمەڵێک مەسەلەی تر.

**دەستوور:** لەچەند رۆژی رابردوودا د.رۆژ وەک پارتی لەگەڵ ئوسامە نوجێفی سەرکردەی دیاری لیستی عێراقیەدا کۆبووەوە؟

**سەلام عەبدوڵڵا:** ئوسامە نوجێفی وەک پارێزگای نەینەوا لەگەڵ د. رۆژ دانیشتوە، کەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو جێگری سەرۆک وەزیرانە، وەک لیستی عێراقیە کە لەکۆمەڵێک کەسایەتی پێکهاتووە، سەرۆکی لیستەکەش د.ئەیاد عەلاویە کە هەڵوێستی هەبووە لەسەر مەسەلەکانمانو خۆی بەپشتیوانو پشتگیری زانیوەو لەگەڵ مام جەلالو کاک مەسعودا پەیوەندی دۆستانەیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئوسامە نوجێفی بەردەوام بێت لەسەر ئەو هەڵوێستانەی خۆیو دژایەتی راشکاوانەی کورد بکات بەتەئکید ئێمەش هەڵوێستمان دەبێت لەسەریو هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ناکەینو بۆ هیچ پۆستێکیش پشتیوانی ناکەین.


سەلام عەبدوڵڵا

> لەکۆنگرەی پارتی گۆڕانکاری روودەدات

> نێچیرڤان بارزانی نەیوتووە پۆستی جێگریم قبوڵ نییە

> کەس مونافسی کاك مەسعود نییە

> مەحمود عوسمان بەپشتگیریو پشتیوانی پارتی دەرچووە

# "هەڵبژاردن، هاتوهاواری حیزبەکانی لەسەر مەسەلەی بەشداری ژن لەسیاسەتدا بەدرۆختەوە"

## خانم رەحیم؛ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**خانم رەحیم چالاکوانی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیو بەڕێوبەری ڕێکخراوی ئاسوودە، پێیوایە لەکوردستانو عێراقدا کۆتای ژنان تەنها بۆ دەسەڵاتی تەشریعیە، نەک بۆ دەسەڵاتی تەنفیزیو ئەوەش دەڵێت کەحیزبەکان ژنان لەسەر بنەمای تواناو لێهاتویی هەڵنابژێرن.**


خانم ڕەحیم

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنی ٣/٧دا ژمارەیەکی بەرچاو لەژنان نەیانتوانی بگەنە پەرلەمان، بەشێکیشیان بەکۆتا گەیشتن، بەڕای تۆ هۆکار چییە؟

**خانم رەحیم:** سەبارەت بەگەیشتنو نەگەیشتنی ژنان بۆ پەرلەمان کە ژمارەیەکی زۆر بەشداریانکرد، لەبەرئەوەی کورسییەکانی کورد بەشێوەیەکی گشتی کەمبووەتەوە، لەهەڵبژاردنی پێشوودا کورد لەپلەی دووەمدا بوو، ئێستا لەپلەی چوارەمدایە، بەڵام لەسەر ئەوەی ژنان نەیانتوانیوە سەربکەون هەر کە باس لەوەکرا هەڵبژاردن بەلیستی کراوە یان داخراو بێت، بەشێوەیەکی گشتی لیستی کراوە لەبەرژەوەندی کۆتا نییە، کاتێک باسی لیستی کراوە دەکرا وەکو ژنان ئەو ترسەمان هەبوو کەلەوانەیە لەبەرژەوەندیمان نەبێت، نەک وەک ژنانیش، بەڵکو هەموو ئەو قەوارانەی لەپەرلەماندان، ئێستا زۆربەی ژنان دەنگێکی کەمیان هێناوەو ئەوەشی سەرکەوتووە بەکۆتا بووە، جێگەی داخە دەبوایە ژنان دەنگێکی زۆرتریان بەدەستبهێنایە، بەڵام زۆربەی پیاوەکانیش دەنگیان نەهێناوە، ئەوانەی دەنگیان هێناوە ژمارەیەکی زۆر کەمن، بۆچی ژنان نەیانتوانیوە دەنگبێنن، ئەمە شتێکی ترە، پێموایە کۆمەڵێک لایەن لەوە بەرپرسە نەک بەتەنها ژنان خۆیان یان ڕێکخراوەکانی ژنان.

**دەستوور:** سەبارەت بەهەرێمی کوردستان، رەنگە دۆخەکە جیاوازتر بێت، چونکە لەدوای ڕاپەڕینەوە مەیدانی بەرفراوان بۆ کارکردنی ژنان هاتە ئاراوە، ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخراوی ژنانو کۆمەڵگای مەدەنی دروستبوون، بەڵام دەبینین هێشتا ژنان نەیانتوانیوە متمانە بەدەسبهێنن؟ ئایا ئەو ڕێکخراوانە پێگەیەک نەبوون بۆ دروستکردنو پێگەیاندنی ژنانی سەرکردە؟

**خانم رەحیم:** بەشدارییپێکردنی ژنان پێویستی بەئیرادەی سیاسی هەیە، ئیرادەیەک لەپشتیەوە هەبێت کەبیەوێت بەشداری بەژنان بکات، بۆ بەشداری سیاسی ژنان دەبوایە دوو حیزبە باڵا دەستەکەی کوردستان دەستپیشخەربن لەوەدا، بەداخەوە ئەوان لەدوای ڕاپەڕینەوە نەیانتوانیوە رۆڵێکی کاریگەر بدەن بەژن، بۆیە دواتر ئەوەش رەنگی داوەتەوە، پرسیار لەلای خەڵک دروستبووە کەحیزبەکان لەبێباوەڕبوونیان بەوەی ژنان ناتوانن رۆڵ ببینن بۆیە رۆڵیان نادەنێ، راستە ڕێکخراو هەیەو ژنان رۆڵێیان بینیوە، بەڵام لەکارە مام ناوەندییەکاندا رۆڵیان بینیوە، لەوانەیە ئەرکی یەکێتی ژنانو ئافرەتان بێت ژنانی سەرکردە دروستبکەنو رۆڵیان هەبێت لەسەر فشار دروستکردن لەسەر حیزبەکانیان بۆ ئەوەی بزانن بۆچی بەشداری ژنان زیاتر ناکەن لەناو حیزبەکانیاندا، بەڵام بوونی ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانەی ئێستا هەیە ئەوەندەی کەتەرکیزیان لەسەر کاری کۆمەڵایەتیکردووە هێندە کاریان لەسەر ئەوە نەبووە بەشداری سیاسی ژن زیاد بکەن، ئەگەر ئێمە هەر هاوار بکەینو دەنگ بەرزبکەینەوەو بڵێین بەشداریمان دەوێت ئەگەر حیزبەکان قبوڵمان نەکەن، ئێمە چی بکەین؟ بەڕاستی لەناو حیزبەکاندا ژنانی کاراو بەتوانا هەیە، کە هیچ یەکێکیان هیچیان لەو پیاوانە کەمتر نییە کە لەمەکتەبی سیاسیەکاندان، بگرە ژنی تێدایە زۆر لەوانەش بەتواناترن، بەڵام حیزبەکان بەپلەی یەکەم لەوە بەرپرسیارن، ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بەحیزبەکان بەرپرسیاری دووەمن لەوەی نەیانتوانیوە ئەو فشارانە لەسەر ئەو پارتانە دروستبکەن کەئەوان کاریان بۆ دەکەن، دەبێت ژنان هەڵوەستەیەکیان هەبێت کە ئەو پرسیارانەی ئێستا دەکرێت بۆچی وابوو، بەلایەنی کەمەوە وەلامێکمان پێبێت تا بۆ چوار ساڵی تر خۆمان ئامادەبکەینو بەجۆرێکی تر بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەین.

**دەستوور:** زۆرجار ڕێکخراوەکانی ژنان دەڵێن حیزبەکان کچە شەهیدو کچی بەرپرسان دەکەنە پاڵێوراو، نەک ژنانی ناو ڕێکخراوەکان؟

**خانم رەحیم:** بەدڵنیایەوە ئەوە وایە، کاتێک قسەیان لەگەڵ دەکەیت دەڵێن زیاتر ئەولەویات بۆ ئەو کەسانەیە لەحیزبدا بەشدارن، پێموایە ئەوانەی ئێستا بەکۆتا دادەنرێن یان خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوانەش هەر لەلایەن پیاوانی حیزبەکانەوە دادەنرێن، کێشەکەمان لێرەدایە، لەسەر بنەمای کەفائەتو تواناو لێهاتووی ژنان هەڵنابژێرێت، تا ئەو ژنانە رۆڵ ببیننو نمونەیەکی باش بەخەڵک نیشاندەن، ژنمان زۆر کەمە ئەوانەی لەلایەن حیزبەکانەوە دانرابنو بەتوانای خۆیان بیسەلمێنن کە بەتوانان، ئەوانە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، لەبەرئەوەی کەسێک لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەت دادەنرێت، دواتر دەرئەنجامەکەی ئەوەیە نەتوانێت بەپێی پێویست رۆڵی خۆی ببینێت، ئەوەش بەجۆرێک لەجۆرەکان بەسلبی بەسەر ژناندا دەشکێتەوە، نەک ئەوەی بەتەنها خۆی نەیتوانیوە رۆڵی باش ببینێت، پێموایە تائێستاش حیزبەکان بەئارەزووی خۆیان خەڵک هەڵدەبژێرن نەک بەتەنها کەسوکاری شەهیدان.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن مەسەلەکە پەیوەندی بەئەدای ژنانەوە هەیە، دەرفەتی کارکردن هەیەو بواریشیان پێدراوە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن؟ بەڵام خۆیان لێهاتوو نین؟

**خانم رەحیم:** ئەوە بەهانەیەکی بێبنەمایە بەتەنها بۆ ئەوەیە بەشداری بەژنان نەکەن، ژن توانیویەتی لەزۆربەی زۆری ئەو کارانەی ئیشی تێدادەکات خۆی بسەلمێنێت، زۆربەی دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە ژن بەڕێوەیدەبات، لەهەموو عێراقدا ڕێژەی ژنان لەپیاوان زیاترە، هەر ئەو ژنانە بوون توانیان بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتییە بگرن، بەڵام کاتێک دێتە سەر دابەشکردنی دەسەڵات دەبێت پاساوت هەبێت بۆئەوەی دەسەڵاتەکەی پێبدەیت.

**دەستوور:** مەسەلەیەک هەیە دەڵێن هێشتا بەڕوونی نازانن چییان دەوێت، داخوازیەکانیان روون نین؟ یان لانیکەم کۆدەنگیان لەو بارەیەوە نییە؟

**خانم رەحیم:** ئەمە راستە، تائێستا لەکوردستاندا شتێک نییە بەناوی بزووتنەوەی ژنان،

> "حیزبەکان لەبێباوەڕبوونیان بەوەی ژنان ناتوانن رۆڵببینن، بۆیە رۆڵیان نادەنێ"

واتە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو بۆ ژنان، ئەوەش دەرەنجامی ئەو ململانێیانەی نێوان حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانو ئەو دەرنجامانەی لەشەڕی ناوخۆ ماوەتەوە، بەڕاستی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بەحیزب نەیانتوانیوە، تائێستاش لەسەر کەمینەیەک ڕێکبکەون، کەژن بەکاربهێنین یان ئافرەت، لەوەدا سەدلەسەد لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی نازانین چیمان دەوێت وانییە، بەڵکو یەکنین، لانیکەم دەزانن چیاندەوێت کەکۆمەڵێک خاڵی هاوبەش هەیە کاری لەسەر دەکەن ئەویش بەدیهێنانی یەکسانیو ئەو مافانەی لێیان زەوتکراوەو چاککردنی ئەو یاسایانەی لەبەرژەوەندی ژنان نییە، بەڵام گوتارێکی یەکگرتوومان نیە.

**دەستوور:** بۆچی هەمیشە نەریتی کۆمەڵگاو کلتور تۆمەتبار دەکرێن، بۆچی ١٩ ساڵە ئەم ڕێکخراو و ئەم ژنانە نەیانتوانیوە بەشێک لەو کلتورو نەریتە بگۆڕنو بڕوا بەخەڵک بهێنن، کە ژنانیش توانای سەرکردایەتیان هەیە؟

**خانم رەحیم:** مەسەلەی گۆڕانکاری کلتورو عەقڵەیەتو ئەوەی کەکلتورێک بگۆڕیت کەسەدان ساڵە چەق بەستوو بووە، شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بەتەنها ژنیش بەرپرسیارنین لەمەسەلەی گۆڕینی کۆمەڵگادا، چونکە کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنیش هەیە کە بەتەنها ژن لێی بەرپرس نییە، بەڵکو پیاویش لێی بەرپرسە، هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرپرسین لەوەی بتوانین ئەم کۆمەڵگایەی خۆمان بکەین بەکۆمەڵگایەکی مەدەنیو یەکسانی، بەڵام گۆڕانکاری لەڕووی گۆڕینی کلتوری رۆشنبیرییەوە کاتی دەوێت، ١٢ ساڵ پێوەر نییە بۆ ئەوەی بتوانیت کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵگای مەدەنی لەبارودۆخی ساڵانی پێشووی کوردستاندا بەراوردبکەیت بەوەی بزانیت توانیویانە گۆڕانکاری بکەن یان نا، لەبەرئەوە مەسەلەی گۆڕانکاری کەشە سیاسیو ئابوریيەکە لەبار بێت زۆر ئاسانترە وەک ئەو بارودۆخەی ئێمەی تێداین.

**دەستوور:** پێتوایە ئەم هەڵبژارنە ئەوەی سەلماند بوونی ئەو ڕێکخراوانە زیادەن؟ چونکە وەک دەڵێن دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ بێبەرهەم بوون.

**خانم رەحیم:** ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە، چونکە ئەو ڕێکخراوانە کاریان ئەوە نەبووە ئیش بۆ بەشداری ژن لەسیاسەتدا بکەن، مەسەلەی ژن لەبەشداری سیاسیدا تێگەیشتنی رادەی سیاسیە، ئەو ڕێکخراوانە زیاتر ڕێکخراوی کۆمەڵایەتین، کاری کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەو بۆشایانەی لەناو کۆمەڵگا دروستدەبێت، یان ئەو شوێنانەی حکومەت دەستی پێناگات ئەم ڕێکخراوانە دەبنە بازنەی گەیاندن لەنێوان حکومەتو ئەو شوێنانەدا، ڕێکخراو هەیە ناوی خۆی دەنێت بەشداری کاری سیاسی بکات، بەڵام لەکوردستاندا زۆر کەم ڕێکخراوی لەو شێوەیەمان هەیە، ئەوان بەرپرسیارنین، ئەو ڕێکخراوانە لەگەورەوە بۆ بچوک سەر بەحیزبەکانن، لەئەوان بپرسن، ئێمە ریکخراوێکین کار بۆ ئەو ژنانە دەکەین کەهەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە بیانپارێزین، کاری ئێمە نییە ئیش بۆ ئەوە بکەین، کاری ڕێکخراوەکان جیاوازە، ئەمە دەبێتە سەرنجێک کەئەو هەموو هاتوهاوارەی لەم چەند ساڵەی دوایدا لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە لەسەر مەسەلەی بەشداری ژن لەسیاسەتدا کراوە ئەمە ئەوەی بەدرۆخستەوە، پێموایە ئەگەر مەسەلەی کۆتا نەبێت کە لەعێراقدا جێگیرکراوە ئەو ژنانەی ئێستا سەرکەوتن، ئەوانەش سەرناکەوتن، ئەگەر لەبەر کۆتاکە نەبوایە حیزبەکان لەبەرخاتری ئەوەیان نییە کەپێیان گرنگە ژن هەبێت، لەبەر ئەوەیە کۆتا هەیەو دەبێت سەریانبخەن.

**دەستوور:** هەندێک رایانوایە کەڕێکخراوەکان کەزۆرینەیان وابەستەی حیزبن زیادەن، بەڵکو لەو بوارەدا کەمپینو گروپ پێویستن، نەک ڕێکخراو؟ بۆ پیشتگیری بۆچوونەکەشیان دەڵێن ڕێکخراوەکانی ژنان، ژنانی تەمەڵو چاو لەدەستی پیاو دروستدەکات، بەڵام کەمپین ژنانی چالاک دەهێنتە مەیدانەکەوە.

**خانم رەحیم:** ئەو ڕێکخراوانەی سەربەخۆنو بێلایەن کاردەکەن لەکوردستاندا زۆرکەمن، ئەمەش لەتێنەگەیشتنی حکومەتەوە لەرۆڵی ڕێکخراوەکانی مەدەنی، حکومەت زۆرجار رۆڵی خۆی نازانێتو رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێت، ئەگەر ئەو رۆڵەش نەبینێت، دەیەوێت قۆرغی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، رەنگە ئەمە تارادەیەک پەیوەندی بەحکومەتیشەوە نەبێت هێندەی پەیوەندی بەتاکەکانی نێو حیزبەکانی حکومەتەوە هەیە، هەر کەسێک یان لێپرسراوێک هەڵدەستێتو ڕێکخراوێک دروستدەکاتو ناوی دەنێت کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام بەدرێژای کات دەردەکەوێت کام ڕێکخراو کاری بۆ بەرژەوەندیو ئایدۆلۆژیەتی حیزب دەکات.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن دانانی ٢٥٪ لەکورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ ژنان، داننانە بەلاوازی ژنان، ئایا ژنان هەمان هەستیان هەیە کە بەزۆر جێگەیان دەکرێتەوە، بۆ نمونە دەڵێن با ژنان لەڕێگەی بەشداری سیاسیو چالاکی خۆیانەوە متمانە بەدەستبهێنن، ئەوکاتە ڕێژەکە ئەگەر ٥٪ یان ٥٠٪ بێت کێشە نییە؟

**خانم رەحیم:** مەسەلەی کۆتا پێیدەوترێت جیاکاری ئەرێنی، واتە ئەو توێژەرانەی لەناو کۆمەڵگادا پەراوێزخراونو بواریان پێنادرێت بەشداریبکەن، مەسەلەی ژنیش بەتەنها لەکوردستاندا نییە، بەڵکو ئەوە لەهەموو دنیاشدا وایە، بۆیە هەوڵدەدرێت ئەو کۆتاییە بسەپێنرێت وەک تەمیزێکی ئیجابی، بۆ ئەوەی گەرەنتی کەمترین بەشداری ژنان مسۆگەر بکرێت، بەڵام مەسەلەی کۆتا پێویستییەکی حەتمییەو وەک جیاکاریی پێویستە بۆ زەمانەتی ڕێژەی ژنان لەناو پەرلەماندا، لەحکومەتیش، بەڵام بەداخەوە ئێمە کۆتاکەمان هەر بۆ دەسەڵاتی تەشریعیە، بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی نییە.

> "ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بەحیزبەکان بەرپرسیارن لەوەی نەیانتوانیوە فشار دروستبکەن"

> "ڕێکخراوەکانی سەر بەحیزب نەیانتوانیوە، تائێستاش لەسەر کەمینەیەك ڕێکبکەون"

www.arsivakurdi.org

# حکومەتی داهاتوو تەوافوقی نیشتمانی دەبێت

## ئاریان محەمەد عەلی مامۆستای زانکۆی سلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**مامۆستایەکی زانکۆ کە پسپۆری دەستووریی فیدراڵییە لەزانکۆی سلێمانی پێی وایە بەهۆی سروشتی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی عێراق، حکومەت لەم قۆناغەداو رەنگە لەقۆناغەکانی تریشدا تەوافوقی بێت.**

**لە چاوپێکەوتنێکدا ئاریان محەمەد عەلی عەباس بەرۆژنامەی دەستووری وت: "سیستمی هەڵبژاردن بەشێوەیەکە، هەر هێزەو بەقەد قورسایی خۆی کورسی لەپەرلەمان دەباتەوەو مەرج نییە ئەو هێزەی زۆرینەی کورسییەکان لەهەڵبژاردندا بباتەوە ببێتە زۆرینە لەناو پەرلەماندا". باسیش لەوەدەکات کە چەند خاڵێکی دژ بەیەک لەو مەسەلەیەدا هەیە وەکو ئەوەی لەکاتێکدا هەڵبژاردنەکەی مانگی رابردوو بۆ پێکهێنانی پەرلەمانە، بەڵام ئێستا تەنیا قسە لەسەرپێکهێنانی حکومەت دەکرێت، واتە رۆڵی پەرلەمان لاوازە.**


ئاریان محەمەد

**دەستوور:** وەکو دەزانرێت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی رۆژی ٧ی ئادار، هیچکام لەلیستەکان دەنگی پێویستی نەهێناوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەرای تۆ سیناریۆی پێکهێنانی حکومەت چۆن دەبێت؟

**ئاریان محەمەد عەلی:** پێکهێنانی حکومەت لەعێراقدا دوو رەهەندی هەیە، رەهەندێکیان یاساییو دەستوورییە، رەهەندێکیان سیاسییو واقیعییە.

هەندێک خاڵی بەیەککەیشتن هەیە لەنێوان ئەم دوو رەهەندەدا، ئەویش ئەوەیە کە بەشێک لەو رێسایانەی لەدەستووری عێراقدا هەنو تایبەتن بەرێکخستنی حکومەت دەتوانێت بوارە سیاسییەکەش رێکبخات، بەو مانایەی کە دەستووری عێراقی چەند رێسایەکی تێدایە پێکهێنانی حکومەت لەم قۆناغەو چەند قۆناغێکی تری داهاتوویشدا بەرەو حکومەتێکی تەوافوقی دەبات. هەرچەندە ئەو رێسایانە زۆر روون نین، بەڵام سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی عێراق بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات بەحوکمی ئەوەی هیچ هێزێک لەعێراقدا ناتوانێت زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێتو سیستمی هەڵبژاردنەکەش بەو شێوەیەیە هەر هێزەو بەقەد قورسایی خۆی دەتوانێت کورسی پەرلەمان بباتەوە، ناچار هێزە عێراقییەکان پەنادەبەنە بەر ئیئتلافو تەوافوقسازی سیاسیی یان دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ دروستکردنی حکومەت.

لەواقیعی سیاسیشدا ئەوەی لەگوتاری سیاسیی زۆربەی هێزەکاندا دەبینرێت ئەوەیە کەحکومەتی داهاتووی عێراق، حکومەتێکی تەوافوقی دەبێت، هەرچەندە هەندێک کێشەی لێدەکەوێتەوە بەتایبەتی لەقۆناغی ئێستای عێراقدا، ئەویش لاوازکردنی رۆڵی پەرلەمانە لەچاودێریکردنی حکومەت، واتە لاوازکردنی رۆڵی پەرلەمان لەژیانی سیاسیدا بەحوکمی ئەوەی هێزە سیاسییەکان زیاتر خەمی ئەوەیان هەیە چۆن پۆستو کورسییەکان لەنێوان خۆیاندا بەشبکەن وەک لەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لەقۆناغی گواستنەوەی عێراق لەسیسستمێکی نادیموکراتی بەرەو دیموکراتی، واتە ئەوەی ئێستا دەخرێتەڕوو ئەوەیە حکومەتێکی ئیئتلافی لەنێوان چوار هێزە سەرەکییەکە دروستببێت کە بریتین لەلیستی ئەلعێراقیە، دەوڵەتی یاسا، ئیئتلافی نیشتمانیو هاوپەیمانی کوردستانی.

**دەستوور:** باسی رەهەندی دەستووریت کرد، هەر لەئێستاوە ناکۆکی هەیە لەسەرئەوەی بەپێی دەستوور کام لیست حکومەت پێکدەهێنێت، ئەوەی لەهەڵبژاردندا زۆرترین کورسی دەباتەوە یان ئەو لایەنەی دەتوانێت هاوپەیمانێتی پێکبهێنێتو زۆرترینی کورسی ناو پەرلەمان مسۆگەر دەکات، ئایا ئەو ناکۆکییە کاریگەریی چی دەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت؟

**ئاریان محەمەد عەلی:** بەرای من زەقکردنەوەی ئەو بابەتە بازدانێکی سیاسییەو لەکاتی راگەیاندنی هەندێک لەئەنجامەکانی هەڵبژاردندا تەنانەت ئێمە لەزاری کاندیدەکانی دەوڵەتی یاساشەوە گوێبیستی ئەوە دەبووین کە حکومەت لیستی براوە لەهەڵبژاردندا پێکی دەهێنێتو بەگوێرەی دەستوور بەو شێوەیەیە، بەڵام دوای ئەوەی ئەنجامەکان راگەیاندران ئەم شتە لای ئەو لیستە پێچەوانە بووەتەوەو سەرۆک وەزیران داوایکرد شیکردنەوەی دادگای دەستووری بۆ ئەو مەسەلەیە چییە، وەڵامی دادگاکەش بەو شێوەیەیە کە گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمانە، نەک لیستی یەکەمی هەڵبژاردن، ئەمەش کێشە بۆ هەندێک لەلایەنە سیاسییەکان دروستدەکات بەو مانایەی تائێستا دەستوور ئەو شتەی رووننەکردووەتەوەو هەروەکو پێشتریش باسمان کرد سروشتی کۆمەڵایەتیو سیاسی پێکهاتەکانی عێراق ئەوەیە کە بەقەد قورسایی خۆیان نوێنەریان لەپەرلەماندا دەبێت، وەکو بەریتانیا نییە کەسیستمەکە زۆرینەیەو سیستمی حیزبایەتییەکەش دوو حیزبەو کامیان لەهەڵبژاردندا زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا خۆی حکومەت پێکدەهێنێت لەبەرئەوەی خۆی زۆرینەیە لەپەرلەماندا، بەڵام لەعێراقدا کێشەکە ئەوەیە، دەکرێت لیستێک لەهەڵبژاردندا زۆرینە بەدەستبهێنێت، بەڵام لەوەناچێت لەپەرلەماندا زۆرینە بێت.

وروژاندنی ئەو مەسەلەیە مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیەو دەکرا کێشەکە لەدەرەوەی مەسەلە دەستوورییەکەوە چارەسەربکرێت بەو مانایەی گوێ بەوەنادرێت دەستوور چی دەڵێت، هەرچەند واخرابووەڕوو کە مەسەلەیەکی یاساییەو پابەندبوون بەدەستووروو لەو چوارچێوەیەدا باس دەکرا.

ئەم مەسەلەیە چەند بنەمایەکی هەیە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەقامگیرییەکی سیاسیی لەعێراقدا دروستبکەین بەڕاستی دەبێت لیستەکەی عەلاویو لیستەکەی مالیکیو کورد حکومەت پێکبهێننو بەو پێیە نوێنەرایەتی باکورو ناوەڕاستو باشوور دەکەن، لەهەموو بارێکدا دەبێت، حکومەتەکە تەوافوقی بێت بۆ هێنانەکایەی سەقامگیرییەکی سیاسیی.

هەر لەو چوارچێوەیەدا کێشەیەکی تر هاتووەتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە هیچ هێزێکی سیاسیی نایەوێت ببێتە ئۆپۆزیسیۆنو هەموویان چاویان لەوەیە چۆن دەستکەوتەکانی دەسەڵاتو پۆستەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن، ئەمە خاڵێکی دژبەیەکە.

لەلایەکی ترەوە، خاڵێکی تری دژبەیەک هەیە ئەوەیە وەکو دەزانین ئەو هەڵبژاردنەی کراوە، هەڵبژاردنێکی پەرلەمانییەو هەڵبژاردنە بۆ دروستکردنی پەرلەمانو هەروەها دروستکردنی حکومەت، بەڵام ئەوەندەی لەگوتاری سیاسیدا باسی پۆستی سەرۆکی حکومەت دەکرێت ئەوەندە قسە لەسەر رۆڵی پەرلەمان ناکرێت، هەرچەندە لەدەستووردا پەرلەمان باڵادەستە، بەڵام لەواقیعی سیاسیدا دەبینین ئەوە حکومەتە تەحەکوم بەپەرلەمانەوە دەکاتو بەتایبەتیش بەدیوە تەوافوقیەکەیداو بەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی لەئێستادا هەیەو لەو قۆناغە گواستنەوەیەی هەیە دەبینین پەرلەمان رۆڵێکی کەمتری لەژیانی سیاسیدا هەیە.

**دەستوور:** باسی حکومەتی تەوافوقیت کرد، بەرای تۆ چانسی مالیکی یان عەلاوی کامیان زیاترە بۆ پێکهێنانی حکومەت؟

**ئاریان محەمەد عەلی:** من ناتوانم بڵێم چانسی کامیان زیاترە، دەتوانم پێت بڵێم دەکرێت ئەو مەسەلەیە بەپاڵاوتنی کەسێکی تر چارەسەربکرێت، نە عەلاوی بێت نە مالیکی، بەڵکو کەسێکی تر بێت، ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکان قسە لەسەر حکومەتی تەوافوقسازی دەکەن دەکرێت پاڵێوراوێکی تر دەستنیشان بکرێت وەکو چۆن لە٢٠٠٥ ئەم حاڵەتە هەبوو مالیکی پاڵێوراوی چارەسەرکردن بوو دەکرێت لەئێستاشدا کێشەیەکی لەو شێوەیە بەو جۆرە چارەسەربکرێتو پەلەبکرێت لەپێکهێنانی حکومەت، چونکە هەر دواکەوتنێک لەپێکهێنانی حکومەتدا رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکاتو ئێستا کار بۆ تێکەڵکردنی کارتەکان دەکرێت، تیرۆرکردنو تەقینەوەکانو کوشتنو بڕین مەسەلەکان بەرەو ئاقارێکی تر دەبات، هێزە سیاسییەکان لەگفتوگۆی سیاسیو پێکهێنانی حکومەت دووردەخاتەوەو بژارەی تر دەخاتەڕوو، ئەوەش مانای وایە سەقامگیریی سیاسی بەرەو ئاقارێکی تر دەڕواتو خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ترە.

لێرەشدا ئەو مەسەلەیە دوورابییەکی تر وەردەگرێت کە دەستوەردانی وڵاتانی ئیقلیمیو ئەمریکایە لەپێکهێنانی حکومەتدا، ئەگەر بیانەوێت حکومەتێکی سەقامگیر دروستبکرێت، ئەوا کێشەکان چارەسەردەبن، بەڵام ئەگەر بیانەوێت رەوشەکە بەئاقارێکی تر بڕوات ئەوا پێکهێنانی حکومەتیش سەقامگیریی سیاسی لەچوار ساڵی ئایندەدا لێناکەوێتەوە.

کێشەکی تر رەنگە ئەوەبێت کەئەمریکا دوورکەوتبێتەوە لەوگوتارەی بیەوێت دیموکراسی بچەسپێنێت بەقەد ئەوەی بیەوێت سەقامگیریی سیاسیو ئەمنی بچەسپێنێتو خەمی ئەوەی نەماوە ئەم وڵاتە بەرەو دیموکراسیەت هەنگاو بنێت.

**دەستوور:** لەکاتێکدا باس لەوەدەکرێت وڵاتانی عەرەبیو تورکیا لەپشت عەلاوییەوەنو ئێرانیش پشتیوانی لەمالیکی دەکات، بەڕای تۆ ئەمریکا پشتیوانی لەکام لایەن دەکاتو دەیەوێت کێ ببێتە سەرۆکی حکومەتی داهاتوو؟

**ئاریان محەمەد عەلی:** ئەگەرچی ئەمریکا رایگەیاندوە کەپشتگیریی لەهیچ لایەنێک ناکات، بەڵام وادەردەکەوێت کەپشتگیریی لەعەلاویو لیستەکەی دەکات، بەحوکمی ئەوەی ئێران پشتگیریی لەهەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانێتی نیشتمانی دەکات.

مەسەلەیەکی تریش هەیە ئەوەیە کە رەوتی سەدر لەهاوپەیمانێتی نیشتمانی هێزی یەکلاکەرەوە دەبێتو زۆرینەی کورسییەکانی ئەو هاوپەیمانێتییەیان بەدەستهێناوەو تێبینییان لەسەر هەردوو لایەنەکە هەیە، بەتایبەتی لەسەر مالیکی سەرنجییان زۆرە، لەو بارەدا ئەگەر لیستی هاوپەیمانێتی نیشتمانی رازی بێت پۆستی سەرۆک وەزیران بدرێت بەدەوڵەتی یاسا، ئەوا مالیکی نابێت لەبەرئەوەی سەدرییەکان بەمالیکی رازی نابن، راپرسیەکەیشیان بۆئەوەیە بەقورساییەکی تر بێنەوە مەیدانو بڵێن پاڵێوراوی ئێمە بۆ ئەو پۆستە ئەم کەسەیەو ئێمە پشتگیریی لەو دەکەین.

**دەستوور:** بەپێچەوانەی ئەوەی بیری لێدەکرایەوە کە بەروخانی سەدام کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغداد چارەسەربکرێن، بەڵام ئێستا کێشەی پێشمەرگەو ئایندەی گرێبەستەکانی نەوتیشی چووەتەسەر، ئایا لەماوەی چوارساڵی داهاتوودا تا چەند ئەگەر هەیە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ناوەندو کورد چارەسەر بکرێن؟

**ئاریان محەمەد عەلی:** بەرای من لەو گفتوگۆیانەی ئێستا لەبارەی حکومەتەوە دەکرێن، ئێمە دەتوانین چەند هەنگاوێک بەو ئاراستەیە بنێین هەرچەندە ئەو مەسەلەیە تا رادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەهەنگاوەکانی حکومەت لەچوارساڵی داهاتوودا، لەو رووەوە لەگفتوگۆکانی ئەوەی ناودەنرێت "فراکسیۆنی کوردی"، هاوپەیمانی کوردستانیو لیستە کوردییە براوەکانی تر دەتوانن بەشێکی ئەو کێشانە یەکلایی بکەنەوە بەوەی بەرنامەی حکومەت لەچوارساڵی داهاتوودا چی دەبێت بۆ چارەسەرکردنیان، بەشێکیشی پەیوەستە بەچالاکی نوێنەرەکانمان لەبەغداو نەک بەتەنیا ئەوان، هەڵوێستی رای گشتی کورد، هەڵوێستی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەڵوێستی دامەزراوە دەستوورییەکان لەهەرێمی کوردستان، هەڵوێستی ئەو کەسە کوردانەی پۆستی سیادی لەعێراقدا وەردەگرن، چ وەزیر بێت، چ جێگری سەرۆکی وەزیران بێت، چ سەرۆک کۆمار بێت، بەڕاستی دەبێت هەڵوێستەکان شێوەیەک لەتەواوکاریی سیاسییان پێوەدیاربێت نەک لەسەر شانی کەسێکو دوو کەس بێت، ئەگەر ئێمە ئەو مەسەلانە بەمەسەلەی یاساییو دەستووری خۆمانی دەزانین، لەو قەناعەتەشداین کە دەتوانین پارێزگاری لەسەربەخۆییە دەستوورییەکانمان بکەین لەرێی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەوە، بەڕاستی دەبێت هەمووومان داکۆکییان لێبکەین چ وەکو تاکی کوردی چ هێزە سیاسییەکان، چ دامەزراوەکانی هەرێم، چ نوێنەرەکانی کورد لەبەغداد، ئەوکاتە دەتوانین کاریگەریمان هەبێت لەسەر بڕیاری حکومەتی عێراقو بەرەو ئەو ئاراستەیەی بەرین کە لەچارەسەرکردنی کێشەکان نزیکدەبێتەوە.

---

### درێژە

٣- کە بەڕای ئەو کەناڵانەی راگەیاندن قورسترینیانە، بریتیە لە حکومەتێک کە لەهاوپەیمانێتیی دووان لەچوار لیستە گەورەکە، واتە راسپاردنی مالیکی یان عەلاوی یاخود عادل عەبدولمەهدی بەپێکهێنانی حکومەتو ئەو دوو لیستەیشی بەشداریی ناکەن دەتوانن ببنە ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەماندا.

ئاژانسەکانی هەواڵ ئاماژە بۆئەوەدەکەن کە گەورەترین کێشە لەمەسەلەی جێبەجێکردنی یەکێک لەم سیناریۆیانە نەبوونی متمانەیە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق بەجۆرێک ئەگەر پێکهاتەیەک بەشداریی لەحکومەتدا نەکرد رەنگە ببێتەهۆی ئاڵۆزکردنی رەوشەکەو دەستوەردانی زیاتری ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەمەسەلەی عێراقدا. باس لەوەش دەکەن، کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆخۆی سیناریۆی بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان دەسەپێنێت، لەبەرئەوەی لەکاتێکدا مالیکی لەزۆربەی پارێزگا شیعەنشینەکانی باشوور یەکەم بووە کەچی لەپارێزگا سوننەنشینەکانی ناوەڕاستو خۆرئاوا ئەو ئەنجامەی بەدەستنەهێناوەو لەپارێزگاکانی کوردستانیش تەنیا چەند لیستێکی کوردی دەنگی پێویستی بەدەستهێناوە. لەبەرامبەردا عەلاویش لەپارێزگاکانی باشوور ئەنجامێکی باشی بەدەستنەهێناوەو لەدوای دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانێتی نیشتمانییەوە بووەو لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش دەنگی بەدەستنەهێناوە.

**٤ بژارە بۆ پێکهێنانی حکومەت.**

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی ٤ بژارە (خیار) هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت کەئەوانیش بریتین لە:

-پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی کە سەرجەم لیستە براوەکان لەخۆبگرێت.

-هەوڵدانی مالیکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی لیستەکەی عەلاوی، لەڕێی پێدانی پۆستی حکومی بەسەرانی عەرەبی سوننەو بوژانەوەی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ کوردو حیزبە شیعەکانی ترو دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی ساڵی ٢٠٠٦.

-هەوڵدانی عەلاوی بۆ راکێشانی کوردو حیزبە شیعەکان بەلای خۆیداو دوورخستنەوەی مالیکی لەحکومەت.

-هاوپەیمانێتیی نێوان هاوپەیمانێتیی نیشتمانی عێراقو هاوپەیمانی کوردستانیو بەشێک لەگروپەکانی ناو لیستی ئەلعێراقیەو ناچارکردنی مالیکی بەوەی دەستبەرداری پۆستی سەرۆک وەزیران بێت، لەم بارەشدا یان جەعفەری یان عادل عەبدولمەهدی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت وەردەگرن.

**رۆڵی ئەمریکاو وڵاتانی دەوروبەر**

بەگوێرەی چاودێران، ناسنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەدیاریکردنی ئاڕاستەی ئەم وڵاتە لەهەنگاونان بەرەو دیموکراسی یان گەڕانەوە بەرەو دواوە بەجۆرێک ئەم وڵاتە ببێتە فاکتەرێکی گەورەی نائارامی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاوکات پێکهێنانی ئەم حکومەتە لەکاتێکدایە کەبڕیارە دوای چەند مانگێکی تر ئەمریکا دەستبکات بەپاشەکشە لەعێراقو تاکۆتایی ٢٠١١ سەرجەم هێزە جەنگییەکانی بکێشێتەوە، ئەمەش هەلێک بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی ئێران دەرەخسێنێت تا زیاتر نفوزی خۆی لەعێراقدا بەهێز بکات. جەمال خەرسان کە نووسەرێکی عێراقییە دەڵێت: لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی رەسمی هەڵبژاردن، گۆڕەپانی عێراق جموجوڵێکی گەورەی لایەنە سەرەکییەکانو پەیوەندییان بەوڵاتانی دەوروبەرەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

ئاماژەی بەوەشداوە لەحکومەتی داهاتوودا هاوپەیمانەکانی ئێران کە بریتین لەهاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراق بە تا یبه تی



ئەنجومەنی باڵاو رەوتی سەدرو لەلایەکی ترەوە هاوپەیمانی سعودیەکان کە لیستی ئەلعێراقییەن بەدڵنیاییەوە بەشداریی لەحکومەتدا دەکەن.

باسی لەوەشکردوە، ئەمریکا نایەوێت کەسێکی خاوەن جەماوەریی وەکو مالیکی کە ٦٢٢٩٦١ دەنگی بەدەستهێناوە فەرامۆش بکات بۆیە لەگەڵ ئەوەیە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی پێکبهێنرێتو هەر چوار لایەنە گەورەکە بەشداریی تێدا بکەن.

ئاماژەی بەوەداوە کە لێدوانەکەی ئەم دوایییەی عەممار حەکیم لەبارەی ئەیاد عەلاوییەوە بێمەبەست نییەو هەنگاوێک بەرەو بەشداریکردن لەحکومەتدا کە بەرای نووسەر لەخۆڕانییەو بۆ بەدەنگەوەهاتنی خواستی ئەمریکایە.

# هەموو لایەنەکانی عێراق بەتەمای ئەوەن بەشداریی لەحکومەتدا بکەن

## د. رەئوف عوسمان بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**رەئوف عوسمان ئەندامی پەرلەمانی پێشووی عێراق دەڵێت: "حکومەتی داهاتوو تەنیا لەسەرەتادا بەڵێن دەدات هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بدات، بەڵام دواتر خۆی لێدەدزێتەوە". لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەستوور، وتیشی: "ئەمریکا تائێستا سیناریۆی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەت ئاشکرانەکردووە، هەرچەندە لەسەرەوە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە هەندێک قسە دەکەن".**

**ئاماژەی بۆئەوەش دەکات کە سیناریۆی پێشبینیکراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، پارچە پارچەبوونی یەکێک لە لیستەکانی عەلاوی یان مالیکییە.**

..........................

**دەستوور:** وەکو دەزانرێت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی رۆژی ٧ی ئادار، هیچکام لەلیستەکان دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڕای تۆ سیناریۆی پێکهێنانی حکومەت چۆن دەبێت؟

**د. رەئوف عوسمان:** ئێستا دوو ئاڕاستە هەیە، ئاڕاستەیەکیان ئەوەیە ئەو لیستەی لەهەموو لیستەکانی تر زۆرتر کورسی بەدەستهێناوە بەپێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت، بەڵام دادگای فیدراڵی دەڵێت ئەو ئەرکە بەو گروپانە دەسپێردرێت کەیەک دەگرنو زۆرترین دەنگ بەدەستدێنن، ئەم دوو ئاڕاستەیە وەکو خۆی ماوەتەوەو نازانرێت ئایا ئەیاد عەلاوی بەپێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت یان چەند لایەنێک لەگەڵ عەلاوی یەکدەگرنو دەنگی پێویستی پەرلەمان کۆدەکەنەوە بۆ پەسەندکردنی حکومەتەکەیان. ئێستا هەریەک لەلیستەکانی مالیکیو عەلاوی لەهەوڵی راکێشانی گروپەکانی ناو لیستەکەی رکابەریانن بەلای خۆیانداو ئەوەی رێگەی بۆئەوە خۆشکردووە ئەوەیە کە لەبەرەکەی عەلاوی کۆمەڵێک شیعە هەیە، هاوکات لە بەرەکەی مالیکیش کۆمەڵێک سوننە هەیە، بەو شێوەیە سیناریۆی زۆر پێشبینی کراو پارچە پارچەکردنو لاوازکردنی لایەکیانەو ئەو کاتە لاکەی تر دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت.

**دەستوور:** مالیکیو عەلاوی ژمارەی کورسییەکانیان لەیەکەوە نزیکە، کامیان چانسی پێکهێنانی حکومەتیان زیاتر دەبێت؟

**د. رەئوف عوسمان:** ئەوە لەرۆژگاری داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت، ئەوە بڕیاردەردەبێت کەئەم دوو لایەنە سەرەکییە تا چەند خواستەکانی لایەنەکانی تر جێبەجێدەکەن، بۆ نموونە رەنگە هاوپەیمانی کوردستانی لەگەڵ ئەو لایەنەدا بێت کە خواستەکانی جێبەجێدەکات، مادەی ١٤٠ جێبەجێدەکاتو کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەردەکات، رەنگە گروپی سەدر لەگەڵ ئەو لایەنەدا بێت کە بڵێت جەعفەر سەدر دەکەین بەسەرۆک وەزیران، نزیکبوونەوەی ئەم گروپو لیستانەش پەیوەندی بە بەجێهێنانی خواستەکانیانو بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە.

**دەستوور:** چاودێران باس لەئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لیستە گەورەکان دەکەن وەکو یەکێک لەسیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو تۆش ئاماژەت پێکرد، کام لەدوو لیستە گەورەیە (ئەلعێراقیەو هاوپەیمانێتیی دەوڵەتی یاسا) ئەگەری هەڵوەشاندنەوەیان زیاترە؟

**د. رەئوف عوسمان:** لە راستیدا لەخولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا لیستی ئەلعێراقیە جۆرێک لەکەرتبوونی تێکەوت کە دەتوانین بڵێین پێکهاتەیەکی لەیەکنەچوو بوو، لایەنەکانی ناو لیستەکە هەریەکەو بەجۆرێک بیری دەکردەوە، لەئێستاشدا لایەنی عەلمانی، لایەنی شۆڤێنیشی تێدایە، بەشێک لەبەعسییەکانیشی لەخۆگرتووە، هەندێک لایەنی نەتەوەییشی تێدایەو کێشەی کەرتبوونی ئەم لیستە لەجیاوازیی بیرکردنەوەی ئەم لایەنانەوە سەرچاوەدەگرێت. بەبۆچوونی من ئەگەر کەرتبوون لەناو لیستە گەورەکاندا رووبدات لەناو لیستی ئەلعێراقیەدا دەبێت، بەڵام ئەو خاڵەش هەیە کەئەو لایەنانەیشی لەگەڵ مالیکین ئەگەر تەماحی گەورەیان بدرێتە بەر لەوانەیە لەژێرەوە وڵاتە عەرەبییەکان پارەیەکی زۆریان بۆ بنێرن، یان پۆستی سیادییان بدەنێ ئەمانە سازشی ژێربەژێرنو ئێمە زۆر ئاگاداری نین، بەڵام ئەگەر ئەزموونی رابردوو لەبەرچاوبگرین، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لیستی ئەلعێراقییە زیاترە.

**دەستوور:** پێتوایە عەلاوی پەندی لەئەزموونی شکستخواردووی رابردووی وەرنەگرتووە؟

**د. رەئوف عوسمان:** مەبەستم ئەوەنییە کە پەندی وەرنەگرتووە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لاکەی بەرامبەری جۆرێک لەفشاردروستبکات بەمەبەستی جیابوونەوەیان لەلیستی ئەلعێراقیە، ئێستا لەعێراقدا حاڵەتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە هاوولاتیبوون لەناو هاووڵاتیاندا کەمتر هەستی پێدەکرێت وەکو لەئینتیمای مەزهەبیو نەتەوەیی، بۆنموونە کورد زیاتر هەست بەناسنامەی نەتەوەیی دەکات وەکو لەهاووڵاتیبوون، ئەوەش لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی کوردە، چەمکی هاووڵاتیبوون لای شیعە زیاتر پاراستنی پیرۆزییەکانی شیعەو مەرجەعەکانییەتی، هاووڵاتیبوون لای سوننەکان پاراستنی بەرژەوەندیو پێگەکانی خۆیانە، لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین چەمکی هاووڵاتییبون چەسپیوەو تەنیا حساب بۆ بەرژەوەندی باڵای عێراق بکرێت لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی تر. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر حکومەتی داهاتوو بەکەرتبوونی یەکێک لەلیستە گەورەکان دروستببێت، ئەوا لیستەکەی عەلاوی دەبێتە قوربانیو کەرت دەبێت.

**دەستوور:** باسی فشارت کرد، مەبەستت ئەوەیە مەرجەعیەتی شیعە فشاربخاتە سەر لایەنە شیعەکانی ناو ئەلعێراقییە؟

**د. رەئوف عوسمان:** نەخێر مەبەستم فشارو ئەجێندای دەرەوەی عێراقە، وڵاتە عەرەبییەکانو وڵاتەکانی تر کەهەر یەکەو ئەجێندای خۆی هەیەو کار بۆ جێبەجێکردنیان دەکەن.

**دەستوور:** باسی فشاری وڵاتانی دەوروبەرت کرد، لەکاتێکدا باس لەوەدەکرێت وڵاتانی عەرەب لەگەڵ ئەوەن عەلاوی ببێتە سەرۆکی حکومەتی داهاتوو، پێتوایە ئێران پشتیوانی لەجارێکی تر وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە لەلایەن مالیکییەوە دەکات ؟

**د. رەئوف عوسمان:** تائێستا مالیکی لەدوورییەکی یەکسان لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا وەستاوە، بەڵام رەنگە ئێستا ئێران کار بۆ ئەوەبکات مالیکی بەلای خۆیدا رابکێشێت بەتایبەتی کە دەزانێت چانسی زۆرە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستەو ناچاریشە هەر لەشیعەکان خۆی نزیکبکاتەوە نەک لەسوونەکان.

ئێستا ئێران فشاری زۆری لەسەرەوو رووبەڕووی کێشەی زۆر بووەتەوەو لاری نییە لەوەی سازش لەسەر هەموو شتەکانی تر بکات لەپێناو بەرنامە ئەتۆمییەکەی. لەهەموو بارێکدا مالیکیو هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراق لەئێرانەوە نزیکن.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت کە وڵاتە عەرەبییەکانو تورکیا پشتیوانی لە عەلاوی دەکەنو ئێرانیش لەمالیکی، ئایا رۆڵی ئەمریکا چییەو چ سیناریۆیەکی هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت؟

**د. رەئوف عوسمان:** ئەشێت ئەمریکا سیناریۆی خۆی هەبێت، بەڵام ئاشکرای ناکات، بەڵکو جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندبوونی بەخشتەی پاشەکشەی هێزەکانی لەعێراقو دەشڵێت: (ئێمە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسیمان بۆ عێراقییەکان بنیاتنانەوەو دەیشیپارێزینو بژارەکانی پێکهێنانی حکومەت دەدەینەوە دەستی عێراقییەکان). ئەمە قسەی سەرزاریانە، بەڵام لەبنەوە رەنگە هەوڵی ئەوەبدەن کە عەلاوی ببێت بەسەرۆکی حکومەت یان مالیکی والێبکەن پابەندبێت بەبۆچوونەکانیانەوە، لەهەموو بارێکدا ئەمریکییەکان دەیانەوێت لایەنێک لەعێراقدا هەبێت کەپابەند بێت بەبۆچوونەکانیەوە بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکە بپارێزێت.

**دەستوور:** ئەو لایەنە کام لایەنەیە، مالیکییە یان عەلاوی؟

**د. رەئوف عوسمان:** ئەو لایەنە چاوەڕواندەکرێت عەلاوی بێت، بەڵام ئەگەر بەڵێنی پاراستنی پۆستەکەی بەمالیکی بدەن، ئەمیش ئامادە دەبێت بەڵێنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پێبدات، چونکە بەڕاستی لەسیاسەتدا بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە نە دۆستو نە دوژمنی هەمیشەیی نین، کورسی دەسەڵاتیش ئەوەندە خۆشەویستە هەموو قوربانییەکی بۆ دەدرێت.

**دەستوور:** لەکاتێکدا وەکو ٢٠٠٥، لایەنێک زۆرینەی پێویستی پێکهێنانی حکومەتی بەدەستنەهێنا، بۆچی بیرلەوەناکرێتەوە، لایەنێک حکومەت پێکبهێنێتو لاکەی تریش ببێت بەئۆپۆزیسیۆن؟

**د. رەئوف عوسمان:** لەبەرئەوەی هەردوو لایەنەکە ژمارەی کورسییەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، لایەنێکیان پێی حەیفە ببێت بەئۆپۆزیسیۆن، ئامادەنییە بۆ جیاوازی دوو کورسی یان سێ کورسی واز لەدەسەڵات بهێنێت بەهەموو دەستکەوتەکانییەوە.

**دەستوور:** مەبەستت ئەوەیە ئەوەی دەکرێتە دەرەوەی حکومەتەوە زەرەرمەند دەبێت؟

**د. رەئوف عوسمان:** هەموو لایەنەکانی عێراق بەتەمای ئەوەن بەشداری لەحکومەتدا بکەنو پاساویشیان بۆئەوە ئەوەیە کەحکومەت بەو شێوەیە بەهێزدەبێت، باس لەوەش دەکەن ئەگەر لایەکیان ببێت بە ئۆپۆزیسیۆن، ئەوا حکومەت زوو دەڕوخێت، لەبەرئەوە هەموویان جەخت لەسەرئەوەدەکەنەوە کەبەشداریی لەحکومەتدا بکەنو ئامادەش نین واز لەدەستکەوتەکانی حوکمڕانیو کورسی دەسەڵات بهێنن، کورسی دەسەڵاتەکەشیان زیاتر بۆ خزمەتکردنی گروپو لایەنگرەکانی خۆیانەو کەمتر بۆ میللەتە.

**دەستوور:** ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەمتمانەیان بەیەکتر نییەو دەترسن لایەکیان دەسەڵات لەدژی لاکانی تر بەکاربهێنێت، هەروەکو لە ٨٠ ساڵی تەمەنی عێراقی بەر لەروخانی سەدامدا بینیومانە؟

**د. رەئوف عوسمان:** هەروایە، پێکهاتەکان متمانەیان بەیەکتر نییە، بۆ نموونە حیزبی دەعوە بەهەر سێ باڵەکەیەوە پەیڕەو پرۆگرامیان زۆر زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەڵام بۆچی جیابوونەتەوە، مەسەلەکە بەرژەوەندیو دەستگرتنە بەسەر دەسەڵاتدا.

**دەستوور:** بە رای تۆ حکومەتی چوارساڵی داهاتووی عێراق تا چەند هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغداد دەدات؟

**د. رەئوف عوسمان:** لەوانەیە لەسەرەتاوە بەڵێن بدات کە چارەسەریان بکات، بەڵام بڕواناکەم دواتر سووربێت لەسەر چارەسەرکردنیان مەگەر فشاری گەورەی بخرێتەسەرو هەرێمی کوردستان پەنا بۆ کۆمەڵێک شێوازو رێگا بەرن بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە، مانەوەی ئەو کێشانە بەچارەسەرنەکراوی لەبەرژەوەندی کورددا نییەو کات بەخێرایی تێدەپەڕێتو ئێمەش بەو خێراییە هەنگاونانێین.



دکتۆر رەئوف عوسمان

# سیناریۆو ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو

دەستوور

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی ئادار، پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بەیەکێک لەم لیستانە دەسپێردرێت کە ئەوانیش دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقو ئەلعێراقیەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی سەردەمی ئینتیقالیو سەرۆکی لیستی ئەلعێراقییە.

گەرچی عەلاوی ٩١ کورسی بەدەستهێناوەو دوو کورسی لەدەوڵەتی یاسا زیاترە کە خاوەنی ٨٩ کورسییە لەپەرلەمانی داهاتوودا، بەڵام هیچ کام لەم لیستانە بەبێ هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی عێراق کە٧١ کورسیو یاخود هاوپەیمانیی کوردستانی ٤٣ کورسی بەدەستهێناوە ناتوانن حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن، هەربۆیە دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەردوو لیستە یەکەمو دووەمەکە کەوتنە پەیوەندیکردن بەم دوو لیستەو لایەنەکانی ترەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی پێویستی ناو پەرلەمان بۆ دروستکردنی حکومەت کە ١٦٣ دەنگە. ئەمەش ئەو هێزو لایەنانەن کە دەچنە پەرلەمانی داهاتووەو ژمارەی کورسییەکانیانە:

لیستی ئەلعێراقیە: ٩١، دەوڵەتی یاسا: ٨٩ کورسی، هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی عێراق: ٧٠ کورسی، هاوپەیمانیی کوردستانی ٤٣ کورسی، گۆڕان: ٨ کورسی، جەبهەی تەوافوق: ٦ کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: ٤ کورسی، وەحدەی عێراق: ٤ کورسی، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان: ٢ کورسی، هەروەها پێنج کورسی بەمەسیحییەکان، کورسییەک بەشەبەکو کورسییەک بەئێزدییەکانیش دراوە.

### سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت

بەگوێرەی گۆڤاری (المشاهد السیاسی) لەندەنی، پێکهێنانی حکومەت ئەم چوار سیناریۆیە لەخۆدەگرێت:

سیناریۆی یەکەم: بۆ هێورکردنەوەی بارگژی سیاسیی ناوخۆو بەشداریکردنی زیاتری سونەکان لەپرۆسەی سیاسی، عەلاوی بەپێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت، بەڵام بۆئەوەی ١٦٣ کورسی ناو پەرلەمان بەدەستبهێنێت، دەبێت دانوستاندن لەگەڵ هاوپەیمانێتی نیشتمانیی عێراق بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم بکات کە ٧١ کورسی هەیەو رەوتی سەدریش یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکییەکانیو نزیکەی ٤٠ کورسییان لەو ٧١ کورسییە بەدەستهێناوەو دژی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەتن لەلایەن مالیکییەوە.. جگەلەوەش کوردەکان (هاوپەیمانیی کوردستانی) بێت کە ٤٣ کورسی هەیە یان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێت بەشداریی لەو هاوپەیمانێتییەدا دەکەن، بەوەش عەلاوی نزیکەی ٢٢٠ کورسی پەرلەمان مسۆگەر دەکاتو پۆستە باڵاکانیش بەم شێوەیە دەبن: سەرۆکی حکومەت بۆ عەلاوی (شیعە)، سەرۆکی پەرلەمان بۆ کەسایەتی سوننەو پۆستی سەرۆک کۆماریش بۆ کوردەکان کە پێدەچێت جارێکی تریش تاڵەبانی ببێتەوە بەسەرۆک کۆمار.

سیناریۆی دووەم: رێککەوتنی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانێتی نیشتمانیو دوورخستنەوەی عەلاوییە، چاودێران دەڵێن: کۆسپی سەرەکی بەردەم ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە مالیکی هەڵوێستی لەعەممار حەکیمو سەدرییەکان جیاوازەو ئەمەش بەدیهێنانی سیناریۆکەی ئاڵۆزکردووە، لەم بارەشدا دەکرێت مالیکی لەگەڵ حەکیم لەسەرەتاو دواتر لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستانی رێکبکەوێتو زۆرینەی پێویست لەناوپەرلەمان مسۆگەر بکات.

سیناریۆی سێیەم: رێککەوتنی سوریاو ئێرانە لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکی حکومەت وەکو دەروازەیەک بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. بەگوێرەی گۆڤارەکە، ئێران نایەوێت عەلاوی ئەو پۆستە وەربگرێتو سوریا بەلەیەکتێگەیشتن لەگەڵ سعودیە نایانەوێت مالیکی جارێکی تر ئەو پۆستە وەربگرێتەوە. ئاماژە بەوەشدەکات، لەڕێی جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیەوە ئەگەر هەیە هاوپەیمانێتییەکەی عەلاوی هەڵبوەشێتەوەو مالیکیو جەعفەری یەکبگرنەوەو موقتەدا سەدر قایلبکرێت کە هاوکاریی مالیکی بکات، بەو شێوەیە مالیکی ١٥٣ کورسی مسۆگەر دەکاتو دەتوانێت چەند کورسییەکی تریش لەڕێی گفتوگۆ لەگەڵ کورددا مسۆگەر بکاتو حکومەتەکەی لەناو پەرلەماندا دەنگی پێبدرێت.

سیناریۆی چوارەمیش: بەچاودێریی ئەمریکاو لەڕێی هاوکاریکردنی کوردەوە دەبێت بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی ٣٠ کورسی لە٤٣ کورسییەکەی هاوپەیمانی کوردستانەو تیایدا عەلاوی نزیکەی ١٥٠ کورسی مسۆگەر دەکاتو دواتریش بەگفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێک لایەنی بچووکی تر دەتوانێت کورسی پێویست بۆ تێپەڕاندنی حکومەتەکەی لەپەرلەمان مسۆگەر بکاتو بەو شێوەیە مالیکی دووربخرێتەوە، بەڵام تائێستا ئەمریکییەکان هیچ قسەیەکیان لەو بارەیەوە نەکردووە.

بەپێی گۆڤارەکە لەم سیناریۆیەدا واشنتۆن فشار بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیی لەنێوان عەلاویو هاوپەیمانیی کوردستانیو پێکەوەدەبنە خاوەنی ١٣٤ کورسی، دواتر لەڕێی دابەشبوونو جیابوونەوە لەناو هاوپەیمانێتییەکانی مالیکیو جەعفەری، ١٦٣ کورسی بەدەستدەهێنن، بەڵام ئەم زۆرینەیە یەکگرتوو نییەو لەرزۆک دەبێت.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵ چەند سیناریۆیەکی تریش بۆ پێکهێنانی حکومەت هەیە کە دیارترینیان ئەم سێ سیناریۆیەیە:

١-پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی کە سەرجەم لیستە براوەکان لەخۆبگرێت، بەڵام ئەم سیناریۆیە هەوڵێکی زۆرو ماوەیەکی دوورودرێژی دەوێت، جگەلەوەش دەبێت لیستەکان چاو لەئەنجامی هەڵبژاردنەکە بپۆشنو لەدەرەوەی پەرلەمان رێکبکەون.

بەگوێرەی ئەو ئاژانسانە، ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەم سیناریۆیە دەکەن.

٢-گەڕانەوە بۆ حکومەتی هاوپەیمانێتیی شیعەو کوردو لیستی تەوافوقی حیزبی ئیسلامی، ئەمەش مانای گەڕانەوەیە بۆ حکومەتی ئیئتلافی پێشوو لەگەڵ هەندێک دەستکاریيو چاکسازیی، بەجۆرێک حیزبی دەعوە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، حیزبی ئیسلامی، پارتیو یەکێتیی لەخۆبگرێت، ئەمەش مانای گێڕانەوەی مالیکییە بۆ چوارچێوەی حیزبە شیعەکانو ئەم سیناریۆیە ئێران داکۆکی لێدەکات.

بۆ ل٩



# ریسەکەی ئاکەپە بوویەوە بەخوری

## ئۆجالانو جەهەپەو مەهەپە دژی گۆڕانکارییەکانن، ٥٠ پەرلەمانتاریش لەپشتگیریکردنی پرۆژەکە پاشگەزبوونەوە

ئا: محەمەد عەلی خەففاف

دوای ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار پرۆژەیەکی بۆ گۆڕینی ٢٩ مادەی ناو دەستووری تورکیا ئامادە کردو رۆژی ٣٠ مانگی رابوردوو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کرد، هەڵوێستی پارتەکانی نێو پەرلەمان بەتەواوەتی روونبووەوەو بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، هەروەک عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی حکومدراوی پەکەکە دژایەتی خۆی بەرامبەر بەپرۆژەکە لەرێی پارێزەرەکانییەوە دەربڕی.

### میکانیزمی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان

دوای ئەوەی پرۆژە یاسای گۆڕانکارییەکان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیا کرا، ئەو سەرۆکایەتییە لەپرۆژەکە دەکۆڵێتەوە کە ئایا هیچ برگەیەکی تێدا نییە سوکایەتی بەدەستووری تورکیا بکات، پاش رەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان رەشنووسەکە رەوانەی لیژنەی هەمواکردنەوەی دەستوور لەپەرلەمان دەکرێت بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدات، پرۆژەکە پێویستی بەدەنگی نیوە کۆ یەکی ئەندامانی لیژنەکە دەبێت بۆئەوەی رەوانەی پەرلەمان بکرێت، پاشانیش دوو دانیشتنی جیای پەرلەمان تایبەت دەکرێت بەتاوتوێکردنو دەنگدان لەسەر رەشنووسەکان، لەدانیشتنی یەکەمدا دەنگ لەسەر ئەوە دەدرێت کە ئایا رەشنووسەکان لەدانیشتنێکی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێتو بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان لەدانیشتنی دووەمدا یەکە یەکەی مادەکان دوای گفتوگۆکردن لەسەری دەخرێنە دەنگدانەوە، بۆ پەسەندکردنیشیان لەپەرلەمان پێویستە رەشنووسەکان لەهەر یەک لەو دانیشتنانەدا سێ لەسەر پێنجی دەنگی ئامادەبووان بەدەستبهێنن کە دەکاتە ٣٣٠ دەنگ لەحاڵەتی ئامادەبوونی هەموو پەرلەمانتاراندا، دەنگدانیش لەسەر یەکە یەکەی برگەکانی رەشنووسەکان بەنهێنی دەبێت، بەڵام بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانە ٣٣٠ دەنگ بەس نییە، ئەو گۆڕانکارییانەی لەنێوان ٣٣٠ بۆ ٣٦٧ دەنگدەهێنن، سەرۆک کۆمار دەتوانێ رەوانەی پەرلەمانیان بکاتەوە بۆ تاوتوێکردنی زیاتر یان راستەوخۆ بیانخاتە ریفراندۆمەوەو لەلایەن خەڵکەوە دەنگیان لەسەر بدرێت، هەرچی ئەو برگانەی گۆڕانکارییەکانیشە کە زیاتر لە٣٦٧ دەنگدەهێنن، سەرۆک کۆمار مافی ئەوەی هەیە کە پەسەندیان بکاتو بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود بیانخاتە ریفراندۆمەوە.

### رەشنووسەکان پێشکەشی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور کران

مەهمەت عەلی شاهین سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند دوای ئەوەی دڵنیا بوون لەوەی هیچ دژایەتیو سوکایەتییەکی بەدەستوورو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تێدا نییە، رەشنووسەکانی پێشکەش بەلیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور لەپەرلەمانی وڵاتەکەی کردووە تادەنگی لەسەر بدەن، وتی "جەهەپە کە رەخنەیان لەو بارەیەوە لێدەگرتینو پێیان وابوو دەتوانن لەرێگەی دادگای دەستورییەوە رێگەمان لێبگرن، بەهەڵەدا چوون".

بڕیار بوو ئەمڕۆ چوارشەممە رەشنووسەکان لەو لیژنەیەی پەرلەماندا تاوتوێ بکرێنو دەنگیان لەسەر بدرێت.

### ئۆجالانو جەهەپەو مەهەپە دژی گۆڕانکارییەکانن

هەریەک لەپارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی ئۆپۆزیسیۆن (مەهەپە)، لەنێو پەرلەماندا دژایەتی بەردەوامی خۆیان بۆ ئەو رەشنوسانە دەربڕیوە کە پارتی دادو گەشەپێدان ئامادەیکردوون، پێیانوایە، مەبەست لێی هەوڵدانە بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا، پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)ش کە گەورەترین پارتی کوردی نێو پەرلەمانەو هاوکات ئۆپۆزیسیۆنیشە، هەڵوێستی خۆی روونکردۆتەوەو رایگەیاندووە ئەگەر بۆچوونەکانمان سەبارەت بەگۆڕانکارییەکان بەهەند وەرنەگیرێ ئەوا لەبەرژەوەندی رەشنووسەکان دەنگ نادەن.

گرنگترین خواستی پارتەکەش لەدوای هەڵگرتنی یاساغ لەسەر پەروەردەو فێرکردن بەزمانی کوردی، گۆڕینی پێناسەی هاووڵاتیبوونە لەکۆماری تورکیادا کە لەپرۆژەکانی ئاکەپەدا نییەو بەدەپە وەک پێشنیار پێشکەشی کردوون.

عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی حکومدراوی پەکەکەش هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردو رەخنەی توندی لەو هەنگاوەی ئاکەپە گرتو رایگەیاند "پارتی دەسەڵاتدار جدی نییە سەبارەت بەکرانەوەی دیموکراتیو گۆڕینی دەستوور، چونکە پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا دیموکراسی لەناوخۆی پارتەکاندا فەراهەم بکرێت".

ئۆجالان لەوتەکانیدا لەبارەی دەستووری تورکیاوە کە ماڵپەڕی فورات لەزاری پارێزەرەکانییەوە گواستوێتییەوە، رایگەیاندووە "ئەمە دەستووری ئاکەپەیەو نا بۆ دەستووری پیلانگێڕیو بەڵێ بۆ دەستووری دیموکراتی"، داواشی لەبەدەپە کردووە هاوپەیمانێتییەکانی بۆ دەستوورێکی دیموکراسی ئاشکرا بکات.

### زیاتر لە٥٠ پەرلەمانتاری ئاکەپە پەشیمانبوونەوە، رەشنووسەکە دووبارە دەنووسرێتەوە

پەنجا پەرلەمانتار کە پێشتر پشتیوانی پرۆژەکانیان دەکردو ئیمزایان لەسەر رەشنووسەکان کردبوو، پاشگەزبوونەوەی خۆیان لەپاڵپشتیکردنی رەشنووسەکان راگەیاند.

سوات کلچ پەرلەمانتاری پارتی دادو گەشەپێدان رایگەیاند لەگەڵ نزیکەی ٥٠ پەرلەمانتاری دیکەدا ئەو ئیمزایانەیان کێشاوەتەوە کەپێشتر سەبارەت بەگۆڕانکارییەکانی نێو دەستوور کردبوویان کلچ وتی "تورکیا پێویستە لەمەودوا قسە لەسەر رۆحی گۆڕانکارییەکانو بنچینەکانی بکاتو تاوتوێیان بکات".

### کۆبوونەوەکەی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور هەڵوەشێنرایەوە

دوای کشانەوەی ئەو ٥٠ پەرلەمانتارە لەپشتیوانی کردنی رەشنووسەکان، ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی پشتیوانی لەپرۆژە یاساکان دەکەن کەم بوویەوەو بەو هۆیەشەوە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمواکردنەوەی دەستوور لەپەرلەمانی تورکیا هەڵوەشایەوە کە بڕیار بوو ئەمڕۆ چوارشەممە سازبکرێت بەمەبەستی دەنگدان لەسەر رەشنووسەکانو بەرنامەی کاری لیژنەکەش گۆڕانکاری بەسەر دا هات.

لەروونکردنەوەیەکیشدا بورهان کوزوی ئەندامی لیژنەکە رایگەیاند دوای ئەوەی ٦١ پەرلەمانتار ئیمزاکانیان کێشایەوە، ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە پشتیوانییان لەپرۆژەکان دەکردو ئیمزایان لەسەر کردبوو دابەزی بۆ خوار ٢٨٤ پەرلەمانتار، بەبێ ٢٨٤ ئیمزاش لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور ناتوانێ تاوتوێی ئەو رەشنووسانە بکات، هەر بۆیەش کۆبوونەوەکەی رۆژی ٤/٧ هەڵوەشێنرایەوە.

### دووبارە ئیمزا بۆ رەشنووسەکە کۆکرایەوە

دوای ئەوەی رەشنووسی گۆڕانکارییەکان لەلایەن لیژنەی هەمواکردنەوەی دەستوورەوە لەپەرلەمانی تورکیا بەهۆی کەمی ئەو ئیمزایانەی لەگەڵیدا بوو رەتکرایەوە، هەوڵەکان بۆ دووبارە پێشکەشکردنەوەی رەشنووسەکان بەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەستی پێکردەوەو ئاکەپە ئەم جارەش کەوتەوە خۆی، لەو چوارچێوەیەشدا هەریەک لەرەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرو تەواوی وەزیرەکانی کابینەکەی، رەشنووسە نوێکانیان ئیمزا کرد.

ماڵپەڕی ئاژانسی فورات بڵاویکردەوە ئاکەپە توانیویەتی ٢٢٦ ئیمزا بۆ رەشنووسە نوێکان کۆبکاتەوە، هاوکات سوات کلچ رایگەیاند "دوای ئیمزاکردنیان هەوڵدەدەین بەزووترین کات رەشنووسەکان پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەین".



هەوڵەکانی ئاکەپە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەدەستووری تورکیا بەردەوامە

# تورکیا لەدیدی شارەزایەکەوە

رەحمی توران
و. لەتورکییەوە: محەمەد عەلی

فەرمانڕەوایانی ئەمڕۆ ماوەی هەشت ساڵە لەدەسەڵاتدان، لەو ماوەیەدا کام یەک لەکێشەکانی ئەم وڵاتە چارەسەرکراون؟ ئێمە تائێستاش وەک ئەو منداڵانەین کە ئاواتیانە پێ بگرن، بەڵام هێشتا فێرنەبوون رێ بکەن، هەموو کاتێک دەکەوینو هەموو لایەکی جەستەمان بریندارو خەڵتانی خوێن بووە، وەک کۆمەڵگەش مەمەیەک دەخەنە دەممانەوەو پێی بێدەنگ دەبین، هەندێ کاتی دیکەش بەو یارییانە سەرگەرمین کەدراوەتە دەستمانو کاتی خۆمانی پێ بەسەر دەبەین.

ئەم دەسەڵاتە نەک لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەڵکو لەگۆڕینی ئەجێندادا سەرکەوتووە! لەئێستاشدا شتێکیان بەناوی گۆڕینی دەستوورەوە خستۆتە نێو فرنەوە، چەند مانگێکیش تاوتوێی ئەمە دەکەینو وا دەکەین کاتی ئەم وڵاتە بەفیڕۆ بڕوات، ئەی ئەوە نەبوو رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیر وتی "گۆڕانکارییەکانی نێو دەستوور وەک دەرمانو حەب وەهان".

ئەو دەرمانو حەبەی کە دەیخۆین دوای ئەوەی کە کاریگەری نەما ئەمجارە ئازارەکان بەشێوەیەکی بەهێزتر دەستپێدەکەنەوە.

ئیلهان کەسیجی کە راوێژکاری دامەزراوەی پلاندانانی دەوڵەت بووەو ئێستا پەرلەمانتارە لەسەر فراکسیۆنی جەهەپە (پارتی گەلی کۆماری)، کەسێکە توانای ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی دروست، دەست بخاتە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی پێوەی دەناڵێنینو دیارییان بکات، ئەو قسانەشی کە لەپرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا کردنی زۆری قسە بەدوای خۆیدا هێناو زۆریش تاوتوێ کرا.

منیش بەسیفەتی شارەزایەک داوام لەئیلهان کەسیجی کرد ئەو دۆخەی ئێستا ئێمەی تێداین بۆ روونبکاتەوە، تەماشاکەن چی پێوتم، ئەو وتی "گۆڕانکارییەکانی نێو دەستوور کە بە بڕوای من تەواو کۆمیدیایە، وەک ئەوە وایە ماڵێک گڕی گرتبێتو ئەوان بیانەوێ تاڵانی بکەن، پەلەیان چییە؟ وڵات گڕی گرتووە، ئەوان لەجیاتی ئەوەی بیکوژێننەوە، خۆیان بەکۆمەڵە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ کردووە، لەئێستادا لەتورکیا ژمارەی ئەو کەسانەی بێکارنو ناویان تۆمارکراوە بریتییە لەسێ ملیۆنو نیو کەس، بەڵام لەواقیعدا حەوت ملیۆنن، هەموو ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن بۆ ئەوەیە باس لەو کارەساتە نەکرێت کە بێکارەکانی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە، ئێستا تورکیا زیاتر لە٥٠٠ ملیۆن دۆلار قەرزی لەسەرە، ئەو بڕە قەرزە زۆر خەیاڵییە، هەموو ئەو قەرزەی کە کۆماری تورکیا لەماوەی ٨٠ ساڵی تەمەنیدا بۆ هاووڵاتیانو کەرتی تایبەت کردبووی ئەوان لەماوەی حەوت ساڵدا ئەوەندەو نیوێکی ئەو هەشتا ساڵە قەرزیان کرد، پێویستە تورکیا قسە لەسەر ئەمانە بکات، بەڵام لەجیاتی ئەمە رۆژێک پلانێکی کۆدەتا دەهێننو یەک دوو مانگی پێوە دەکوژن، ئیمزای سەر بەڵگەنامەیەکی تایبەت بەکۆدەتا دەهێننو تا لێی دەکۆڵنەوە کە ئۆریجناڵە یان ساختەیە، شەش مانگی دیکەی پێ بەسەر دەبەن، مەسەلەی ئەم گۆڕینی دەستوورەش ئێستا هەر بەو جۆرەیە، میللەتی پێ دەخافڵێننو من وەک کۆمیدیا تەماشای دەکەم".

وتی ئایا لەتورکیادا دادپەروەری هەیە؟ بەرێکوپێکی دەڕوات بەرێوە؟ چۆن ئێمە لەمە تێدەگەین؟ ئەوانە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەو کاتەدا چەندین دۆسیەی سکاڵا لەدادگاکان هەبوون، ئەگەر لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا ژمارەی ئەو دۆسیەیانە کەم بوویێتەوە ئەوا کارێکی باشە، لەکۆتایی ٢٠٠٢دا پێنج ملیۆنو سێ سەدو هەشتاو هەشت هەزار دۆسیەی سکاڵا هەبوون، بەڵام ژمارەکە ئێستا بریتییە لەشەش ملیۆنو سەد هەزار دۆسیە، ژمارەکە کەمی نەکردووە بەڵکو زیادی کردووەو ئەمەش ئاماژەیەکی باش نییە.

لەئەوروپا لەهەر سەد کەسێکی تۆمەتبار پێنج کەسیان بێتاوان دەردەچن، ئەم دادپەروەرییە دادپەروەرییەکی باشە، بەڵام ئەو رێژەیە لەتورکیا لەسەدا ٥٤ە، واتە لەهەر ١٠٠ کەسێک کە دەدرێن بەدادگا ٥٤ کەسیان بێتاوانن، ئەوەش بەو مانایە دێت کە بەلەپای هیچ لەنێو زینداندا هێڵراونەتەوە، ئەوەش زۆر کارێکی تۆقێنەرە! بەندیخانەکانی تورکیا بۆ ٧٥ هەزار کەس دروستکراون، هاوکات ژمارەی ئەو کەسانەی ئێستا زیندانین بریتییە لە١١٨ هەزار کەس، ئەم مرۆڤانە لەسەر یەکتر هەڵچنراون، لەو ١١٨ هەزارە ٤٢ هەزاریان تا ئێستا نازانن کە تاوانبارن یاخود نا، بەبێ ئەوەش هەر بەندکراون. دواتر وتی "تورکیا بووەتە دەوڵەتی ترس، تورەییە بێکۆتاییەکەی ئەردۆگان هەموو کەسێک دەترسێنێ، ئەو ترسە لەو وڵاتەدا هەموو جێگایەکو بگرە شاخەکانو بەردەکانیشی گرتۆتەوە، ئەوەش ترسی ئەوەیە کە لەلایەن ئەردۆگانو حکومەتەوە سزات بەسەردا بسەپێنرێت، ئەردۆگان لەنێو کابینەی حکومەتەکەیداو لەبەرچاوی چەندین وەزیری دیکە بەیەکێک لەوەزیرەکانی وت "لەماوەی یەک خولەکدا دەتکەمە دەرەوە"؟ ئەگەر کەسێک لەماوەی خولەکێکدا وەزیرێکی بکاتە دەرەوە، چی بەکەسانی دیکە ناکات!".

ئیلهان زۆر شتی دیکەی وت لەفرسەتەکانی داهاتوودا بۆتانی باس دەکەم.

رۆژنامەی حورییەت

# ئێران لەعێراق.. شکست یان بردنەوە!

## شارەزایانی سیاسی دەڵێن لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە ئێران، هەوڵ دەدات بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لەناوچەکە

**هیوا سەلیمی**

مشتومڕو شەڕی دەسەڵات لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەردەوامە، بەڵام تائێستا هیچ هاوپەیمانییەکی نوێ بۆ پێکهێنانی حکومەت سەری نەگرتووە، ئێرانیش دەیەوێت هەموو هەوڵەکان لای خۆیەوە بێت.

ئێران وەک هێزێکی دەرەکی کاریگەر لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق، سەرجەمی هەوڵو تواناکانی بۆ قەرەبووکردنەوەی بەدەستنەهاتنی ئەنجامە دڵخوازەکانی خستووەتەگەڕو ئەو گەمە سیاسییەی ئێران چەندین کاردانەوەو هەڵوێستی نوێی لێکەوتووەتەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان، پێشبینی دەکرێت لەعێراقی داهاتوودا ئێرانو چەشنی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی ئێرانی ئەو پێگە سیاسییەی ڕابردووی لەدەستبداتو زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەم قۆناغەی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەقۆناغی شکستی ستراتیژیەتی ئێران دەزانن، ئەو مەسەلەش دەتوانێ وەک پاڵنەرێک بۆ توندوتیژی زیاتر لەعێراق تەماشابکرێت.

### ئێران، یەکێک لەئەندازیارانی هەنگاونان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق

زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئێران سەرمایەیەکی بەرچاوی بۆ هێزو لایەنە سیاسییەکانی دۆستو هاوپەیمانی خۆی لەعێراقدا خەرجکرد، کەچی ئاکامەکانی هەڵبژاردنو بەدەستنەهاتنی ئەنجامە دڵخوازەکان، ئێرانی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە برد، ئەویش هەوڵ بۆ بەردەوامبوونی نفوزو پێگەی خۆی لەڕێگەی بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆ لەپێکهێنانی حکومەت، خستووەتەگەڕ.


لیستی ئەلعێراقیە وەک لیستی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان، بەردەوام ئێرانی بەدەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق تۆمەتبار کردووەو تەنانەت دژایەتیکردنی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستای ئێران لەعێراق، یەکێک لەدروشمە سەرەکییەکانی ئەو لیستە بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن بووە.

حکومەتی ئێران لەیەکەمین کاردانەوەدا بەسەرکەوتنی لیستی ئەلعێراقیەو لەئاراستەی هەنگاونان بۆ ڕاگرتنی ڕادەی نفوزو باڵادەستی خۆی لەعێراق، لایەنە سیاسییە شیعەکانی بانگهێشتی ئێران کردو هەوڵیدا تا بەئیئتیلافی ئەم لایەنانەو لایەنی کوردی، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەلایەن لیستەکەی عەلاوی پەکبخات.

ڕابێرت درایفوس لەوتارێکدا کە لەماڵپەڕی the nation بڵاویکردووەتەوە مەسەلەکانی پەیوەست بەم بابەتە تاوتوێ دەکاتو لەو بڕوایەدایە کەحکومەتی ئێران هیچ هەلێک لەدەستنادات بۆئەوەی لەوڵاتە دراوسێیەکەی خۆیدا حکومەتێکی هاوشێوی ئێران بێنێتە سەرکار.

بەبڕوای درایفوس مەبەستی ئێران لەڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی تاران لەنێوان لیستە شیعەکان، بەرگرتن بەپێکهێنانی دەوڵەت بەرابەری عەلاوی بووە.

هەر لەم بارەیەوە ماڵپەڕی وێست لەراپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە


ئەیاد عەلاوی

کەئێران ڕازی نییە عەلاوی ببێتە سەرۆک وەزیران.

ماڵپەڕی ناوبراو ڕایگەیاندوە کەبەرپرسی دۆسیەی عێراق لەکۆماری ئیسلامی ئێران ناڕەزایەتی خۆی لەهەمبەروەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران لەلایەن عەلاوییەوە دەربڕیوەو ڕایگەیاندووە کەئێران ئامادەیە هاوکاری عەلاوی بکات بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی دیکە لەحکومەتی عێراق جگە لەپۆستی سەرۆک وەزیران.

ئەم هەواڵو لێکدانەوە ڕۆژنامەوانییانە لەکاتێکدایە کەخودی عەلاویش لەوتووێژێک لەگەڵ تەلەفزیۆنی "سی ئێن ئێن" نیگەرانییەکانی لەبەرامبەر دەستوەردانی ئێران نەشاردەوەو ڕایگەیاند کەئێران چەند ساڵ لەمەوپێشیش دژی سەرۆک وەزیری ئەو بووە.

هەروەها چەندین ماڵپەڕی ناوخۆی ئێرانو بەتایبەت ماڵپەڕی "خەبەر ئۆنلاین"، لەچەندین ڕاپۆرتو لێکدانەوە دەربارەی دیاریکردنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق باسیان لەوەکردوە کەپێویستە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر بەئێران هەبێتو هەر بەوپێیە عەلاوی هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە نییە.

سالاری پاشایی سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاسۆی ڕۆژهەڵات باس لەدژایەتی ئێران لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسی لەعێراقدا دەکات.

پاشایی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لیستەکان هەرکام لەهەوڵی دروستکردنی کوتلەیەکی زۆرینەن بۆ مسۆگەرکردنی ١٦٣ کورسی پێویست بۆ دامەزراندنی کابینەی نوێی دەوڵەتی داهاتوو".

هەروەها وتی "لەوەها بارودۆخێکدا بێگومان دەوڵەتانی دەوروبەر هەوڵی دەستتێوەردانو پشتگیریکردنی لایەنەکانی نزیک لەخۆیان لەدروستکردنی کابینەی نوێی دەوڵەتی عێراق دەدەن".

بەڕای ئەو ڕۆژنامەنووسە کە ڕۆژنامەنووسێکی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئێستای تارانە، ئێران بەرچاوترین دەوڵەتە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەهەر لەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فاشیستی بەعسدا لەوە ترساوە دیموکراسی لەم وڵاتە جێگیر بکرێتو ئەمەش بەزیانی خۆی دەزانێت.

ئێستاش کەدەرەنجامەکانی هەڵبژاردن بەدڵی ئێران نییە، پاشایی وتی "ئێران هەوڵدەدا لەڕێگەگەلی جیاوازەوە چەندین لایەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک کەپارێزەری بەرژەوەندییەکانی بێ، پشتگیریبکات."

وتەبێژی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕامین مێهمان پەرەست ڕۆژی پێنجشەممە ١ی ئاوریل ڕایگەیاند کەئێران دەستوەردان لەپرۆسەی سیاسیی ناوخۆی عێراق ناکاتو سەرجەمی هەواڵو ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتە ناڕاستو هەڵەیە.

مێهمان پەرەست باسی لەوەکرد کەئێران سیاسەتی دەرەکی خۆی لەسەر بنەمای دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە دادەڕێژێت.

### ئێران لەلاوازبوونی پێگەی سیاسی خۆی نیگەرانە

شارەزایانی سیاسی بەردەوام کۆکبوون لەسەر ئەوەی، لەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس، ئێران یەکێک لەکارەکتەرە چالاکەکان لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراق بووەو لەهەموو ئامرازەکان بۆ ڕاگرتنی ئەم باڵادەستییە کەڵکی وەرگرتووە.

گرنگترینو گونجاوترین ئامرازی ئێران بۆ نفوز لەعێراقو کارکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتە، کەڵکوەرگرتن بووە لەئامرازی مەزهەبو چوونە ناو ململانێ سیاسییەکانی عێراق بەقازانجی تاران لەڕێگەی ڕەوتو لایەنە سیاسییە شیعەکان بووە.

دوورکەوتنەوەی خەڵکی عێراق لەلایەنە مەزهەبییەکانو بردنەوەی زۆرترینی کورسییەکانی پەرلەمان لەلایەن لیستەکەی عەلاوی کە


نوری مالیکی

بەدژبەری دەستوەردانەکانی ئێران لەعێراق ناوبانگی دەرکردووە، حکومەتی ئێرانی نیگەران کردووەو هەروەک پێشووتر پێشبینی دەکرا، هەوڵدان بۆ یەکخستنی ماڵی شیعەکانو ئەگەری پێکهێنانی حکومەت لەلایەن دۆستانی ئێران، بەرچاوترین هەوڵی تارانو لەڕاستیدا لەپلەی یەکەمی هەنگاوەکانی ئەو وڵاتە دەبێ.

سەبارەت بەڕادەی نفوزی حکومەتی ئێران لەوڵاتی عێراق، مەک گۆرک ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەردەمی جۆرج بوشو ئەندامی ئێستای ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بۆ "هێراڵد تریبون"ی نێودەوڵەتی باس لەبەردەوامبوونی نفوزی ئێران لەعێراقدا دەکات، بەڵام لەو بڕوایەدایە کەئەو نفوزەی ئێران چیتر دیاریکەرو یەکلاکەرەوە نییە.

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت "عێراق بەفۆرمێکی پێچەوانە، تەنیا شوێنێک لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە پاشەکشە بەئێران دەکاتو لەم هەنگاوەشیدا سەرکەوتووە".

هەروەها ئاماژە بەو دەکات کەمالیکی ئازایەتی زۆری لەبەرامبەر ئێران لەخۆنیشانداو ئێستا ئێرانییەکان لەهەوڵی ئەوەدان ڕەوتی سەدر لەمالیکی نزیکبکەنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم هەنگاوەش سەرکەوتن بەدەستبێنێ، لاوازەو ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ ئێران نابێ.

مێهردادی خوانساری لێکۆڵەرو ڕاوێژکاری ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلەندەن لەوتووێژێک لەگەڵ ڕادیۆی فەردا، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو


عەممار ئەلحەکیم

بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگەکان بۆ لیستی ئەلعێراقیە بەڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بۆ ئێران وەسفدەکاتو لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەزموونی دەسەڵاتداری شیعەکانو دەستوەردانە بەردەوامەکانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراق لەسەردەمی دەسەڵاتی بێئەملاولای شیعەکان، هەروەها چەندین فاکتەری دیکەی وەک پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی لەسیکۆلارەکان، نزیکترین لیست بەحکومەتی ئێران واتە ئیئتیلافی نیشتمانی تووشی پاشەکشە کردو دەرکەوتنی ئەو ئەنجامە، ئێرانی لەداهاتووی پێگەی خۆی لەعێراق نیگەران کردوووە".

### نیگەرانییەکانی ئێران، ناکۆکەکان کۆدەکاتەوە

ڕاگەیاندنی شکستی هەوڵەکان بۆ یەکخستنی ماڵی شیعەکان لەهەمبەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئێرانی بەرەو تاکتیکی نوێ پەلکێش کردووە.

ماڵپەڕی فارسی بی بی سی لەراپۆرتێکدا لەژێر ناوی بۆچی عەممار حەکیم پشتیوانی لەعەلاوی دەکات؟ تیشکدەخاتە سەر ئەو بابەتەو نووسەری ئەم ڕاپۆرتە مێهردادی فەرهەمەند دەنووسێت "پاڵنەری سەرەکیی حەکیم لەپشتیوانیکردنی عەلاوی، هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی پێگەی ئەنجومەنی باڵاو پشکی ئەو ڕەوتە سیاسییەی دۆستی ئێران لەحکومەتی داهاتووی عێراقە، دابەزینی بەرچاوی دەنگەکانی ئەنجومەنی باڵا لەناو شیعەکانو تەنانەت بردنی کەمترین کورسی لەناو لیستی نیشتمانی، ئایندەی ئەم ڕەوتە سیاسییەی تووشی مەترسی کردووە".

چەند ڕۆژ لەمەوپێش عەممار حەکیم سەرۆکی لیستی نیشتمانیو ڕابەری ئەنجومەنی باڵا لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بەرگری لەلیستی ئەلعێراقیە کردووەو ناوهێنانی ئەو لیستەی بەلیستی بەعسییەکان ڕەتکردبووەوە.

ڕۆژنامەی ئەلوەتەنی سعودیش لەراپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کەئێران سەرجەمی ڕێگاکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەعێراق تاقیدەکاتەوەو هەموو کارتەکانی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنێت.

یەکێک لەم ڕێگایانەش پێکهێنانی ئیئتیلافو هاوپەیمانی فۆرماڵیتەو کارتۆنیو هاتنەناوەوە لەڕێگەی یاسایی بۆ درێژەی باڵادەستی لەعێراقە.

### ئەگەری زیادبوونی توندوتیژییەکانو ڕۆڵی ئێران

لەدوای لەناوچوونی حکومەتی بەعس، عێراق بووەتە گۆڕەپانی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دەرەکی.

لەم نێوەدا کێشمەکێشو ململانێی نێوان ئێرانو ئەمریکا، بەرچاوتر لەهەموو وڵاتانی دیکەیەو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق زەقتر لەهەمیشە ئەم بابەتەی ئاشکرا کرد.

چاودێرانی سیاسی بەردەوام باسیان لەوەکردوە کەرێکنەکەوتنی لیستە براوەکانو دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەت دەتوانێ توندوتیژییەکان زیاد بکات، هەروەها باس لەوەدەکرێ کەشکستی پرۆژەکانی ئیسلامی توندڕەوو لاوازبوونی پێگەی ئێران دەتوانێ پێکهێنەری قۆناغێکی تازە لەتوندوتیژی بەپشتیوانی ئێران لەعێراق بێت.

حەسەنی ڕەحمان پەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەبابەتێکی بڵاوکراوە لەماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکاندا ئەو باسە دەوروژێنێو دەنووسێت "جێگەی گومان نییە کە لەڕەوتی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی عێراقو ناوچەکەو لەدوای شکستی پرۆژەی ئیسلامی بونیادگەرا لەدەسەڵاتی سیاسیی، ئێستا ئەمریکا لەهەوڵی هێنانە خوارەوەی نفوزی کۆماری ئیسلامیو هێزەکانی لایەنگری ئێران لەعێراقو هەروەها گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکەیە لەناوچەکەدا".

هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کەهاوتەریب لەگەڵ ئەو سیاسەتە، ئەمریکا خەریکی بەهێزکردنی ڕەوتە ئیسلامییە میانڕەوەکانو لیبراڵەکان لەبەرامبەر ئەلتەرناتیڤەکانی دیکەو بەتایبەت چەپەکانو سیکۆلارە ڕاستەقینەکانە، پشتیوانیو پیرۆزبایی دەستبەجێی ئەمریکا بەبۆنەی سەرکەوتنی عەلاوی لەم پێدوایستییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەوەها بارودۆخێکدا ئومێدو نیگەرانییەکی زۆر سەبارەت بەداهاتووی عێراق هەیە، لاوازبوونی پێگەی توندڕەوەکانو بەرژەوەندییەکانی ئێران، ترس لەچالاکبوونەوەی سەرلەنوێی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەپشتیوانی ئێرانی لێدەکەوێتەوەو ئەم مەسەلەیە دەتوانێ داهاتوویێکی ڕەش بۆ عێراقییەکان بێنێتەئاراوە.

ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئێران لەوتارو لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکان لەماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان باس لەوە دەکەن کەعێراقێکی سەقامگیر سەرچاوەیەکی بەردەوامی هەڕەشەیە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەهۆکاری ئامادەبوونی بەستێنە هێزەکییەکانی وەک وزەو جوگرافیای سیاسی، سەقامگیری سیاسی لەعێراق، دەتوانێ داهاتووی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بخاتە مەترسییەوە.

هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق، بووە هۆی لاوازبوونی عێراقو لەم ڕوانگەیەوە پێویستبوو ئێران لەم هەلە کەڵک وەربگرێتو بەسیاسەتێکی بەرتەسکی دژایەتی لەگەڵ سەقامگیری، بۆ هەمیشە هەڕەشەی عێراق بۆ ئێران لەناوبەرێت.

ئەو ڕوانگە پێیوایە کەهەرچەشنە نائارامیو ناسەقامگیرییەک لەعێراق ڕوبەری هەڕەشەکانی ئەمریکا لەئێران کورتتر دەکاتەوەو تواناو پتانسیەلی ئێران وەک لایەنێکی کاریگەر لەعێراق بۆ دانوستانو بازرگانی سیاسیی بەهێزتر دەکات.

www.arsivakurd.org



# ئەیشواریاو فیلمێکی نوێ

دەستوور:
بڕیارە ئەکتەری شۆخی هندی ئەیشواریا رای باتچان، بەشداریی لەچەند بەشێکی نوێی فیلمەکانی جیمس بۆند بکات.
سایتی ئیلاف بڵاویکردوەتەوە، دوو ژنە ئەکتەری هیندی دەستنیشانکراون بۆ بەشداریکردن لەو فیلمانە کە بریتین لەفریدا پینتۆی ئەستێرەی فیلمی بەناوبانگ (ملیۆنێری بێڵانە) کە لەلایەن گۆڤاری بیبولەوە بەخاوەنی جوانترین دەموچاو لەجیهاندا دەستنیشانکراوە، دووەمیشیان ئەیشواریایە کەپێدەچێت باشتر بێت، چونکە پێشتر لەفیلمەکانی هۆلیوود بەشداریی کردووە.
بەپێی قسەی سیناریستەکە، چیرۆکی فیلمەکە بینەران تووشی شۆک دەکات.



# عەدنان کەریم لەستۆکهۆلم کۆنسێرتێک سازدەکات

دەستوور

لەدرێژەی کۆنسێرتەکانیدا کەبەهاوکاری کۆمەڵەی کوردی لەوڵاتی سوید سازیدەکات، بڕیارە هونەرمەند عەدنان کەریم رۆژی ١٠ی ئەم مانگە لەشاری ستۆکهۆلم کۆنسێرتێکی گۆرانیو مۆزیکی کلاسیکی کوردی بەهاوکاری چوار مۆزیسیان سازبکات.
پێشتریش هونەرمەندی ناوبراو لەچەند شارێکی تری وڵاتی سوید، کۆنسێرتی بۆ رەوەندی کوردی سازکردبوو.

# شەوکەت ئەمین فیلمەکەی راگرت

بڕیاربوو رۆژی یەکشەممەی رابردوو، فیلمی سینەمایی (شوێنێک بۆ یاری- Kick Off) لەدەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، لەمیانەی چالاکییەکانی پێنجەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب نماییش بکرێت، بەڵام دەرهێنەری فیلمەکە رێگری کردو نمشایکردنی فیلمەکەی راگرت.

فیلمی سینەمایی "شوێنێک بۆ یاری" تائێستا بەشداری لەچەند فێستیڤاڵێک کردووەو چەند خەڵاتێکی بەدستهێناوە، دوایین خەڵاتیش، خەڵاتی "خەنجەری زیوین"بوو لەفێستیڤاڵی سینەمایی مەسقەت لەوڵاتی عەممان.

ئەو فیلمە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانیو وڵاتی ژاپۆنە، تائێستا لەدوو چالاکی سینەمایی لەسلێمانیو کەرکوک نمایشکراوە، بەڵام لەهەولێرو دهۆک هیچ نمایشێکی بۆ نەکراوە. شەوکەت ئەمین کورکی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "دوای ئەوەی ئاگادار کرامەوە کەفیلمە نوێیەکەم لەپەراوێزی چالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب نمایشدەکرێت، نیگەران بووم، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمام لەوە ئاگادارکردەوەو رامگر... ...نمایشی یەکەمو تایبەتی لەهە... ئاماژەی بەوەشکرد "دوا... کەفیلمەکە لەم پێشانگایەدا نمایش نەکەنو نمایشێکی تایبەتی لەکۆتایی مانگی نیسان بۆ بکەن".



ناسر حەسەن بەڕێوەبەری گشتی سینەما لەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەدەستووری راگەیاند "بەهەڵە فیلمی (شوێنێک بۆ یاری) شەوکەت ئەمین کورکی بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب نێردرابوو". ناسر حەسەن ئەوەشی راگەیاند "فیلمەکەمان لەو پێشانگایە نمایش نەکردو بەنیازین نمایشێکی تایبەتی لەهەولێر بۆ بکەین".

بەڕێوەبەری گشتی سینەما لەبارەی نمایشکردنی فیلمەکە لەهەولێر وتی "ئەم فیلمە بەشێوەی داڵبی کاری دەنگی بۆ کراوە، نمایشکردنی فیلم بەم سیستەمە تەنها لەهۆڵی پێشەوا هەیە، ئامێری نمایشکردنی فیلم لەو هۆڵەش لەکارکەوتووە، ئێستا خەریکن چاکی دەکەنەوە، بڕیاروایە لەکۆتایی مانگی چوار یەکەم نمایش بۆ ئەو فیلمە بکەین".



# مۆنیکا بیلوچی بەڕووتی دەرکەوت

دەستوور

لەژمارەی ئەم مانگەی گۆڤاری ڤانی فێرەدا، وێنەیەکی رووتی ژنە ئەکتەری شۆخی ئیتاڵی مۆنیکا بیلوچی بڵاوکراوەتەوە.
لەووێنەیەدا بیلوچی لەمانگی حەوتی سکپڕییەکەیدایەو هیچ دوو دڵ نەبووە لەوەی بەو شێوەیە وێنەکەی بڵاوبکرێتەوە، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت شانازی پێوە دەکات.

مۆنیکا کەتەمەنی ٤٥ساڵەو چاوەڕێی هاتنە دنیای دووەم منداڵی دەکات، بەگۆڤارەکەی وتووە "زۆر خۆشحاڵم کە لەم تەمەنەدا منداڵم دەبێت بەبێئەوەی پەنا بۆ هیچ دەرمانێکو هۆکارێکی پزیشکی ببەم".

هەروەها ئاماژەشی بەوە داوە کەکاتێک منداڵی یەکەمی بووە، ئامادە نەبووە جارێکی تر منداڵی ببێت، بەڵام کاتێک حەزی لەمنداڵێکی تر کردووە، ئەو کارە ماوەیەکی زۆری پێچووە.

لەبارەی پەیوەندیی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، ژنە ئەکتەرە ئیتاڵییەکە دەڵێت "هاوسەرەکەم زۆر هاوکاریم دەکات لەبەخێوکردنو چاودێریکردنی کچەکەمان، دڵنیام لەگەڵ منداڵی دووەمیشمان هەروا دەبێت".


بیلوچی کچێکی تەمەن شەش ساڵی هەیە بەناوی دیڤا.

# نیان عەبدوڵڵا: ئەوەی لەدڵمدایە لەسەر دەممە



**○ سازدانی: موحسین یاسین**

**خانمە گۆرانیبێژ نیان عەبدوڵڵا، دەڵێت ڕۆژانە دوور لەکاری هونەری بەئیشوکاری ناوماڵەوە خەریکم، جگەلەوەش وەرزش دەکاتو زۆربەلایەوە گرنگە، هەروەها وتی "زۆر لەزیادبوونی کێشم دەترسمو حەز بەقەڵەوی ناکەم". لەگەڵ ئەوەی زۆرێک پێیانوایە کەجوانی ڕووخسار بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە، بەڵام نیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گرنگی بەماکیاژ ناداتو وتی "زۆر کەمتەرخەم".**



نیان دەڵێت "ماکیاژم لێنایەتو زیاتریش حەز دەکەم سادەبم"، لەبارەی جلوبەرگیشەوە وتی "گرنگی زۆر بەجلوبەرگ دەدەمو حەزم لەڕەنگی ڕەشو پیرۆزییو قاوەییە".

لەبەشێکی تری گفتوگۆکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور، نیان عەبدوڵڵا باسی لەوەکرد کەهەر لەسەرەتای کاری هونەرییەوە ڕێچکەی دەنگی خۆی گرتووەو لاسایی هیچ گۆرانیبێژێک ناکاتەوەو زیاتر حەز بەگۆرانی خاو دەکات.

لەبارەی ئاستی گۆرانی کوردییەوە، نیان پێیوایە کەگۆرانی کوردی بەرەو شکست دەڕواتو ئاستی گۆرانی کوردی باش نابینێت، ئەو وتی "چونکە گۆرانی کوردی تێکەڵ بەئاوازی عەرەبیو تورکیو فارسی بووە، هەر بۆیە گوێ لەهەندێک گۆرانی کوردی دەگرم، تامو چێژی نییەو هەستدەکەم کەگوێم لەگۆرانی تورکی گرتووە".

نیان وتی "بەداخەوە هیوادارم کەئەو هونەرمەندانە بەتایبەتی ئەوانەی لەتورکیا گۆرانییەکانیان تۆماردەکەن، لەکوردستان گۆرانییەکانیان تۆماربکەن، چونکە ستۆدیۆی باشمان هەیە".

نیان عەبدوڵڵا داواشیکرد کەهونەرمەندان دوور بکەونەوە لەو ئاوازە بیانییانەو تێکەڵ بەگۆرانیو ئاوازی کوردی نەکەن، چونکە بەڕای ئەو ئەوە خزمەت بەهونەرو مۆزیکی ڕەسەنی کوردی ناکات.

لەبارەی بوونی ئافرەت لەکلیپدا، نیان عەبدوڵڵا پێیوایە کەبەشێکی زۆر لەو گۆرانیانە لاوازن، بۆیە هونەرمەند پەنا بۆ ئەو ئافرەتانە دەباتو وتی "لەلایەکی تریشەوە ئەوە سوکایەتییە بەئافرەتەکە، چونکە وەک کاڵایەک سەیردەکرێت، بۆ مەبەستی تایبەتی".

نیانی هونەرمەند باسی لەوەشکرد کە لەژیاندا شتی شاراوەی نییەو دڵی بۆ ئەو کەسو هاوڕێیانەی دەکاتەوە کەزۆر لێوەی نزیکنو وتی "ئەوەی لەدڵیدایە لەسەردەمیەتی".

ئەو خاتونە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد بۆ پێشکەوتنی کارە هونەرییەکانی گوێ بۆ ڕەخنە دەگرێت، بەڵام ڕەخنەی دروستکەر بۆئەوەی بتوانێت کارەکانی باشترو جوانتر بکات، "چونکە مرۆڤ بەڕەخنە پێش دەکەوێت".

خانمی گۆرانیبێژ نیان عەبدوڵڵا، لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو دەرچووی ئامادەیی بازرگانی کچانە، لەساڵی ١٩٩٥ەوە دەستی کردووە بەکاری هونەریو لەساڵی ١٩٩٧ بەهۆی کلیپکردنی هەر دوو گۆرانی (جێم مەهێڵەو شەنگەگوڵ) کەتێکستی نەجم هۆگرو میلۆدی ئیبراهیم سابیرە، ناسراوە.

تاکو ئێستا خاوەنی دوو ئەلبومی گۆرانییە بەناوی چوار چراو کەرنەڤاڵی خەمەکان، لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانی کە بەشێوەی سنگڵ لەساڵانی پێشوو تۆماری کردوون.

جگە لەوانەش ژمارەیەک گۆرانی کلیپکراوی هەیەو دواکاریشی کلیپکردنی گۆرانییەکە بەزاراوەی کرمانجی بەناوی (حەمکێ تۆڤی)، لەگەڵ تیپی مۆزیکی دهۆکداو لەئاییندەیەکی نزیکدا



# خەرمان هیرانی، هونەری ئۆیۆرتمی لەکوردستان نمایشدەکات

**○ پەسار فایەق لەهەولێر**

خەرمان هیرانی خانمە ئۆیرۆتمیستی کورد، لەبارەی هونەری "ئۆیرۆتمی" قسە دەکاتو چەند نمایشێکی کورتی ئەو هونەرەی پێشکەشکرد.

خەرمان هیرانی لەبارەی چەمک، مێژوو، فەلسەفەو گەشەسەندنی ئەو هونەرە دوا کە بەشێوەیەکی شانۆیی لەسەر تەختەی شانۆ لەڕێگەی جۆرە سەماییێکی تایبەتەوە، پێشکەش دەکرێت.

هیرانی ئەو بابەتەی لەکتێبخانەی "زەیتون" لەهەولێر پێشکەشیکرد، لەبارەی چەمکی "ئۆیرۆتمی"، ئاماژەی بەوەکرد کە وشەیەکی یۆنانییەو مانای "جوڵەی جوان" یان "هاوسەنگی لەجوڵەدا" دەدات.

ئەوەشی ڕاگەیاند، ئەو هونەرە پشت بەفەلسەفەیەکی تایبەت دەبەستێت، لەساڵی ١٩١٢ بۆ جاری یەکەم ناسرا، وتیشی "سەرەتا ئەو هونەرە بەقسەی بینراو دەناسرا".

خانمە ئۆیرۆتمیستی کورد، هەر لەبارەی ئەو هونەرەوەو بۆ ئاشناکردنی خەڵک لەکوردستان بەو هونەرە، وتی "ئەو هونەرە بەجەستە مۆزیک پیشاندەدات".

خەرمان هیرانی ماوەی چەند ساڵێکە لەوڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەباتو بەو هونەرە سەرقاڵە، ڕوونیکردەوە "هونەری ئۆیرۆتمی کەمێک لەسەمای بالێ نزیکە، بەڵام جیاوازترە، خەرمان جەستەی مرۆڤ نیشاندەدات، هەستی تاکە کەسی دەرنابڕێتو سەر بەهیچ سەماییێک نییە".

هەر لەبارەی ئەو هونەرەوە دوا کەزیاتر قوڵبوونەوەیە لەناو ناخداو نزیکبوونەوەیە لەڕۆحو وتی "ئۆیرۆتمی پەیوەندی بەهێزی دڵەوە هەیە".

هیرانی لایەنەکانی دیکەی ئەو هونەرەی لەکاتی نمایشکردنی لەسەر تەختەی شانۆ خستەڕوو، وەک ڕەنگ، ڕووناکیو جلوبەرگو بەستنەوەی ئەو هونەرە بەپەروەردە بەشێکی دیکەی باسەکەی بوو.

تیشکی خستەسەر ئەوەش کەئەو هونەرە لەڕۆژئاوا زۆر کەم کاری لەسەر دەکرێت، لەڕۆژهەڵاتیش زۆر دەگمەنەو تەنها لەوڵاتی میسر ناسراوە.

دوای پێشکەشکردنی ئەو بابەتە کە لەهەمان کات لەلایەن وەرگێڕێکەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕدرا، لەبەرئەوەی جگە لەئامادەبوونی ژمارەیەک لەبەرپرسان، ڕۆشنبیران، هونەرمەندانو هەوادارانی هونەر، ئامادەبوون.

خەرمان هیرانی لەماوەی نیو کاتژمێردا بابەتەکەی خۆی پێشکەشکرد، پاشان چەند نمایشێکی ئۆیۆرتمی لەڕێگەی سکرینەوە نمایشکران.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو هونەرەوەو بەهاوکاری پیانۆژەنی ئەڵمانی "هۆبیرفۆس تێلدمان"، چەند نمایشێکی "ئۆیرۆتمی" بەبەرجەستەکردنی خەرمان هیرانی پێشکەش بەئامادەبووان کرا.

یەکەم نمایش لەڕێگەی شیعرێکی خەرمان هیرانی بوو بەناوی "گەشەسەندنی مرۆڤ"، نمایشی دووەم لەڕێگەی خوێندنەوەی شیعرێکی شاعیری ناسراوی کورد نالی بوو، ئەم دوو نمایشەش بەبێ مۆزیک بەرجەستەکران.



# کوردە دەڵێت خەتای خۆم بوو!

**○ دەستوور**

گۆرانیبێژی دوور وڵات کوردە کەئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە کوردستان، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبومی خۆیەتی بەناوی (خەتای خۆم بوو).

ئەو ئەلبومەی گۆرانیبێژ کوردە، حەوت گۆرانی لەخۆگرتووە کەپێنج گۆرانییان تێکستو میلۆدی هونەرمەندی دوور وڵات زیاد ئەسعەدەو سەرجەم گۆرانییەکانیش بەستایلێکی خاو وتراوە، یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومەکەی لەوڵاتی نەرویج بەناوی هەبوو نەبوو کلیپکردووە.

ئەو گۆرانییەی تێکستو میلۆدی هونەرمەند زیادئەسعەدەو مۆزیسیان سەید ئەحمەد ڕواندزی کاری مۆزیکی بۆ کردووە. ناوبراو تائێستا خاوەنی حەوت گۆرانییەو لەساڵی ١٩٩٧ەوە لەوڵاتی نەرویج دەژی.

# دوای حەوت ساڵ، ئاڤان جەمال هاتەوە

**○ دەستوور**

لەدوای حەوت ساڵ خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئاڤان جەمال، بێدەنگی دەشکێنێتو ئەلبومێکی نوێ بڵاودەکاتەوە.

ئەو ئەلبومەی ئاڤان هەشت گۆرانی لەخۆگرتووەو لەستۆدیۆی دەنگو ڕەنگ لەشاری دهۆک کاری تۆمارکردنی بۆ ئەنجامداوەو بەرهەمی کۆمپانیای ngcو کەناڵی ئاسمانی ڤین tvەو سەرجەم کارەکانی تەواوبووە. تێکستی گۆرانییەکان لەلایەن (شێخ ئەنوەرو ساڵح بێچارو نەوژین محەمەدو کەریم بەدەلو عیماد عەلیو ئەحمەد هەسنی) نووسراون.

میلۆدی گۆرانییەکانی ئاڤان جەمال، لەلایەن (محەمەد ڕەئوف کەرکوکیو عیماد عەلیو ئەمیر سدیقو نەوژین محەمەد) دانراونو هەروەها چوار گۆرانییان بەشێوەزاری سۆرانییەو چوار گۆرانیشیان بەشێوەزاری کرمانجییە.





# ماموٚستا کوردەکانی کەرکوک ناکرێنە سەرپەرشتیاریی پەروەدەیی



وەزارەتی پەروەردەی عێراق دژایەتی خوێندنی کوردی دەکات فۆتۆگراف: دەستوور

زانیار داقوقی لەکەرکوک

وەزارەتـی پـەروەردەی عێراق رێگری دەکات ماموٚستایانی کورد لەپەروەردەی کـەرکـوک بکرێنە سەرپەرشتیاریی پەروەردەییو بەرپرسانی پـەروەردەی کـەرکـوکـیـش ئـامـاژە بـەوە دەکـەن کەئەوان لەرێگەی حکومەتی هەرێمەوە سـەرپـەرشـتـیـاریـی پـەروەردەیـی دادەمەزرێنن.

دوو ساڵ لەمەوبەر، لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پـەروەردەی کـەرکـوک، بەشی خوێندنی کـوردی، نـاوی ٥ ماموٚستای کـورد رەوانـەی وەزارەتی پەروەردە کرابوون، بۆئەوەی وەک سەرپەرشتیاریی پـەروەردەیـی دابمەزرێنرێن، بەڵام وەزیری پەروەردەی عێراق رەزامەندی لەسەر ئەو ماموٚستایانە دەرنەبڕی لەوەی ببنە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

فـاتـیـح قـادر یـەکـێـکـە لـەو ماموٚستایانەی کە لەلایەن پەروەردەی گشتی کـەرکـوکـەوە تاقیکردنەوەی تایبەتیان پێکراوە، بۆئـەوەی ببنە سەرپەرشتیاریی پـەروەردەیـی، وەک خۆی دەڵێت تائێستا ناوی نەگەڕاوەتەوە بۆئـەوەی ببێت بەسەرپەرشتیاریی پەروەردەیی. ماموٚستا فاتیح ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئەوان بەپێی فەرمانی پـەروەردە خولێکی تاقیکردنەوەیان لەسەر سەرپەرشتیاریی تەواوکردووە، بەڵام تائێستا ناوەکانیان لەوەزارەتەوە نەگەڕاوەتەوە.

فاتیح وتـی "پێموایە وەزارەتـی پەروەردەی عێراق رەزامەندی لەسەرمان دەرنابڕێت، لەبەرئەوەی کەئێمە کوردین".

ئـەو ماموٚستایانە سەرجەمیان سەر بەمیلاکی وەزارەتـی پـەروەردەی عێراقین، بەشی کوردیی بەڕێوەبەرایەتی پـەروەردەی کەرکوکیش نووسراوی بۆ وەزارەت کردووەو داوایکردووە بکرێنە سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی لەبەشی خوێندنی کوردی پەروەردی کەرکوک.

حـوسـێـن جـاف بـەڕێـوەبـەری پـــەروەردەی گشتی بـەشـی کـوردی لەبەغدا بەدەستووری راگەیاند "ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی رەزامەندیمان لەسەر ئەو ماموٚستایانە دەرکــــردووەو دوای ئــەوەی خولی تاقیکردنەوەمان بۆ کردن، سەرجەمیان بەپلەی باش دەرچوون".

بـەڕێوەبـەری پـــەروەردەی گشتی بەشی کـوردی لەبەغدا روونیکردەوە، دوای ئـــەوەی نـووسـراوی فەرمیان ئاراستەی وەزیری پـەروەردە کردووە، بەڵام رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی ئـەو ماموٚستا کوردانـە دەرنـاکـات کە ببن بەسەرپەرشتیاریی پـەروەردەیـی لەکەرکوک.

حسێن جـاف باسی لەوەشکرد کەچەندین جار بۆ ئەو مەبەستە هانای بۆ عـارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی پێشوی عێراقو رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بـردووە، بـەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە.

بەرپرسانی پـەروەردەی کەرکوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەوان لەرێگەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانـەوە هـەوڵـی دامـەزرانـدنـی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی دەدەن.

یـوسـف سـەعـیـد بـەڕێـوەبـەری بەشی کوردیی لەپەروەردەی کەرکوک بەدەستووری وت "ئـەو ماموٚستایانە سەرجەمیان کوردنو سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقن".

یوسف سەعید وتیشی "لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ٧٥ ماموٚستامان تۆمارکردووە بۆئەوەی ببنە سەرپەرشتیاریی پـەروەردەیـی، بەمنزیکانە تاقیکردنەوە تەواودەکەنو بەسەرپەرشتیاریی دەوام دەکەن".

فـەوزیـیـە عـەبـدوڵـڵا جێگری بـەڕێـوەبـەری پـــەروەردەی گشتی کـەرکـوک ئـامـاژەی بـەوەدا کـەئـەوان قـۆنـاغ بـەقـۆنـاغ سەرپەرشتیاریی پـــەروەردەیـــی دادەمـــەزرێـــنـــنو وتی "دوای تەواوکردنی خولی یەک مانگیو تاقیکردنەوە، ناوەکانیان دێتەوەو دەبنە سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی".

جێگری بەڕێوەبەری پـەروەردەی کەرکوک ئەوەشی وت کەئەوان وەک پەروەردەی کەرکوک "هیچ پەیوەندییان بەبەشی کوردییەوە نییە لەوەزارەتی پەروەردەی عێراق".

# "توێژەرانی دەروونیو کۆمەڵایەتی، کەلەپچە کراونو هیچیان پێناکرێت"

## سەرۆکی لقی خانەقینی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان بۆ دەستوور

سازدانی: فەرمان خێلانی

سەرۆکی لقی خانەقینی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەرونناسانی کوردستان ئـامـاژە بـەوە دەکـات کەتوێژەرە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکان پشتگوێ خراونو ناتوانن کاروبارەکانیان لەناو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا راپەڕێنن.

مـەهـا عـەلـی سـەرۆکـی لقی خانەقینی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونـنـاسـانـی کـوردسـتـان وتی "توێژەرانی دەروونـیو کۆمەڵایەتی کەلەپچە کراونو هیچیان پێناکرێت".

کـۆمـەڵـەی کـۆمـەڵـنـاسـانو دەروونـنـاسـانـی کـوردسـتـان لقی خانەقین لـە ٢٠٠٩/١/٧ کراوەتەوەو مەها عەلی بەسەرۆکی لقی خانەقینی کۆمەڵەکە دانـرا، ١٠٥ ئەندامیان هـەیـەو سـەرجـەم ئەندامەکانمان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسی کۆمەڵناسی یـان دەروونناسینو رابەری پەروەردەیین لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکانی خانەقیندا.

دەربـــارەی کێشەو گرفتەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتیو دەروونـی لەناو خوێندگاکاندا، مەها عەلی وتی "بەدڵنیاییەوە توێژەران بوون بەبار بەسەر خوێندنگەکانەوەو کەلەپچە کـراون، لەبەرئەوەی ژووری خۆیان نییەو کاتیان کەمەو پرۆگرامێکیان نییە لەسەری بخوێنن، بۆیە ناتوانن کاری خۆیان لەنێو خوێندنگەکاندا بەباشی ئەنجامبدەن".

سەرۆکی لقی خانەقینی کۆمەڵەی کـۆمـەڵـنـاسـانو دەروونـنـاسـانـی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کەدەبێت حکومەت سەنتەرێکی توێژینەوەمان بۆ دابمەزرێنێتو پێناسمان بۆ بکات، بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی فەرمی بچینە نـاوەنـدە حکومییەکانەوەو تـوێـژیـنـەوە لـەسـەر کـێـشـە کۆمەڵایەتییەکانو دەروونییەکان ئەنجامبدەینو پێشکەش بەلایەنی بەرپرسی حکومی بکەین بەمەبەستی چارەسەر.

مەها عەلی وتـی "داواکـاریـن بینایەکی شیاومان بۆ دروستبکەنو خەرجیمان (نـەسـریـە) پێبدەنو کەلوپەلی ناو لقەکەمان بۆ دابینبکەن وەک کۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێتو مێزو کـورسـیو دۆڵابو قەنەفە، لەگەڵ پێناسی توێژەری کەگرنگترین پێداویستییە بـۆئـەوەی بتوانین بچینە ناو ناوەندە حکومییەکانەوەو توێژینەوە ئەنجامبدەین".



مەها عەلی. فۆتۆگراف: دەستوور

# جیهانبینی پەروەردە

فـایـەق سـەعـیـد

## یەکێتی خوێندکارانو ماموٚستایان

دەسەڵاتی کوردی یەکێک نییە لەنمونە پێشکەوتووەکانی دەسەڵات لەجیهانداو یەکێک لەفۆرمە پێشکەوتووەکانی دەسەڵاتیش پیادە ناکات، یەکێک لەخەسڵەتەکانی ئەوجۆرە دەسەڵاتە بریتییە لەراوەستان لەنێوان سیستمی دیموکراتیو سیستمی تۆتالیتارییدا.

میکانیزمی پیادەکردنی ئازادییەکان بەندە بەگەشەسەندنو بەهێزبوونی خودی رێکخراوو هێزە دیموکراتییەکان، بەمپێیە تا ئەو هێزو رێکخراوانە خەباتێکی بەهێز نەکەن بۆ پیادەکردنی فۆرمە نوێکانی کارکردن، هەرگیز دەسەڵات باس لەو فۆرمانە ناکاتو رێگەشیان پێنادات.

پاش خەباتو هەوڵێکی بێوێنەی ئەو هێزو رێکخراوانەو زۆرجاریش فشارێکی نێودەوڵەتیش ئەوجا دەسەڵاتی کوردی وردەوردە رەزامەندی خۆی لەسەر هەندێک لەو فۆرمە نوێیانە دەردەبڕێ.

رێکخراوەکانی ژنانو رۆژنامەنووسان دوو رێکخراون کەبەبۆچوونی من باشترین هەوڵو کۆششیان بۆ بەهێزکردنی خۆیان داوە.

لەوەتەی راپەڕین بووە دەسەڵاتی کوردی رێگەی ئەوەی نەداوە رێکخراوی سەربەخۆو ئـازادی ماموٚستایانو خوێندکاران دروستببێت، ئەو دوو توێژە خاوەنی دوو رێکخراوی تایبەتن کەراستەوخۆ پاشکۆی حیزبەکانی دەسەڵاتنو بەبێ رەزامەندی ئەوان ناتوانن یەک دێڕی زیاد بڵێن، دواتر ئەو دوو رێکخراوەش وەکو سەرجەمی رێکخراوە حیزبییەکانی دیکە لەدوای شەڕی ناوخۆوە بوون بەدوو بەشەوەو لەکاتی یەکگرتنەوەشیاندا هەردوو حیزب ململانێیەکی بێسنوور پیادە دەکەن.

ئەم دوو رێکخراوە بەلایەنی کەمەوە لەدوای راپەڕینەوە نەیانتوانیوە بەهێزو بازووی خۆیان هیچ دەستکەوتێکی راستەقینە بۆ خوێندکارانو ماموٚستایان بەرجەستە بکەن، تەنها ئەوانە نەبێت کەحیزب بڕیاری لەسەر داون، تاوەکو ئێستاش بەشێوەیەکی زۆر ناشەرعی درێژە بەدەسەڵاتەکانی خۆیان دەدەن، نەبادا دەنگی رەخنەگرانەیان تیادا بڵاوبێتەوە، ئێمە لەهەندێک لەکۆبوونەوەکانیاندا بینیمان چۆن رێکخراوەکانی حیزب (بۆنمونە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان)و ئەندامی سەرکردایەتی هەردوو حیزب دەستیان خستبووە ناو کۆبوونەوەکانی ئەو رێکخراوانەو لەهەندێ کاتیشدا چەکداریان کردوون بۆ نواندنی هەندێک کار کە لەبەرژەوەندی حیزبەکانیاندا بشکێتەوە.

ئەم دوو جۆرە رێکخراوانە رێکخراوی زەردن، هەموو هەوڵەکانیان لەوەدا چڕدەکەنەوە کەچۆن هەموو ساڵێک پەیمان بۆ حیزب تازە بکەنەوەو هەواداری نوێشیان بۆ کۆبکەنەوە.

ئەگەر ئێمە سەرنجی وتارەکانیان بدەین کە لەسەرەتاو کۆتایی ساڵی خوێندندا بڵاویدەکەنەوە، ئەوە بەروونی دەبینین چۆن داوای گەردن ئازادی لەحیزب دەکەنو ئەوە دووبارە دەکەنەوە کەحیزب چەند شتێکی پڕ بەهایە لەوڵاتی ئێمەدا.

هەردوو حیزب ئەم جۆرە رێکخراوانەیان پێخۆشەو پشتگیری لێدەکەن، چونکە پایەکانی دەسەڵاتی خۆیانی پێ ئەستوور دەکەن.

لەپاڵ ئەمانەشدا هەندێ رێکخراوو رۆژنامەی خوێندکاری دیکەش دروستبوون کەبەهەمان شێوە سەر بەحیزبە بچوکەکانی دیکە بوون، لەبەرامبەر ئەمانەشدا کۆمەلێک کچو کوڕی لاوی خوێنگەرم لەرێگەی رۆژنامەکانیانەوە هەوڵیان داوە وشیاری لەناو خوێندکاراندا بڵاوبکەنەوەو بەبێ بەرامبەر هەوڵیانداوە لەرێگەی کارو نووسینەکانو رۆژنامەکانیانەوە، بەهاکانی خوێندکار بەرز رابگرن، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستەی رێکخراوێکی سەرتاسەری نوێ بۆ خوێندکاران دابمەزرێنن، لەم بوارەشدا هەوڵی خوێندکاران زۆر لەهەوڵی ماموٚستایان جدیترو گەرمتربووە.

بەڵام ئەگەر بەشی گەورەی گوناهەکان بکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات ئەوە بەشێکی دیکەشی دەکەوێتە ئەستۆی لاوازبوونی رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنیو ئەو ماموٚستاو خوێندکارانەی کەلەو دوو رێکخراوە زەردەدا ئەندام بوونو هەمیشە ناڕەزایی خۆیان لەهەمبەر ناشەرعیبوونی ئەو دوو رێکخراوە دەربڕیوە، من پێموایە ئەو دوو رێکخراوە وەکو دوو رێکخراوی حیزبی دەمێننەوەو ئەوەش مافی خۆیانە کەئاوا کاربکەن، یەکێک لەچارەسەرەکان ئەوەیە هەموو ماموٚستاو خوێندکاران بەکۆمەڵ بچنە ناو ئەو دوو رێکخراوەوەو هەوڵبدەن خۆیان رابەرایەتی بکەن نەک هەوادارەکانی حیزب.

چارەسەری دووەم ئەوەیە کە هەموو دەنگە راستەقینەکان کۆببنەوەو هەوڵی دامـەزرانـدنـی دوو رێـکـخـراوی نـوێ بۆ خوێندکارانو ماموٚستایان دروستبکەن.

ئەم سەردەمە تازەیە بەتوندی لەدەرگای هەزاران خوێندکارو ماموٚستا دەدات بۆئەوەی رێکخراوەکانیان هەڵگری هەندێ خەسڵەتی گرنگ بێت کە تائێستا بەرێکخراوە زەردەکان نامۆ بـووە، بۆنمونە: مـۆڕاڵ، کارامەیی ئەندامەکان، دیموکراسیو کلتوری هەڵبژاردن، رێزگرتنو بەرفراوانکردنی ئازادی تاکەکەس، رێزگرتن لەبەها مرۆییەکان ... هتد.

ئەوەی سەرنجی دوایین لێدوانەکانی سەرۆکی یەکێتی ماموٚستایانی دابـێـت بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانی ناو یەکێتی ماموٚستایانەوە (هەفتەنامەی ئاوێنە)، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەهەژموونی حیزب بەسەر رێکخراوەکەیانەوە چەند گـەورەیـەو نیگەرانی خەڵکیش لەو بوارەدا چەند بێسنوورە، میکانیزمی نوێی هەڵبژارنەکان وا دانراون کەدەنگە ئازادەکان زۆر بەزەحمەت دەتـوانـن لیستی خۆیان دروستبکەنو سەرکەوتن بەدەستبێنن.

هیوادارم ماموٚستایان شتێکی زۆرتـر لەم بوارەدا بنووسن.

> لـەوەتـەی راپـەڕیـن بـووە دەسـەڵاتـی کـوردی رێـگـەی ئـەوەی نـەداوە رێـکـخـراوی سـەربـەخـۆو ئـازادی مـامـۆسـتـایـانو خـوێـنـدکـاران دروسـتـبـبـێـت

# داشکاندن .. جۆرێکی نوێی پارەپەیداکردن

## داشکاندنی نرخی شمەکو کاڵاکان هاووڵاتیان دڵخۆش ناکات

ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی

هاووڵاتیان دەڵێن ئەو نووسراوانەی کە لەسۆپەرمارکیتو دوکانەکان دادەنرێت بەوەی داشکاندن لەنرخی شتومەکەکانیان هەیە، ئەوە تەنها جۆرێکە لە"قۆڵبڕینو چەواشەکاری"، ئەگینا نرخەکان بەو شێوەیە داناشکێنرێن.

دیاردەی داشکاندن بەرێژەی جیاجیا بازاڕی دوکانو سوپەرمارکێتەکانی گەرمکردووە، هاووڵاتیان دەڵێن ئەمە جۆرێکە لەپارەپەیداکردنی نوێو نرخی کەلوپەلەکان هەر گرانن، فرۆشیارەکانیش ئاماژە بەوەدەدەن ئەگەر بەو رێژە زۆرەی کەنووسراوە داشکاندن بکرێت ئەوا ئیفلاس دەکەن.

لەژمارەیەک لەسوپەرمارکێتەکانو دوکانی ناو بازاڕەکاندا بەریکلامی گەورەو بەچەندین شێوە نووسراوە داشکاندن (٧٥٪) ، (٥٠٪) بەمەش خەڵکی لەبەر زۆریو گرانی بازاڕ روودەکەنە ئەو شوێنانە، بەو هیوایەی بتوانن بەبڕێک پارەی دیاریکراو شتێک بکڕن، بەڵام کڕیارەکان ئاماژە بەوە دەکەن نرخەکان بەو شێوەیە دانەشکێنراوە کە ریکلامیان بۆ کردووە.

دەریا ستار کچێکی گەنج، بەنیازی کڕینی پێڵاو روویکردبووە یەکێک لەو سوپەرماکێتانەی داشکاندنی بۆ کاڵاکانی کردبوو ئاماژەی بەوەدا ئەو نرخەی کەلەسەریەتی بەحساب داشکاوە، "بەڵام بەو نرخەش لەبازاڕ دەیکڕین".




فرۆشیارەکان دەڵێن بەو رێژە زۆرە نرخ دابشکێنین ئیفلاس دەکەین. فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

دەریا وتی "ئەمە جۆرێکە لەقۆڵبڕینو چەواشەکاریو مۆدێلێکی نوێی کاسپیکردنە".

زۆرێک پێیانوایە داشکاندن تەنها جۆرێکە لەبازاڕ پەیداکردن بۆ فرۆشتنی زیاتری کاڵاو شمەکەکان، بەتایبەت لەهەفتە بازاڕ یاخود شوێنێکی تایبەتدا دەکرێت کەکرێ یاخود باج نەدەن، بەمەش دەتوانن نرخەکەی دابشکێنن بۆ هاووڵاتیان، یاخود وەرزی ئەو شمەکە یان کاڵایە بەرەو کۆتایی بڕوات.

لەکوردستاندا لەگەڵئەوەی هەندێ لەداشکاندنەکان بۆ ئەو کاڵایانەیە کەوەرزیان بەرەو کۆتایی دەچێت لەهەمانکاتدا بووە بەجۆرێک لەبازاڕ پەیداکردن لەبازاڕو سوپەرمارکێتە ئاساییەکاندا.

تەرزە بەخۆیو منداڵەکانییەوە بەمەستی شتکڕین رووی لەیەکێک لەو دوکانانە کردبوو، کەبەریکلامێکی گەورە نرخی کەلوپەلەکانی داشکاندبوو، ئەو وتی "ئەمە سێیەم دوکانی داشکاندنە بۆی دەچم".

تەرزە تائێستا هەستی بەجیاوازی نرخ نەکردووە بەو شێوازەی کەبانگەشەی بۆ کراوە، بەڵام کاتێک لەم چەند رۆژەدا چووەتە سۆپەرمارکێتەکانەوە، بۆی دەرکەوتووە کە "جگە لەسەرنجڕاکێشانی کڕیار هیچی تری تێدا نییە".

تەرزە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو شتانەی کەمۆدێلیان نەماوەو جوان نیین، داشکاندنەکە دەیگرێتەوە، ئەگینا ئەوانی تر نرخەکانیان خەیاڵییەو زۆر جیاوازە لەگەڵ رێژەی داشکاندنەکە.

سالار مستەفا هەمان رای تەرزەی هەبوو، بەوەی داشکاندن زیاتر لەو کاڵاو شمەکانەدا دەکرێت کە کوالیتییان باش نییە.

سالار وتی "خەڵکی لەبەرئەوەی لەبازاڕ زۆر خەڵەتێنراوە، پێیوایە ئەو داشکاندنە لەبەرژەوەندی ئەودایە بۆیە وابەقەڵەباڵغی دەیبینیت، بەڵام زۆریشیان کەنرخەکان دەبینن نایکڕن، چونکە دەزانن لەبازاڕیش بەو نرخە، یان کەمتر دەیکڕن".

ژمارەیەک لەخاوەنی ئەو دوکانو سوپەرمارکێتانەی کەنرخەکانیان بەشێوەیەکی خەیاڵی داشکاندووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کەنرخەکان بەو رێژەیە دانەشکێنراوە کەنووسیویانە، ئەگەر بەو شێوەیە نرخەکان دابشکێنرێت ئەوا خاوەنەکەی ئیفلاس دەکات.

نادر ناوی خوازاوی یەکێکە لەو شوێنانە کە داشکاندنەکانی تێداکراوە وتی "لەراستیشدا لەو روانگەیەوە کە نرخی یەکەم زۆر خەیاڵیەو لەئەوروپاش بەو نرخەیەو ئەو داشکاندنەش لەو روانگەیەوە کاتێک بەراوردی دەکەین، دوای داشکاندن هێشتا لەنرخی بازاڕەوە نزیکن، بۆیە خەڵکی پێیوایە نرخ بەو شێوازە دانەشکاوە".

نادر وتی "ئەگەر داشکاندنەکە بەو شێوازە بێت خەڵکی چاوەڕێی دەکات، ئەوا خاوەنەکەی ئیفلاس دەکات، بۆیە لەمەسەلەی نرخو قازانجو خەرجکردن وردەکاری زۆرەو لەروانگەی ئەمانەوە ئەو داشکاندنە دەکرێت".

# کەس ناچێتە ناو خانووەکانی حکومەتەوە!

## خانووی لێپرسراوی فەرمانگەکانی ناحییەکان، بەکەموکوڕییەوە جێدەهێڵدرێت

ئاوات محەمەد لەرانیە

بەهۆی کەموکوڕییەکانی ئەو خانووانەی بۆ لێپرسراوی فەرمانگەکانی سنووری ناحیەکان دروستکراوە، تاوەکو ئێستا بەچۆڵی ماونەتەوەو دابەشنەکراون، بەرپرسانی شارەوانیو بەڕێوبەری ناحییەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن کەس ناچێتە ناو ئەو خانووانەوە تاوەکو کەموکوڕییەکانی چارەسەر نەکرێت.

بۆ هاوکاریکردنی لێپرسراوی فەرمانگەکانی سنووری ناحییەکان، لەهەر ناحییەک ٢٠خانوو دروستکراوە، بەڵام بەهۆی کەموکوڕییەکانی ئەو خانووانەوە تاوەکو ئێستا بەچۆڵی ماونەتەوەو دابەشنەکراون.

سوارە فەتاح سەرۆکی شارەوانی سەرکەپکان بەدەستووری راگەیاند کەس ئامادەنییە بچێتە ناو ئەو خانووانەوە، چونکە کۆمەڵێک کەموکوڕییان هەیە، "ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر بەڕێوەچوونی ژیانی رۆژانەمان دەبێ".

ئەو خانووانەی دروستکراوە کەموکوڕی (ئاو، ئاوەڕۆ، سیاج، نەبوونی قیرتاو، شۆستە)ی هەیە، لێپرسراوی فەرمانگەکانیش دەڵێن ئامادەنین بەو کەموکوڕییانەوە بچنە ناو ئەو خانووانەوە، چونکە دەبێت مەسرەفێکی زۆری تێدا بکەن.

سەرۆکی شارەوانی سەرکەپکان وتی "ئامادەنین ئەو مەسرەفە لەسەر حسابی خۆمان بکەین، لەبەرئەوەی ئەوە دیارنییە ئەو کەسەی دوای ئێمە دێت ئەو مەسرەفەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە یان نا".

موزەفەر عەبدوڵڵا بەڕێوبەری ناحیەی چوارقوڕنە هۆکاری نەچوونە ناو خانووەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەموکوڕییانەی کە لەدەرخستەی پڕۆژەکەدا هەبوون.

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی "دوای ئەوەی ئەوەمانزانی ئێمە قایمقامو پارێزگای سلێمانیمان ئاگادارکردەوە لەو کەموکورتیانەی هەیەتی، ئێمە تائێستا دووجار نوسراومان کردووە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام بەحساب بەهۆی کەمی بودجەوە نەتوانراوە بکرێت".

ئەو خانووانەی دروستکراوە ناتوانرێت لەسەر کەس تاپۆ بکرێتو موڵکی حکومەتە، ئەو فەرمانبەرەی لەسەرکارەکەی لەو شوێنە دووردەخرێتەوە یان لادەبرێت دەبێت چۆڵی بکات، بۆیە ئەو لێپرسراوە حکومیانە نایانەوێت پارەی تێدا خەرج بکەن.

هیوا قەرەنی بەڕێوبەری ناحیەی سەرکەپکان ئاماژەی بەوەدا ئەگەر فەرمانبەرێک بچێتە ناو ئەو خانووانەوە دەبێ چوار ملیۆن تا پێنج ملیۆن دیناری تێدا سەرف بکات.

ئەو وتی "لەکاتێکدا ئەوە دیارنییە کاتێ تۆ ئەو پارەیە سەرف دەکەی تا دوو مانگی تر لەوێ دەمێنیتەوە یان نا، کەس ئامادە نییە ئەوەت بۆ قەرەبوو بکاتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەناحیەکانی چوارقوڕنە، سەرکەپکان، حاجیاواو سەروچاوە لەقەزای رانیە لەهەریەکەیاندا ئەو ٢٠ خانووەیان بۆ دروستکراوە، بەڵام بەهۆی کەموکورتییەوە کەس ئامادەنەبووە بچێتە ناویان.

محەمەد حەمەد لێپرسراوی پۆستەو گەیاندنی چوارقوڕنە باسلەوە دەکات کە لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا لەناحیەیەکەوە تا ناحیەیەکیتر جیاوازی کراوەو وتی "لەهەندێک ناحیە فەرمانبەران چوونەتە ناو خانووەکانەوە، لەبەرئەوەی لەهەموو شوێنەکان وەک یەک نییە، لەخەلەکانو خدران باشن فەرمانبەران چوونەتە ناویان، بەڵام لەناحیەی چوارقوڕنە وانیە".

لێپرسراوی پۆستەو گەیاندنی چوارقوڕنە دەڵێت "ئێمە ئامادەین مەسرەفی لێبکەین، بەڵام هیچ زەمانەتێک نییە دوای چۆڵکردنی قەرەبوو بکرێینەوە".

لێپرسراوی فەرمانگەکانی سنووری ناحییەکان داواکارن لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاوکاریان بکات بۆ چاککردنی کەموکوڕیەکانی ئەو خانووانە تاوەکو بتوانن لەزووترین کاتدا دابەشیبکەن. محەمەد حەمەد وتی "داواکارین لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاوکاریمان بکات بۆ چاککردنی ئەم کەموکوڕیانە".



بەرپرسی فەرمانگەکان نایانەوێت پارە لەو خانووانەدا سەرف بکەن، چونکە نابێتە بەموڵکیان. فۆتۆگراف: ئاوات محەمەد

# بەدوو ساڵو ملیارێک دینارەوە، پارکێک تەواونەبووە

مەعاز فەرحان لەخورماڵ

شارۆچکەی خورماڵ تائێستا پارکی نییەو ماوەی دوو ساڵە یەک ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ پارکێک، بەڵام تائێستا بەتەواونەکراوی ماوەتەوە. بەرپرسانی حکومی ناوچەکە دڵنیانین کەی پارکەکەی خورماڵ تەواودەبێت، هاووڵاتیانیش بەنیگەرانییەوە لەنەبوونی پارکێک لەشارۆچکەکەیاندا دەڕوانو پێیانوایە کەمتەرخەمی کراوە لەدروستکردنی ئەو پارکەدا.

لەساڵی ٢٠٠٤وە لەشارۆچکەی خورماڵدا رووبەری ٣٠هەزار مەتر زەوی بۆ دروستکردنی پارکێک تەرخانکراوە، لەوساڵەدا تەنها ئەو رووبەرە زەوییە دیاریکراوە پەرژینی بۆ کراوە، لەساڵی ٢٠٠٨ دەستکراوە بەئیشو کارەکانی ئەو پڕۆژەیە، نزیکەی یەک ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو تائێستا تەواونەکراوە.

هاووڵاتیانی خورماڵ بەنیگەرانیەوە لەکارەکانی حکومەت دەڕوانو پێیانوایە زۆربەی شوێنەکان پارکو شوێنی گشتیان هەیە کەچی تائێستا خورماڵ بێ پارکە.

رابەر حەمەئەمین تەمەن ٢٢ ساڵ، دەڵێت لە ٢٠٠٤وە سیاجی پارکەکەمان بینیوە تائێستا چاوەڕوانین، بەڵام ئەوە ماوەی شەش ساڵە ئەو پارکە تەواو نەبووە، کەدەتوانرا بەماوەی یەک ساڵ تەواوبکرێت. رابەر ئاماژە بەوەدەکات کە لەخورماڵدا هاووڵاتیان شوێنێکیان نییە تا بچن پشوویەکی تێدابدەن، وتی "تەنیا یاریگایەکی خۆڵو چایخانەکانمان هەیە تا بۆیان بچین هیچ شوێنێک نیە بۆ کات بەسەربردن، زۆر حەیفە کۆنترین ناحیە تائێستا پارکێکی نەبێت".

د.ئەسکەندەر کەی خەسرەو خاوەنی کۆمپانیای ئاروزەرو سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە بەدەستووری راگەیاند "ئەم پارکە بەسێ قۆناغ گەیشتووەتە دەست ئێمە، پێشتر لەلایەن دوو کۆمپانیای ترەوە کارەکانی سەرەتاو ناوەندی جێبەجێکراون، ئێمەش قۆناغی کۆتایی جێبەجێ دەکەین".

سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە وتیشی "پێنچ مانگە ئیشو کارەکانمان وەستاون، چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەمرەکەین لەئەنجومەنی وەزیران، بڕیارە لەم هەفتەیەدا دەستبکەینەوە بەکارەکانمان".

هەڵۆ قادر ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە، وتی "لە ٩٠٪ی ئیشوکارەکانمان تەواو بوون، لەماوەیەکی نزیکدا گەر ئەمرەکە زوو دەربچێت پارکەکە تەواودەکەین".

دەبارەی بودجەی تەرخانکراوی پڕۆژەکەوە بەڕێوبەری ناحیەی خورماڵ، سمکۆ سالار وتی "بێجگەلە سیاجەکە ئەو بودجەیەی کە تەرخانکراوە نزیکەی ملیارێک دینار دەبێت، کە ئەم قۆناغە ٥١٧ملیۆنو ٨٧٠ هەزار دیناری بۆ تەرخانکراو بڕەکەی تریش لەقۆناغەکانی تردا دابین کرابوو، ماوەی پڕۆژەکەش ١١٩ رۆژە".

رزگار ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی خورماڵ بەوەکالەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەهەموو پڕۆژەیەک کەموکوڕی هەیە، پارکەکەش کەموکوڕی هەیەو وتی "هەندێک گۆڕانکاری پێویستە بۆی زیاد بکرێن".

سەرۆکی شارەوانی خورماڵ وتی "ئیشو کارەکانی وەستاون نازانین کەی تەواو دەبێت، ئەمری تەواوکردنەکەی لە ئەنجومەنی وەزیرانە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەمرەکەین".



# کەس گەنجانی بازیانی لەبیر نییە!

## "پشتگوێخراوینو کەس ئاوڕ لەکێشەو گرفتەکانمان ناداتەوە"

سەردار ئەحمەد لەبازیان

گەنجانی بازیان دەڵێن پشتگوێخراوینو کەس ئاوڕ لەکێشەو گرفتەکانمان ناداتەوە، بەرپرسانی شارەوانیش دان بەکەموکوڕییەکاندا دەنێنو ئاماژە بەوە دەکەن لەهەوڵدان بۆ خزمەتکردنی زیاتری گەنجان.

بەشێک لەدواکارییەکانی گەنجان بۆ خزمەتکردنی زیاتری ناوچەکەیانە بەشێوەیەکی گشتیو بەشێکی تریان تایبەتە بەژیانی گەنجان خۆیانەوە.

م. ئاراس نەجمەدین گەنجێکی ناحیەی بازیانە، ئاماژە بەکەموکوڕی ئەو چەند پارکە بچوکەی ناحیەکەیان دەکاتو دەڵێت شوێنێک نیە گەنجان تێیدا پشووبدەن. م. ئاراس وتی "ئەو پارکانەی کە لەناو بازیاندا هەن هیچ مەرجێکی تایبەتی پارکی تێدانییە، هەم لەرووی شوێنەوەو هەم لەرووی پێویستیەکانی ناو پارکەکەو سەوزایی ناو پارکەکانیش وەکو پێویست نییە".

لەناو بازیاندا جگەلە کەموکوڕیەکانی پارک، تاوەکو ئێستا هێڵی ئینتەرنێتی نییەو گەنجانو خوێندکاران بێبەشن لەو خزمەتگوزارییە، گەنجان ئاماژە بەوەدەکەن هۆڵی تایبەت بەئەنجامدانی چالاکییان نییەو کتێبخانەکەشیان کەموکوڕی زۆری هەیە.

رێبوار تاهیر دەڵێت ئێمەی گەنج لەسنوری ناحیەی بازیان لەزۆرێک لەمافەکانمان بێبەش کراوین، ئەگەر بمانەوێت چالاکییەک سازبدەین، جگەلەوەی هەموو ئەرکەکان لەسەرشانی خۆمانە، کێشەی نەبوونی جێگەمان بۆ دروستدەبێت، "چونکە ناحیەی بازیان تائێستا هۆڵێکی تایبەتی نییە بۆ گەنجانو بەڕێوەبردنی رێوڕەسمە تایبەتییەکان".

گەنجانی بازیان ئاماژە بەوەدەکەن تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا بەرپرسان سەردانیان دەکەنو چەندین بەڵێنیان پێدەدەن، بەڵام دوای هەڵبژاردن بەڵێنەکان کەس نازانێت چی لێدێت.

رێبوار وتی "کاتێک کە هەڵبژاردن بێتو کاریان پێمان بێت، ئەوا چەندین بەرپرس سەردانمان دەکەنو چەندین بەڵێنمان پێدەدەن، بەڵام کە هەڵبژاردن تەواو دەبێتو کاریان پێمان نامێنێت، نازانین ئەو بەڵێنانە چی لێدێت".

ئومێد ناسیح خوێندکار نەبوونی پێداویستییەکانی گەنج لەناوچەکەدا بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕێتەوە لەوانە بێمنەتی دەسەڵات لەجەماوەر بەگشتیو گەنج بەتایبەتی، بێدەنگی گەنج بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی بەرپرسانو بەکەمترین خزمەت رازی بوون، هەروەها ئەو رێکخراوانەی کە لەناوچەکەدان وەکو پێویست نەیانتوانیوە خزمەت بەگەنج بکەن.

مەریوان ئیبراهیم کادرێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاروچالاکی رێکخراوەکان سنورداره لەناوچەکەدا. مەریوان وتی "ئەو خولانەی کە لەناوچەکەدا دەکرێنەوە زیاتر خوێندکار دەگرێتەوەو گەنجانی تر لێی سوودمەند نابن". مەریوان دەڵێت شوێنێکی تایبەت نییە بۆئەوەی گەنجان بتوانن کاتەکانی خۆیانیان تێدا بەسەربەرن.

بەرپرسانی شارەوانی لەگەڵ ئەوەی دان بەکێشەو گرفتەکاندا دەنێن، ئاماژە بەوە دەکەن هەندێ لەکێشەکانی گەنجان ئەوان لێی بەرپرس نین. ئالان ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی ناحیەی بازیان بەوەکالەت ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو ماوەیەکی کەمە کراوە بەسەرۆکی شارەوانی تەنها چەند هەفتەیەکە لەوێ دەوام دەکات، بۆیە زۆر شارەزایی کێشەو کەموکوڕیەکانی گەنجان نییە لەناوچەکەدا.

سەبارەت بەخراپی پارکەکان سەرۆکی شارەوانی بازیان وتی "راستە ئەو پارکانە کەموکوڕی زۆرەو لەئاست پێویستی گەنجاندا نییە، بەڵام ئێمە کار دەکەین بۆ چاککردنیانو راگرتنی پاکو خاوێنی ناو پارکەکان"

سەرۆکی شارەوانی بازیان ئاماژەی بەوەدا ئەو کەموکوڕیانەی کە لەناو کتێبخانەدا هەیە وەک کەمی کتێب پەیوەندی بەئێمەوە نییەو ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە، ئەرکی ئێمە پاکو خاوێن راگرتنیەتی.

ئالان ئەحمەد دەربارەی نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت لەناحیەی بازیان وتی "ئینتەرنێت پێویستیەکی سەرەکیە بۆ کۆمەڵ بەگشتیو گەنج بەتایبەتی هەوڵمانداوە بۆ چارەسەرکردنی، بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای (ئەل سەنت) پەیوەندی پێوەکردووین بۆ دامەزراندنی هێڵی ئینتەرنێت لەسنوری ناحیەکەمانو لەگەڵیان گەیشتوینە رێککەوتن بۆ هێنانی هێڵ بۆ سنورەکەمان کە لەچەند مانگی داهاتوودا دادەمەزرێت".



گەنجانی بازیان شوێنێکیان نییە پشووی تێدا بدەن. فۆتۆگراف: سەردار ئەحمەد

# بادینییەکان، دەیانەوێت سۆرانییەکان لەرێکخراوەکانی پارتی دەربهێنن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بڕیارە لەم هەفتەیەدا کۆنفرانسی زانکۆو پەیمانگاکانی یەکێتیی قوتابیان ببەسترێت، لەپاش بەستی کۆنگرەی ١٣ەی ئەو رێکخراوە، بەڵام ماوەی چەند هەفتەیەکی یەک لەدوای یەکە زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر شڵەژانێکی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوەو سەرجەم نوێنەرو بەرپرسی لیژنەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی یەکێتیی قوتابیان کار بۆ کوتلەکانی خۆیان دەکەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەچەندین سەرچاوەی جیاوازەوە لەناو یەکێتیی قوتابییاندا دەست دەستوور کەوتووە، زانراوە بەستنی کۆنفرانسی ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر بووەتە کێشەیەکی گەورە لەنێو یەکێتیی قوتابییانداو هەر کوتلەیەک بۆخۆی دەستوەردەداتە کۆنفرانسەوە.

دەستوور ئەوەی زانیوە خودی سکرتێری یەکێتیی قوتابیان لەکۆی دوو کاندید بۆ بەرپرسی ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر پشتگیری کۆڤان عیسا دەکات کە کەسێکی بادینییەو بارزان جەلیل کە سۆرانییە لەلایەن چەند بەرپرسێکی بەرزی پارتییەوە هاوکاری مادیو مەعنەوەی دەکرێت.

کۆڤان عیسا کاندیدی یەکێتیی قوتابیان بۆ بەرپرسی ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر باس لەوەدەکات هیچ کات کۆنفرانس نەبووەتە شەڕی سۆرانیو بادینی ئەوەی هەیە لەنێوان ئەو دوو کاندیدەدا ململانێیەکی "شەریفانە"یەو هیچی تر.

کۆڤان بەدەستووری وت "ئامادەکاری تەواو لەلایەن یەکێتیی قوتابیانەوە کراوە بۆ کۆنفرانسو وەک پاڵێوراوەکان هیچ کێشەیەکمان لەنێواندا نییەو ئەوەشی دەوترێت راست نییە، هەموو کەس مافی خۆیەتی خۆی هەڵبژێرێت". ئەو کاندیدە وتی "سکرتێری یەکێتیی قوتابیان هیچ کات پشتگیری منی نەکردووەو بەئازادانە کۆنفرانس دەچێتبەڕێوە، کەس بۆی نییە دەست لەکۆنفرانس وەربدات".

زانیارییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە تەنانەت لەکۆنگرەی یەکێتیی قوتابییاندا کێشە لەنێوان سۆرانییەکانو بادینییەکاندا هەبووە، چونکە یەکێتیی قوتابیان پێیوابووە لیژنەکانی قوتابیان لەزانکۆی سەلاحەدیندا بەپەیمانگاکانیشەوە زۆربەیان بەدەستی سۆرانییەکانەوەیە، هەموو هەوڵەکانیش لەم کۆنفرانسەدا بۆ ئەوەیە بەڕەکە لەژێرپێی سۆرانییەکان دەربهێنن.

بارزان جەلیل یەکێکی ترە لەرکابەرەکان بۆ بەرپرسی ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر ئەوەی نەشاردەوە کە ناوچەگەرێتی لەناخی هەندێک کەسدا چەکەرەی کردووە، ئەوەش تاڕادەیەک لەم کۆنفراسەدا دەبینرێت. بارزان بەدەستووری راگەیاند "بەداخێکی زۆرەوە دەستوەردان لەکۆنفراسدا هەبووە، ناوچەگەرێتی خوێنراوەتەوە، لەزانکۆو پەیمانگاکاندا بەناوی سکرتێرەوە قسە دەکرێت کە نەدەبوایە ئەمانە رووبدات لەکۆنفراسدا".

ئەو کاندیدە بۆ بەرپرسی ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر وتی "یەکێتیی قوتابیان زۆر لەوە گەورەترە ناوچەگەرێتی لەنێویدا هەبێت، ئێمە وەک یەکێتیی قوتابیان بۆ ئەوە دروستبووین خزمەت بکەین، نەک ناوچەگەرێتی بکەین".

کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیان زۆرترین کێشەی بەدوای خۆیدا هێناو چەندین کەسی ئەو رێکخراوە لەیەکێتیی قوتابیان توران، ئەو بەڵگانەی دراون بەرۆژنامەی دەستوور دەریانخستووە کە پێدەچێت لەکۆنفرانسیشدا بەهۆی پشتگیریکردنی سکرتێری یەکێتیی قوتابیانەوە لەبادینییەکان ئاڵۆزی بکەوێتە نێوان سۆرانیو بادینییەکانەوە.

دەستوور پەیوەندیکرد بەعیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بەڵام ئامادەنەبوو لەو بارەیەوە لێدوان بدات.



رێکخراوێکی ناوچەیی

# بەشایەتیدانی پێنج لەشفرۆش، شۆفێرێکی تەکسی خرایە زیندانەوە

شەنگ ماشم لەدهۆک

شۆفێرێکی تەکسی ٥ساڵ زیندانی دەکرێت بەتۆمەتی رێگەخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشی بۆ پێنج ژن، دوای ئەوەی ژنە لەشفرۆشەکان شایەتییان لەسەر شۆفێرەکەدا.

پێنج ژنی لەشفرۆش لەدادگای تاوان لەدهۆک لەم هەفتەیەدا شایەتییان لەسەر گەنجێکدا کە رێخۆشکەربووە بۆ کاری لەشفرۆشی ئەوان لەگەڵ گەنجاندا، ئەو گەنجە لەدادگا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو تەنها وەک شۆفێرێک کاری کردووەو هەر کرێیەکی بەرامبەر بە ٢٥ هەزار دینار بووە.

ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ پاش نەمانی ژنە لەشفرۆشەکان لەئوتێلو مۆتێلەکانی دەڤەری سەرسەنگی سەر بە پارێزگای دهۆک.

یەکێک لەو گەنجانە رۆژانە سەردانی ئەو ئوتێلو مۆتێلانەی شاری دهۆکی کردووە، بەمەرامی کڕیاری سێکسی، دواتر پێنج لەو ژنە لەشفرۆشانە دەگوازێتەوە بۆ دهۆکو رۆژانە کار بەو ژنە لە شفرۆ شا نە دەکاتو کوڕی گەنجیان بۆ دەبات بەرامبەر بەوەرگرتنی برێک پارە لەو گەنجانەو دواتر بەو پارەیە ماڵێک بۆ ئەو ژنانە بەکرێ دەگرێت.

هەر پێنج ژنەکە لەدادگای تاوانی دهۆک ئامادەبوونو شایەتییان لەسەر کارەکانی شۆفێرەکەدا بەناوی (د. ک). بۆ بەرگریکردن لەخۆی (د. ک) لەبەردەم دادگا وتی "من لەشوێنێک بووم دوو ژنم بینی بەتەلەفۆن قسەیان دەکرد، لەقسەکردنیانەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو ژنانە کاری لەشفرۆشی دەکەن، پاشان بەشوێنیاندا چوومو بەگرتمدان".

(ع. خ) یەکێکە لەو ژنە لەشفرۆشانەو لەبەردەم دادگا قسەی کردو وتی "ئەو گەنجە بەرپرسی ئێمە بوو خانوویەکی بۆ ئێمە بەکرێ گرتبوو، ئێمە لەماڵی ئەودا کارمان دەکرد، ئێمە لەگەڵ خەڵکدا دەچووینو کاری لەشفرۆشیمان دەکردو ئەویش پارەی وەردەگرت، من نزیکەی مانگو نیوێک لەوێ کاری لەشفرۆشیم کرد".

لەشفرۆشێکی تریان بەناوی (س. ش) ئاماژەی بەوەدا لەبەغدادەوە هاتووەو لەدهۆک کاری لەشفرۆشی کردووە، لەبەردەم دادگا وتی "ئێمە پێنج ژن بووینو ئەم کارەمان دەکرد، هەرجارێک (١٥٠ تا ٢٠٠ ) دۆلارمان وەردەگرت، من نزیکەی هەفتەیەک کارمکرد پاشان دەستگیرکراین".

(س. ج) یەکێکی ترە لە لەشفرۆشەکانو بەدادگای وت "ئەم تاوانبارە شۆفێری ئێمەبوو، هەرجارێک ئێمەی بە٥٠ دۆلار دەبردو نزیکی١٥ رۆژ من ئەم کارەم کرد". هەردوو ژنە لەشفرۆشەکەی تر هەمان ئەم قسانەیان بۆ دادوەر پشتڕاستکردەوەو پاشان نۆرەی دانپێدانانی شۆفێرەکەهات.

ئەو تۆمەتبارە بۆ دادگای ئاشکراکرد کە ئەو تەنها شۆفێری ئەو ژنە لەشفرۆشانە بووەو وتی "کەسێکی تر ئەم ژنانەی دەدان بەئیشکردنو من تەنها بەئۆتۆمبێلی خۆم دەمهێنانو دەمبردن هەرجارەی بە ٢٥ هەزار دینار".

دادگای تاوان لەدهۆک پاش ئەوەی گوێی بۆ هەر پێنج ژنەکە گرت وەکو شایەتێک لەسەر ئەم کێشەیە، بۆی ئاشکرابوو کە ئەو گەنجە بووە بەرێخۆشکەر بۆ کاری ئەو ژنە لەشفرۆشانە. دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی ئەو گەنجەی داو حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند. بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هەر پێنج ژنەکە خراونەتە زیندانەوە تا دادگایی بکرێن.



# نەزۆکی.. نهێنییەکانی.. چارەسەرکردنی

## د. ژیان ئەحمەد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵانو نەزۆکی بۆ دەستوور





سازدانی: بێستون فەتاح

**د. ژیان ئەحمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵانو نەزۆکی لەدیمانەیەکی دەستووردا، دەڵێت لەکاتی هەستکردن بەحاڵەتی نەزۆکیدا، باشترە ژنو پیاو پێکەوە دەست بەپشکنین بکەن، هەروەها وردەکاری لایەنە شاراوەکانی نەزۆکیو چارەسەرکردنی بۆ خوێنەر روونکردەکاتەوە.**

..............................

**دەستوور:** نەزۆکی چییە؟

**د. ژیان:** نەزۆکی یەکێکە لەو گرفتە تەندروستییانەی تووشی خێزان دەبێت، نەزۆکی وەک پێناسەیەکی زانستی بریتییە لەنەخستنەوەی منداڵ یان منداڵ نەبوون پاش پێکهێنانی هاوسەرگیریی لەنێوان ژنو پیاوێکدا بۆ ماوەی ساڵێک، بەمەرجێک هیچ هۆکارێکی بەرگری لەدووگیانی بەکارنەهێنن، بەواتایەکیتر ئەو دوو هاوسەرە ژیانێکی پێکەوەبوون بۆ ماوەی ساڵێک بەیەکەوە بەسەربەرنو هیچ هۆکارێکی بەرگری دووگیانی بەکارنەهێنن، بەڵام منداڵیان نەبێت، یان ئافرەتەکە دووگیان نەبێت، ئەم ساڵە دانراوە بۆ ئافرەتێک کەتەمەنی گەنج بێت، بەڵام گەر ئافرەتەکە تەمەنی زیاتر بێت وەک تەمەنی ٤٠ ساڵو زووترتر ئەو کاتە ئەو ماوەیە بەشەش مانگ دەژمێردرێت.

**دەستوور:** هۆکارەکانی نەزۆکی چییە؟

**د. ژیان:** هۆکارەکانی نەزۆکی زۆرن، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هۆکارەکان لەهەردوو رەگەزەکەدا دەستنیشان کراون، بەڵام هەندێک هۆکاریش هەن تائێستا زانست درکی پێنەکردووە، کاتێک خێزانێک منداڵیان نابێت، پێویستە ژنو پیاوەکە پزیشکی پسپۆڕی تایبەت بیانبینێتو دواتر پشکنینیان بۆ بکرێت، بۆئەوەی هۆکارەکان دەستنیشان بکرێتو دەستبکرێت بەچارەسەرکردن.

نەزۆکی هەردوو رەگەزەکە دەگرێتەوەو هەندێکجار هۆکارەکەی نەزانراوە، بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری نەزۆکی سێیەکی تایبەتە بەژنەکەو سێیەکی تری تایبەتە بەپیاوەکەو سێیەکی تری پەیوەستە بەهەردووکیانەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە هۆکارەکەی نەزانراوەو لەبنەڕەتدا ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت، سەرەتا ئەگەر باسی ژنەکە بکەین ئەو پشکنینانەی بۆی دەکرێت تایبەتە بەکۆئەندامی زاوزێی ژنەکە، پشکنینی باری هۆرمۆناتی جەستەی ژنەکەیە، باری تەندروستی ئافرەتەکەیە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام سەبارەت بەپیاوەکە پشکنینی تۆوەکەی بۆ دەکرێت لەرێی پشکنینێکی وردەوە کە چەندەها زانیاری دەردەکەوێت، وەک بڕی تۆوەکەی، رەنگی تۆوەکە، ژمارەی خانەکانی تۆوەکەی لەپێوانەیەکی دیاریکراودا، ژمارەی خانە تۆوە چالاکەکان، هەروەها ژمارەی خانە هێواشو ناتەواوەکانو ژمارەی خانە مردووەکانو چەندەها زانیاری تر.

**دەستوور:** هۆکارەکانی نەزۆکی لەناو رەگەزی مێینەدا چییە؟

**د. ژیان:** بەشێوەیەکی گشتی منداڵ نەبوون لەژناندا چەند هۆکارێکی هەیە، یەک هۆکار نییە بەتەنها، یەکێک لەهۆکارەکان وەک ئەوەی لەملی منداڵانی ژنەکە مادەیەکی تێدابێتو ببێتە هۆی کوشتنی خانەکانی تۆوی پیاوەکە، هۆکارێکیتر پەیوەندی بەمنداڵدانی ئافرەتەکەوەیە، وەک ئەوەی منداڵدانی زۆر بچوک بێت یاخود گرێی تیابێت، یان نەخۆشییەک لەناو منداڵداندا بێت، یان لەناوپۆشی منداڵداندا بێت کەنەتوانێت منداڵ بگرێتەخۆی، یەکێکیتر لەهۆکارەکان گیرانی بۆرییەکانی قەناتی فالوبە کەهێلکەدان دەبەستێت بەمنداڵدانەوە، ئەم بۆریانە ژمارەیان دوو دانەیە، ئەگەر بگیرێت بەهەر هۆکارێک بێت وەک ئەوەی لەوەپێش نەشتەرگەری کردبێت، یان بەهۆی ئەوەی تووشی نەخۆشی بووبێت، یاخود هەر لەزگماکییەوە وابێتو چەند هۆکارێکی تری تایبەت بەگیرانی ئەو بۆریانە، هۆکاری تری نەزۆکی لەژناندا بەهۆی کەموکوڕی لەژنەکەدا وەک هۆکاری ناتەندروستی دیواری هێلکەدان بۆئەوەی هێلکە دروستبکات کەدواتر بپیتێنرێت، یان ئەو هۆکارانەی پەیوەندی بەهێلکەدانەوە هەیە وەک ئەو کەسانەی تووشی کیسی هێلکەدان دەبن کەناتوانرێت هێلکە بەئاسانی لەهێلکەدانیان بێتە دەرەوە، یاخود هەندێک کەسی تر هێلکەدانیان زۆر بچوکە، یان هێلکەدانیان بەهۆی نەشتەرگەرییەوە تووشی حاڵەتی ناسروشتی بووە، یان ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەکاری ئەو هۆرمۆنانەی جەستەی ژنەکەوەیە وەک ئەو هۆرمۆنانەی لەمێشکی ژنەکەوە دەردەچن، کاریگەریان لەسەر هێلکەدان هەیە بۆ دروستکردنی هێلکە، واتە پەیوەندی بەدروستنەبوونی ئەو هۆرمۆنانە یان کەمیانەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەی دەبێت هەمیشە تەمەنی ژنەکە بەهەند وەربگیرێت کەتەمەنی ژنەکە کەمبێت، یان تەمەنی گەورەبێت سەرەڕای ئەوەی لەهەردوو حاڵەتەکەدا ژنەکە سوڕی مانگانەی هەیە، بەڵام هێلکەکانی ناتەواوە، یان رووپۆشی منداڵدانی ئامادەباشی تێدانەبێت منداڵ بگرێتەخۆی.

**دەستوور:** ئەی لەرەگەزی نێردا؟

**د. ژیان:** سەرەتا لەو هۆکارانەوە دەستپێدەکەین کەئەو کەسانەی نەخۆشی گەورە یان درێژخایەنیان هەیە وەک نەخۆشی شەکرە کە لەپیاواندا کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر دروستنەبوونی منداڵ، یاخود نەبوونی تۆو بەهۆی هەندێک نەخۆشییەوە وەک لەهەندێک پیاودا لەزگماکییەوە کۆئەندامی زاوزێی گیروگرفتی هەیە، وەک دانەبەزینی گون کە لەناوسکیدا دەمێنێتەوە، یاخود بەهۆی نەخۆشییەکەوە لەمنداڵیدا، یان لەگەورەییشدا تووشی بووبێت، تێکچونێک لەناو گونیدا روویداو نەتوانێت تۆو دروستبکات، یان ئەو قەناتەی کەتۆو دەگەیەنێت، گیرابێت، راستە تۆوەکە هەیە، بەڵام ناتوانێت بێتە دەرەوە، لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر، هەر بۆیە هەمیشە ئێمە کە لەهۆکارەکان دەکۆڵینەوە پشکنین بۆ هەردوو رەگەزەکە دەستپێدەکەین.

**دەستوور:** تاکلایەنە هۆکارەکانی نەزۆکی دەردەکەوێت؟

**د. ژیان:** لایەنێک لەو دوولایەنە هەوڵدەدەن پشکنین بۆ خۆیان بەتەنها بکەن، وەک ئەوەی لەناو ژناندا باوە دەیانەوێت یەکەمینجار پشکنین تەنها بۆ خۆیان بکەن تا بزانن هۆکارەکە لەو دایە یان نا، بەڵکو بەپێچەوانەوە وا باشترە هەردووکیان بەیەکەوە دەستپێبکەن.

**دەستوور:** دەربارەی چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی نەزۆکی بۆچوونت چییە؟

**د. ژیان:** چارەسەرکردن بەگوێرەی حاڵەتەکانیانە، بۆنمونە ئەگەر گیروگرفت لەدروستبوونی هێلکەدا هەبوو ئەوا چارەسەری هەیەو دەدرێت بەژنەکە بۆئەوەی هێلکە دروستبکات، جاری وا هەیە ئەو چارەسەرە زۆر ساکارو ئاسانە، وەک ئەو چارەسەرییانەی بۆ هێلکەدانە، یان بەهۆی پێدانی یان هاندانی هۆرمۆنەوەیە، یان ئەگەر بەهۆی بوونی گرێیەکەوە بێت بەهۆی نەشتەرگەرییەوە چارەسەردەکرێت، بەڵام هەندێک حاڵەتیش هەیە وەک ئەوەی ژنەکە هەردوو بۆرییەکەی گیرابێت یاخود هیچ گیروگرفتێکی زانراوی نییەو ساڵانێکی دوورو درێژە خێزانی پێکهێناوەو منداڵی نابێت، یان گیروگرفت لەتۆی پیاوەکەدا هەبێت وەک ژمارەی تۆوەکە کەمبێت جوڵەی تۆوەکە زۆر لاوازبێت، یاخود شێوەی تۆوەکە سروشتی نەبێت، بۆ ئەمانە پەنا دەبرێتەبەر رێگای تر کەمنداڵی بلوورییە کەئێستا لەناو هەرێمدا لەهەموو پارێزگاکاندا دەکرێت.

# پزیشکەکان پارەیان بەنەخۆشەکان نەهێشت!

## نەخۆشەکان دەڵێن هەرکەسێک رووبکاتە لای پزیشک، پارە لەگیرفانیدا نامێنێت

عەلی بانیشاری لەهەولێر

کاروان ماوەی چەند هەفتەیەکی یەک لەدوای یەکە بەهۆی نەخۆشکەوتنی باوکییەوە روودەکاتە لای کلینکی دکتۆرەکان، ئەو پسولانەی کاروان بۆ باوکی لای پزیشکەکان بڕیویەتی کاروانی تووشی کێشەی مادی کردووە.

کاروان عوسمان بەدەستووری وت "هەرکەسێک لەم رۆژەدا رووبکاتە لای دکتۆر پارە لەگیرفانیدا نامێنێت، بەناشکوری نەبێت هەرگیز ئەم پزیشکانە دینارێک خاتری خەڵکی ناگرنو بەزەییەکیان بەم خەڵکە رەشو رووتەدا نایەتەوە".

گرانی پسولەی پزیشکەکانو بەرزبوونەوەی نرخی دەرمانی دەرمانخانەکان نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروستکردووەو خاوەن دەرمانخانەکانو پزیشکەکان بەبێویژدان دەزانن، حکومەتیش تائێستا هیچ رێگرییەکی نەکردووە.

لەهەولێر پسولە بڕینێک بۆ بینینی پزیشکێک ١٥ هەزار دینارە، لەکاتێکدا نەخۆشێک رەنگە پێویستی بەچەند پزیشکێک ببێت لەیەککاتدا، ئەمەش هاووڵاتیان رووبەڕووی گرفتی مادی دەکاتەوە.

کاروان وتی "کاتی وا هەیە تەنها دەمەوێت یەک پرسیار لەدکتۆر بکەم کەچەند هەفتەیەکە دێمە لای، کەچی دەبێت پسولە ببڕم".

خاوەن دەرمانخانەو پزیشکەکانی هەولێر نایشارنەوە رۆژانە هاووڵاتییەکی زۆر دەبینِنو تەنها هۆکاریش زۆری نەخۆشە نەک پارە، بەڵام وەک هاووڵاتیان ئاماژەی پێدەدەن، پزیشکەکان لەنەخۆشخانەکانەوە نەخۆش رەوانەی لای خۆیان دەکەن بۆ پارە کێشانەوە.




نەخۆشەکان: نرخی پسولەی بینینی پزیشکێک ١٥ هەزار دینارە.

حەکیم عەبدولقادر پزیشکی قورگو گوێ دەڵێت "ئەگەر دکتۆر ویژدانی نەبێت، ئەوا بڕواناکەم کەس خاوەن ویژدان بێت، نەخۆشی واهەیە ئەگەر لەدەرەوە بێت بەلایەوە ئاساییە چەند دەفتەرێک خەرجبکات بۆئەوەی چاکبێتەوە، بەڵام لێرە بۆ پسولە بڕینێک هاواری لێهەڵدەستێت".

ئەو پزیشکە پسپۆڕەی قورگو گوێ ئاماژەی بەوەدا ئەو نەخۆشە زۆرەی رۆژانە دەیبینن هیچی لەبەر پارەنییە، کەسی واش هەیە کە دەزانین هەژارە "پارەی لێوەرناگرین".

نەخۆشەکان هەندێک کات بەهۆی دیارینەکردنی نەخۆشییەکەیانەوەو چارەسەر نەبوونیان، دەرمانەکانی یەکەمجار تەواو ناکەن، پزیشکێکی تر دەرمانی تری بۆ دەنووسێت، یاخود ئەو دەرمانەی وەریدەگرن وەک پێویست بەکاریناهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر. عەبدوڵڵا مادێح بۆ کڕینی دەرمان هاتبوو بۆ یەکێک لەدەرمانخانەکان، بەدەستووری وت "راستە پارەیەکی زۆر خراوەتە سەر دەرمانەکان، بەڵام ئەگەر سودی هەبێت ئەوە کێشە نییە، چونکە ئەم دەرمانانە گومانی لێدەکرێت کەهەندێکیان ئێکسپایەربن".

ئەو نەخۆشە وتی "ناکرێت نیواو نیو خێری بەسەرەوە بخۆن".

خاوەن دەرمانخانەکان نەخۆشەکان لەئێکسپایەرنەبوونی دەرمانەکان دڵنیادەکەنەوەو دەڵێن هەرکەسێک دەرمانی ئێکسپایەری وەرگرت بابچێت سکاڵامان لەسەر تۆماربکات، لیژنە هەیەو هەفتانەو مانگانە بەسەر دەرمانخانەکاندا دەگەڕێت.

ئازاد هادی خاوەنی دەرمانخانەی راستی لەهەولێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەرکەسێک دەرمانی ئێکسپایەری وەرگرت، بابچێت سکاڵا بکات، "بەڵام ئەگەر دەرمانی خراپمان بفرۆشتایە، ئەوا ئێستا چەندین خەڵک بەهۆیەوە گیانیان لەدەستدابوو".

ئازاد دەڵێت "هەندێکجار دەرمان لەبازاڕی رەش دەکڕین کەزۆر گران دەستمان دەکەوێت، یان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە دێتو ئێمەش دەبێت خێر بکەین، بەڵام نەک ئەوەی

# شتێك نییە بەناوی رەخنەی "بونیاتنەر"و"رووخێنەر"

## هەندرێن بۆ دەستوور

ئا: دەستوور

بەشی یەکەم

**هەندرێن چەند ساڵێکە یەکێک لەو دەنگە ناسراوو جدیانەیە کە لەپانتایی ئەدەبو هونەرو رەخنەدا، چ وەک نووسەرو چ وەک وەرگێڕ کاردەکات، ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژی رۆژنامەی دەستوورە لەگەڵ هەندرێن دەربارەی رەخنەو رەخنەی ئەدەبی.**

**دەستوور:** ئەگەر بمانەوێ رەخنە بەگشتیو رەخنەی ئەدەبی بەتایبەت پێناسە بکەین، ئێوە رەخنە چۆن پێناسە دەکەن؟

**هەندرێن:** راستییەکەی نە من وەک خۆم تاکە پێناسەیەکم بۆ رەخنەو رەخنەی ئەدەبی هەیەو نە لەخودی مێژووی کۆنو نوێی رەخنەسازییو رەخنەی ئەدەبیشدا تاکە پێناسەیەک هەیە، لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا رەوتگەلو تیۆریگەلێک هەیە کە هەر یەکێک لەوانە جەخت لەسەر بابەتو گۆشەیەکی دیاریکراو دەکەنەوە، هاوکاتیش هەر یەک لەو روانگەو تیۆرییانە پێناسەی جوداشیان بۆ ئەرکی رەخنەو دەقی ئەدەبی هەیە، من رەخنە وەک شێوازێکی بزۆکی نووسین دەبینم کە لەسەفەرێکی بێکۆتاییدا بەناو ناخی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەرییدا بەدوای راستیدا دەگەڕێت، من خۆم کە کەمو زۆر کردەی رەخنە وەک چەشنە نووسینێکی ئاوەڵا تاقیدەکەمەوە بەو مەیلو ئارەزووەوە پەنای بۆ دەبەم کە بتوانم بەرێگای گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی، بەتایبەتیش شیعریی یان هونەریی، شەبەنگێکی هزریی رابگەیەنم، ئەو تەرزە رەخنەیە بەدوای راوکردنی ئەو تیرۆژە هزرییانەیە کە لەخاکی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەرییدا یان راڕەوی زماندا ئامادەییان هەیە، بەدەربڕینێکی سادەتر ئەرکی رەخنە بەشێوازی زمانێکی دیکەوە چنینەوەی ئەو چرپە یان زرینگانەوە هزرییە پەرتو بڵاوانەن کە زمان لەخاکی نامۆی دەقێکی ئەدەبیی یان هونەریی نمایشیان دەکات.

بەدیوێکی دیکەدا، رەخنە (کریتیک) وەک لەچاوگە زاستییەکانەوە پێناسەدەکرێت کە رەچەڵەکەکەی لەزمانی گریکیدا مانای هەڵسەنگاندنو نرخاندنێکی ئەرێنییو نەرێنی (پۆزەتیڤو نێگەتیڤ) لەرەفتارێک یان دەقێک دەگەیەنێت، دەستەواژەی رەخنە وەک خۆی بێلایەنە، بەڵام بەگشتی وەک کردەیەکی نەرێنی سەیردەکرێت، رەخنە دەکرێ توندو دەشکرێ هێور بێت.

سەبارەت بە"رەخنەی ئەدەبی"شەوە، وەک ئەوەی لەزانستی رەخندا پێناسەدەکرێت، مانای "رانان"ی دەقێکی ئەدەبی دەگەیەنێت، راپەڕێنەری ئەو کارە بەرەخنەگر ناودێردەکرێت، رەخنەگر پردێکە لەنێوان دەقو خوێنەردا، دیارە لەرۆژئاوا، بەپێچەوانەی کوردستان، ئەو کەسانە بەرەخنەگر ناودێر دەکرێن کە پاشخانێکی ئەکادیمی هەیە کە سەرو کاریان لەگەڵ زانستی ئەدەبییدا هەیە، هەروەک رەخنەگر دەبێت خاوەن تیۆرییەکی ئەدەبیی بێت.

سەبارەت بەئەرکی رەخنەو رەخنەگری ئەدەبی، یەکێک لەو رەخنەگرە فەرەنسییە رەچەڵەک جولەکانەی کە لەبواری رەخنەدا بەزمانێکی ئاوێتەکراوی ئەدەبیی فەلسەفی دەنووسێت، ماوریس بلانشۆیە (وتارێکی رەخنەیی سەرنجکێشی بلانشۆ، "پچڕاندن"م وەرگێڕاوە، لەگۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە) لەوتاری "رەخنە لەچۆن رەوشێک دایە؟" کە بەسویدی خوێندوومەتەوە، دەستوورگەلێکی سەرنجکێش لەمەڕ بوونو نەبوونی رەخنەوە دەکا، بلانشۆ دەپرسێ "رەخنە پێویست بێت؟ بۆچی بەرهەمێک بەخۆی نە پەیڤێت؟ بۆچی دەبێ لەنێوان خوێنەرو بەرهەمێک، لەنێوان مێژوو بەرهەمێکدا، ئامادەیی ئەو خۆ بەشتزانە دڵڕەقییە لەخوێندنەوەو نووسین پێویست بێت، ئەو مرۆڤەی کە بەشێوازێکی بەها تێکدەرانەوە خۆی دەکات بەپسپۆڕی خوێندنەوە، وەلێ کە بەبێ ئەوە نەنووسێت ناتوانێت بخوێنێتەوە کە تەنیا لەسەر ئەوە دەنووسێت کە دەیخوێنێتەوەو هاوکاتیش دەبێ واخۆی نیشانبدات کە ئەو کاتێک دەخوێنێتەوەو دەنووسێت، هیچ کارێک ناکات، بێجگە لەوەی کە بوار بۆ قوڵایی بەرهەمێک، ئەوەی کە لەو قوڵییەدا کات دەبات کە لەوێشدا هەمیشە روونتر، نادیارتر خۆشبکات کە بپەیڤێت هیچی تر ناکات؟ .... رەخنە چیتر لەدەرەوەڕا ئەو هەڵسەنگێنەرە نییە کە بەرهەمێکی ئەدەبیی بەدیار بخاتو بەرەبەرەش بەهاکانی رابگەیەنێت."

هەر چۆنێک بێت، وێڕای ئەو چەشنە خستنە ژێر دەستوورەی رەخنەو رەخنەگر کە بلانشۆ سەرنجمان بۆ رادەکێشێت، من وەک خوێنەرێکی بێلایەن، دوو چەشنە رەخنەو رەخنەی ئەدەبی دڵکێشم دەکەن، یەکەمیان ئەوەیە کە رەخنە بەتەرزێک تا دەکرێ راڤەی دەقێک یان بەرهەمێک بکا کە لەوێدا رەخنەگر ئەو بوارە بۆ خوێنەر ئاوەڵا بکاتەوە کە خۆی لەگەڵ دەق یان بەرهەمەکە تێکەڵاو بێتو لەگەڵیدا بژیت، چونکە دواجار رەخنەگر ناتوانێت دوا واتا یان ئاکامی دەق یان بەرهەمێکی هونەریی بەرجەستە بکاتەوە، بۆیە باشتروایە رەخنەگر وەک خوێنەرێک لەخوێنەران تێگەیشتنو ئەزمونی پەیوەندییەکەی خۆی لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەریی دەربڕێت، دووەمیان ئەوەیە کە رەخنەگر لەئاقارێکی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەرییدا نەسرەوێت، بەڵکو بکۆشێ تامو بۆی ئەزمونی جوانناسیی، هونەرسازیی بەرجەستە بکاتەوە کە دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەریی بەخوێنەری دەبەخشێت، رەنگە هەمو خوێنەرێکیش تەواو پەی بەو تامو بۆیەی نەکەن، هەڵبەتە ئەو دوو پێناسەیە بۆ رەخنە ئاوێتەی یەکترن.

بەمجۆرە گەرەکە رەخنە قورسایی راڤەکەی لەسەر ئەو کۆدو هێمایانەی ناو راڕەوی زمانی دەقەکەوە چڕبکاتەوە کە هێزی تەقینەوەی دەقەکەن، بەواتایەکی دیکە رەخنە دەبێ نەرێنییو پەرجووی رۆحی نامۆی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەریی بەگۆبێنێت، دیارە ئەو کردەیەی رەخنە تەقڵەهەڤە، چونکە خوێنەر بەدەم خوێندنەوە تووشی تەقڵەهەڤییو پەرجووە دەبێت کە لەخودی دەق بەتایبەتیش لەهەناوی دەقێکی راستینەی شیعرییدا ئامادەیی هەیە.

لێرەوە کردەی رەخنە لەروونترین پێناسەدا وەک تەرزە کردەیەکی بزۆک دەبێ توانایەکی بەرزی هەڵسەنگاندنی دەقی تێدا بێت، بەمجۆرە ئەگەر رەخنەگرێک خۆی وەک خوێنەرێکی هیدڵی، پەرۆشخۆرو خودان توانای رەخنەی بزانێت، گەرەکە بتوانێت ئەو نادڵنیاییو واتایە پەرتەوازانەی دەقێک رۆشنبکاتەوە کە دەقەکە لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت.

کەواتە پێناسەی من لەرەخنەدا ئەوەیە کە پەیامە ناوەکییەکانی دەقێکی ئەدەبی راڤە دەکا نەک شێوە دەرەکییەکانی، رێزمان یان ئاماژە دیارەکانی دەق، بەکورتی رەخنەو رەخنەگری پەرۆشخۆر هەوڵدەدات دەست بەراستەقینەیی جوانی دەقەوە بگرێت نەک سەپاندنی حەزی خۆی بەسەر دەقدا، رەخنە وەک بوارێکی پێویستو بەهادار لەبنەڕەتدا لەمەیلی بۆ ئەدەبو راستیدا رەگئاژۆیە، راستییەکەی رەخنە یەکێک لەسەختترین شێوازەکانی نووسینە، چونکە ئەرکێکی پەروەردەیی هەیە، کەواتە کاتێک رەخنەگرێک رەخنە لەدەقێک دەگرێت تەنیا نووسەری دەق ناگرێتەوە، بەڵکو خوێنەریش دەگرێتەوە، بۆیە خوێنەری زرنگ مافی خۆیەتی کە ئەو رەخنەگرە هەڵسەنگێنێو بەرەو رووی بێتەوە، بەڵێ، لێرەدا ئەمەیە پێناسەی من بۆ رەخنە، بێئەوەی بەقوتابخانە یان چەمکگەلێکدا ناودێری بکەم.

**دەستوور:** زۆرجار کە باسی رەخنە دەکرێت، باس لەچەمکێکی "رەخنەی بونیاتنەر" دەکرێت، بەلای ئێوەوە رەخنەی بونیاتنەر چ مانایەکی هەیە، ئایا چەمکی رەخنەی بونیاتنەر کە بەرامبەر بەرەخنەی رووخێنەر بەکار دەبرێ، جۆرێ خاڵی کردنەوەی رەخنە نییە لەمانا رادیکاڵەکەی؟

**هەندرێن:** لەئاستی کوردییدا ئەو دوو بەناو کردنە لەرەخنە بەردەوامییەکە لەو سیاسەتاندنە باوەی کە ژیانی کوردی سیخناخ کردووە، بۆیە "رەخنەی بونیادنەر"و "رەخنەی رووخێنەر" گواستنەوەی هەمان قسەی دووبارەی سەرزاری سیاسییەکانە کە ساڵانێکە وەک وەڵامێکی سواو لەهەمبەر ئەو شاڵاوی رەخنەو هاتو هاوارانەی کە لەسەر گەندەڵییە شەرمهێنەرەکانیان

> "رەخنەی بونیادنەر"و "رەخنەی رووخێنەر" گواستنەوەی هەمان قسەی دووبارەی سەرزاری سیاسییەکانە

دەنووسرێنو دەگوترێن، بۆیە لەبنەمادا شتێک نییە بەناوی رەخنەی "بونیاتنەر"و "رووخێنەر"، لەبنەڕەتدا "رەخنەی بنیاتنەر" ئەگەر مەبەست "konstruktiv kritik" بێت، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کە لەپێناوی گۆڕانکاریدا پێشنیازی جیاواز پیشکەشدەکات، "رەخنەی روخێنەر-destruktiv kritik" هەیە کە بەپێچەوانەی "بنیاتنەر"ە، ئەو دوو شێوازە رەخنەیە لەبواری زانستی رەخنەو زمانەکانی رۆژئاوادا وەک رەخنەی ئەدەبی ئامادەییان نییە، ئامادەیی ئەو دوو چەشنە رەخنەیە لەبواری رەخنەی کوردییدا بۆ تێگەیشتنێکی سەقەتو رووکەشی رەخنەی ئەدەبیی دەگەڕێتەوە، چونکە لەئاستی زانستگاو بەتایبەتیش لەبەشی ئەدەبدا، ئاستی خوێندکارو مامۆستایان لاوازە، بۆیە ئەو چەمکانەی رەخنە وەک کۆی چەمکەکانی تری سیاسیی، جڤاکیی، سیاسیی، تیۆرییو ... تاد بەخراپی دەگوازرێنەوەو پێناسەیەکی رواڵەتیو جەڵەبیان بۆ دەکرێت، بەمجۆرە ئامادەی ئەو دوو پێناسەیە لەرەخنە لەبواری نووسینی کوردییدا پەیوەندی بەخودی ئەو شێوازە سەقەتەی رەخنەوە هەیە کە لەبواری رەخنەی کوردییدا باڵادەستن، ئاشکرایە کە ئەمڕۆ لەرەخنەی کوردییدا دوو چەشنە نووسین بەناو رەخنە هەیە، یەکێکیان لەسەر بنەمای رۆشنبیرییەکی هەستەکییو رقئامێزەوە بونیاتنراوە، لەوێدا ئەو رەخنەگرە پێشوەخت بڕیاریی داوە، وەک چۆن مامۆستایەکی جینگزو دیکتاتۆر لەپێشڕا بڕیاری داوە لەتاقیکردنەوەکەدا بەبیانوی بنکۆڵ خوێندکارەکەی ساقیت بکا، ئەو رەخنەگرەش بەهەمان شێوە نووسەرو دەقەکەی یەکسان دەکات بەسفر هیچ بەدەست.

دووەمیان، بەپێچەوانەی ئەو رەخنەیەوە، رەخنەیەکمان هەیە کە پێشوەخت بڕیاری داوە وەک کۆیلە بەشانو باڵی نووسەرو دەقەکەی هەڵبڵێت.

دیارە ئەو دوو شێوە رەخنە سەقەتە کە گوتمان بەرەواجترین رەخنەی کوردیین، فریان بەهونەرێکی سەختی وەک رەخنەوە نییە، بەڵکو بریتین لەکۆمەڵێ بۆچوون کە سەرچاوەکەیان لەرۆشنبیرییەکی هەڵبڕزکاوو رواڵەتیی هەڵقوڵاون، ئەو دوو رەخنەیە بەرهەمی بەرتەکێکی هەستەکین نەک بیرکردنەوەیەکی رەگئاژۆ لەزانستی ئەدەبدا.

چونکە بەشێکی زۆری بەناو رەخنەگری کوردیی کوشتەی هەمان گرفتو تێگەیشتنی رووکەشن لەچەمکی رەخنە، بۆیە لەنێوان ئەو دوو پێناسە سەقەتەدا چەقیون، کەچی کارەساتەکە لەوەدایە کە خودی ئەو رەخنەگرە جەڵەبییو باوانەی کە بەهۆی زارقەرەباڵغییانەوە توانیویانە لەرێگەی میدیا حیزبییەکانەوە خۆیان بسەپێنن، وەک خودی حیزبەکان ناتوانن دەستبەرداری ئەو بەناو "رەخنە رووخێنەر"و "بنیاتنەرە" بن کە خۆیان سازێنەرینە.

ئەو تەرزە رەخنەگرە گۆجە لەسەر ئەو دوو پێناسەی لەرەخنەی ئەدەبییدا ماونەتەوە، بۆیە هەمیشە خوێنەریی کوردییان بەو باسەوە گۆجکردووە.

بەمجۆرە ئەوانەی کە خەریکی بێتامکردنی زمانو رەخنەی کوردیین بەدەستەواژەی "رووخێنەر"و "بنیاتنەر"، ناتوانن بەبێ دروستکردنی بەرانبەرێکی دژ بۆ خۆیان بژین، گوتمان تا ئاستی زانستگاو بەشە ئەدەبییەکەی ئەوها بێبەرهەم بێت، ئەو دوو پێناسە باوو جەڵەبییەی کە دەقکوژە بەهەرمێن دەبن.

دیارە من لەوتارە فراوانەکەم "پێرگریی رەخنەگر ئەفراندنی گەندەڵی"دا لەبەهای رەخنەی ئەدەبیی، گرفتەکانی رەخنەو رەخنەگری کوردیی دواوم، ئەگەر خوێنەر حەز بکات دەتوانێت بیخوێنێتەوە.

بەڵێ، رەخنە، وەک لەوەڵامی دەستووری پێشوودا هەوڵمان دا کەمێکی باسبکەین، هێندەی پەرۆشخۆری سازاندنی گەڕانو گفتوگۆی دۆستانەی نێوان دەنگە ناوەکییەکانی دەقو خولیاکانی خوێنەرە، ئەوەندە لەخەمی "بونیاتنان"و "رووخاندن"ی کەسێک یان ئۆبژەیەک یان جیهانی بزۆکو هێماکانی دەق نییە.

**دەستوور:** چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان رەخنەو خوێندنەوەو تەفسیر کردندا؟

**هەندرێن:** هەرچەند نازانم ئەو دەستەواژانەی تۆ بەکارت هێناون رەچەڵەکی چەمکەکانیان لەزمانی گریکی کۆن یان زمانی رۆژئاواییدا چین، هاوکاتیش ئەو دەستەواژانە رستێک لەدەستەواژەی زانستیی ئەدەبیو هزرین کە لەپرۆسەی مێژووی ئەدەبو فەلسەفەی رۆژئاوادا زاوزێیان کردووە، ئەو چەمکانە وەک تۆڕێکی لێکگرێدراو وان، بۆیە رەنگە لەدیدارێکی رۆژنامەوانییدا نەک هەر ناکرێت پێناسە بکرێن، بەڵکو رەنگە خێرا باسکردنی لەدەرەوەی ناوکۆیی (کۆنتێکست)ی پرۆسەی مێژووی زانستی رەخنەی ئەدەبییدا، بەهەڵەو سەرچیغیان ببەین، هەرچۆنێک بێت، شیکردنەوەی رەچەڵەکی "رەخنە بەمانا گریکیو لاتینییەکەی"، "خوێندنەوە رید بەئینگلیزییەکەی"و "تەفسیرکردن واتا ئەنالایز"، کە رەنگە بەکوردیی "راڤە-شرۆڤە" بێت، لێرەدا مەیسەر نابێت، ئەو جۆرە دەستوورانە پێویستیان بەوەیە وتاری زانستی سەربەخۆیان لەسەر بنووسرێن، چونکە لەزمانی کوردییدا ئەو چەمکانە بەگۆترە باس دەکرێن.

بەکورتییو کوردی، ئەوەندەی بشێ لێرە بێژم کە "رەخنە" هەوڵدەدا لایەنە چاکو خراپ، هەڵەو راستو کێماسییەکانی دەقێک تاوتوێ بکات.

"خوێندنەوە" شێوازێکی رەخنەیی ئازادو بزۆکە، ئەو شێوازە رەخنەییە رەنگە هەوڵبدا دیوێک لەدەق یان بەرهەمێکی هونەریی بخوێنێتەوە یانیش بەدەر لەئاوڕدانەوە لەکەمو کورپییەکانی زمانو کێماسییەکانی دەق، هەوڵبدا ستراکچەری زمان "بابەت، سەرچاوە، کۆد، هێماو ئامانجەکانی دەق نمایشبکات، رەنگە لەو شێوە رەخنەیەدا سۆبژە رەخنەگر خوێنەر وەک ئۆبژەیەک دەق سەیر نەکات، بەڵکو بێلایەنانە ناوەرۆکی دەق بناسێنێت. کەچی رەخنەی "تەفسیرکردن-ئەنالایز" کە لەوشەی گریکی "analysis"ەوە هاتووە، واتای یەکلاکردنەوە یان شیکردنەوە دەگەیەنێت، ئەو شێوازە لەرەخنە دەق تیکە تیکەی دەقێک بەجیا شیدەکاتەوە، تا لەهەر یەکێک لەو تیکە تیکانەی دەق یان لەکۆی هەموویاندا روانگەیەک یان ئاکامگرییەک بەرهەمبهێنێت، هەروەک "رەخنەی ئەنالایز" زیاتر بەدوای دەستەواژەو واتاو رەهەندە نادیارو ئاڵۆزەکانی دەقێکی ئەدەبی یان بەرهەمێکی هونەریی دەگەڕێت، کە کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی زمانو ماناکانی دەقو بەرهەمە هونەرییەکەوە هەیە، لەروانگەی هزرێک، تیۆرییەکەوە هەوڵدەدا ئایدیا، هزرێکی نوێ لەبنیاتی زمانی دەقێکی ئەدەبییو بەرهەمێکی هونەرییدا بەرهەمبهێنێت.

ئەو شێوازە لەرەخنەیە لایەنی ئەرێنییو نەرێنیی دەق زۆر بەسەر ناکاتەوە، زۆر هەقی بەرووخسار، فۆرمو تەکنیکی دەقو بەرهەمە هونەرییەکەوە نییە کە "تەفسیر"ی دەکا، بەڵکو ئەو شێوازە لەرەخنەیە بەراڤەکردنی ئەو بابەت، کۆدو هێمایانەی لەو زمانەی کە دەقەکەی چنیوەتەوە یان ئەو هێما، کۆد، سیمبولو وێنانەی کە لەبەرهەمە هونەرییەکەدا، هزرێک بەرجەستە بکاتەوە یان واتایەکی نوێ لەو دەقە بەرهەمبهێنێتەوە، رەنگە ئەو ئاکامگیرییەی کە رەخنەی "راڤەکاریی" لەدەقێک یان بەرهەمێکی هونەرییدا ئەنجامیدەدا، پەیوەندی بەو واتاو مەبەستانەوە نەبێت کە نووسەر یان هونەرمەند خۆی یان خوێنەری گشتی بیریان لێکردۆتەوە.

> بەشێکی زۆری بەناو رەخنەگری کوردیی کوشتەی هەمان گرفتو تێگەیشتنی رووکەشن لەچەمکی رەخنە

> رەخنەگر لەئاقارێکی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەرییدا نەسرەوێت، بەڵکو بکۆشێ، تامو بۆی ئەزمونی جوانناسیی، هونەرسازیی بەرجەستە بکاتەوە کە دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەریی بەخوێنەری دەبەخشێت


هەندرێن

# دڵتەنگی

**چار نییە دەبێ لەگەڵ ئەم گوێ زرینگانەوەیەدا بژیت، دڵخۆشەکان هەمیشە لەگەڵ دەنگە سەیرو سەمەرەکاندا دەژین. کەم کەم خەریکە بەو ئاکامە دەگا کە بۆ ئەوەی دڵخۆش بیت دەبێ گوێت بزرینگێتەوە، دەبێ ئەوانی دی باست بکەن، تۆ خۆت نازانی بۆ دڵخۆشی، بەڵام ئەوانی دی دەزانن.**

**فەرۆخ نیعمەتپوور**



ماوەیەک نەیدەزانی داخۆ دڵی خۆشە یان ناخۆشە! ئەسڵەن هیچ وێنایەکی لەزەین و دەروونی نەمابوو، تەنیا دەژیا، ژیانێک وەک ڕووانین، هاتن و ڕۆیشتن، نان خواردن، خەوتن، جارجارە قسەکردن و دانیشتن، شتێک وەک بەتاڵی، بەتاڵیی دەروون، دونیایەک کە تێیدا هەموو ڕەنگەکان، ژمارەکان و ئەندازەکان وەک یەک وابوون، هەموو شتێک لەیەک دەچوو، جیاوازییەکان نەمابوون، دنیا، پەیکەرێکی تاپۆئاسا، ڕوانین، تەنیا بەسەر شتەکان و دیاردەکاندا دەخشاو دەخشا، ئەوسا لەشوێنێک ون دەبوو یان ڕەنگە لەهیچ شوێنێک لەوبەری شتەکاندا ون نەدەبوو، بەڵکو هەر لەناو شتەکاندا لەشوێنێکی نادیار لەخۆیدا نوقم و بزر دەبوو، بیرکردنەوەکانیش هەروەها زەین و بیر هیچ شتێکی لەخۆ نەدەگرت، زەین، بوونێکی بەتاڵ، تەنیا هەبوونێک لەژیانێکی داسەپاودا کە بەیانی لێدەهات، لەخەو هەڵدەستاو دەچووە بەر پەنجەرەکەو سەیری ئاسمانی دەکرد، ئاسمان دیاربایە یان نا، ئەمە پیشەی بوو، شەوانەش پێش خەو ئەم کارەی دووپات دەکردەوە، ئیتر لەبیری نایەت لەنێوان ئەم دوو ڕوانینەدا لەئاسمانی دەڕوانییەوە یان نا، تەنیا کاتە یەکسانەکان بوون کە لەخۆی دەگرتن.

وەک نەریتی ڕۆژانەو وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە کارە ڕۆتینە ڕۆژانەکانی ئەنجامدەدا، بەڵام تەنیا ئەنجامیدەدان، هیچ کردەوەیەک لەوێ نەبوو، ئەم لەشوێنێکی دیکە بوو، لەشوێنێکی بێڕەنگ و بێبۆو بێبوون و بێهەبوون، کەی ئەم حاڵەتە دەستیپێکرد؟ نازانێ! دەیزانی وەڕسە لەمە، دەیزانی زۆر بەتاڵە، دەیزانی جەستەی تەنیا دیاردەیەکە کە ئەم تەنیا هەڵیدەگرێ و بەس، ڕۆح؟ نازانێ! ڕۆح، جەستەی هەڵدەگرت یان جەستە ڕۆح؟ نازانێ! داخۆ ئەم دووانە لەکوێ بەیەک دەگەیشتن؟ دیسان نازانێ! جاریوایە جەستەی خۆی دەبینی کە لەشوێنێک هەڵکورماوەو لەڕۆحی دەڕوانێ کە لەولاوە لەو دوور دوورانە خەریکی پیاسەیەکی بێهودەیە، پیاسە بەناو دونیایەکدا کە کەس نەیدەزانی لەکوێ دەستپێدەکاو لەکوێ کۆتاییدێت یان ڕۆحی خۆی دەبینی کە لەشوێنێک دانیشتووەو لەجەستەی سەرگەردانی دەڕوانێ، ئەو جەستەیەی کە زۆر لەجەستەی نەدەکرد، ئەو جەستەیەی کەس نەیدەبینی و کەچی چەندەش حەزی لەناو ئەوان بوو!

جارجارە هەوڵێک بۆ گەڕانەوە بۆ پێش ئەم دۆخە، بەڵام بێهوودە، ڕەنگە دونیا هەروابووەو هەرواش دەبێ، جارجارەش هەوڵێک بۆ بەزاندن و واوەترچوون لێی، بەڵام دیسان بێهوودە، چەند جەستەو ڕۆحێکی چەقیو! بوونێک کە تەنیا بوون بوو، یاخود هەبوون.

تا شەوێک شتێکی بیست کە دەبا سەرەنجام بیبیستێ! شەوێک لەشەوەکانی هاوین، ئەو کاتانەی هەموو لەماڵەوە دانیشتوون و دوای نانخواردنی شەو خەریکی چان خواردنەوەن، ئەوسا قسەیەکی بیست، نازانێ کێ، بەڵام کەسێک گوتی "مێشکم پەرێشان دەبێ کاتێک دەبینم کەسێک پێویستی بەشتێک هەیە!" جوڵا، بەم قسەیە جوڵا، چۆن بوو مێشکی ئەم گوتەیەی لەخۆگرت، نازانێ، تەنیا گرتی، ئەوسا ئارام هەستاو چووە ژوورەکەی تر، لەوێ چووە بەر پەنجەرەکە، جگەرەیەکی داگیرساند، سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد، ئاسمانی نوقمی ئەستێرەی هاوین، شاخێک کە لەپانتاییەکەیدا ڕاکشابوو، ئەوسا ئەستێرەکان جوڵان، یەکیان بوو بەجەستەیەکی لەت لەناو تۆزو دووکەڵ و هاوارو گرمەدا، ئەستێرە لەتەکە کەوتە سەمایەکی ئارام، وەک سەمای ئازار، سەمای جەستە لەدوا کاتەکانی ژیاندا، ئەستێرە لەتەکە لەبەر تۆز، خوێنی جەستەی دیار نەبوو، لەبەر گرمەو هاوار هەناسەی خنکابوو، نەدەبیسترا.

ئەستێرەیەکی تۆزاوی کە تەنیا لەمی دەڕوانی و لەژێر لێوەوە ڕستەیەکی تام دەکرد، سەری دانەواند، لەباغەکەی ڕووانی، باغی ناو حەوشەکەی خۆیان، ئەوسا دار گوێزەکەی بینی کە لقەکانی کشان، ئەوەندە بەرز تا ئاسمان، لەوێ لەئەستێرە لەتەکە ئاڵان، یەکێک لەگەڵاکان پەنجەی خستە سەر لێوی ئەستێرەکەو گەڵاکانی دیکە جەستەیان داپۆشی، چوارمیلکە دانیشت و سەری لەناو لەپی دەستەکانیدا ون بوو.

ماوەیەک یەکجار دڵی ناخۆش بوو! وەها کە لەم دڵ ناخۆشتر لەجیهاندا دەست نەدەکەوت، ئەوەندە غەمگین کە دەڵێی خودی پەیکەری غەم بوو، قاچەکانی بەئاستەم هەڵدەهاتن و جەستەی سەرتاسەر بوونێکی شۆڕ، شۆڕ شۆڕ بەسەر زەویدا، پەیکەرێک کە شان و سەرو ملی لەیەک جیادەکرانەوەو کەمەری هەمیشە دەڵێی لەئامێزی زەوی، یاخود دەستێکی نادیاردا بوو کە دەڕۆیی، هەموو دنیا ڕادەوەستا کە دەڕۆیی هەموو شتێک ئارەقی دەڕەشت، کێوەکان، تەمێکی سەیر دایدەگرتن و ئاسمان وەک شینێکی تواوە تکتک بەئاسۆدا دەچۆڕایەوە، دەزانێ کە لەو ڕۆژەوە غەمگینە کە ئەستێرەکە بریندارکراو دارگوێزەکە لەحەوشەکەی ئەمانەوە ناشتی، حەزی دەکرد لەهەموو شوێنێک باسی ئەستێرەکە بکات، باسی ئاسمانێکی بێبن و بێکۆتاو ئەستێرەیەکی هەرە بچوک کە هەموو شەوێک کاری تەنیا درەوشانەوە بوو، بیرکردنەوە لەو ئەستێرەی کە پێویستی بەئاسمان بوو یان خود ئەو ئاسمانەی کە پێویستی بەئەستێرەکە بوو یان ڕەنگە خۆی کە لێرە لەکونجێکی دنیادا لەبەر پەنجەرەیەکی تەنیشت دارگوێزێکدا پێویستی بەو ئەستێرەیە بوو، دڵی چەند تەنگە، هەموو شەوێ دەچێتە قەراغ پەنجەرەکەو داوا لەدارگوێزەکە دەکات باسی ئەو شەوەی بۆ بکاتەوە، ئەویش تا دەتوانێ بۆی باس دەکات، هەتا شەوێک لەکاتی باسکردنەکانیدا ئارام دەست بۆ ئەستێرەکانی تر ڕادەکێشێت، ئەو شەوە ئەم ئەستێرەکانی تری بینی، بینی و قاقایەکی سەیرو تەڕ هەموو جەستەی لەخۆگرت.

ئیستا یەکجار دڵی خۆشە! لەبەر خۆیەوە هەمیشە بزەی دێت و بەدڵ خۆشییەکی فراوانەوە لەدنیا دەڕوانێ، بۆخۆشی دەزانێ بۆچی، دەزانێ تەنیا ئاماژەیەک بووە هۆی ئەم گۆڕانە کتوپڕییە، ئاماژەی دارگوێزێک لەپانتایی شەوێکی تاریکدا کە دڵخۆش بێت، دونیا چ خۆشە! چەند خۆی بەقەرزاری ئەو ئاماژەیە دەزانێ، ئەو "ڕۆژە ئاماژە"ی کە پەیکەری تێدا ڕاستبووەوەو لەگەڵیا ئاسمان و کێوەکان و زەویش! هەموو شتێک گۆڕا، ئەوەندە گۆڕا کە ئیدی هەستی دەکرد خودی گۆڕانە، پەیکەری ئەزەلیی و ئەبەدیی گۆڕان، ئەگەر جاران هیچ زانیارییەکی سەبارەت بەپێکەنین، بزە یاخود هاوار نەبوو، ئێستا هەر لەخۆیەوە بزەی دێ و پێدەکەنێ.

جاروباریش هاوار دەکا، هەڵبەت لەچۆڵگەدا لەدەرەوەی شار دەچێتە ئەوێ و دەقیڕێنێ، قوڵەکانی لەبەریەک لەئاراستەی شانەکانیدا دەکشێنێ و پڕ بەگەرووی ڕوو بەئاسمان هاوار دەکا، هاوارێکی وەها کە پەنجەکانی سڕ دەبن، هاوارێک کە هەموو هێزەکان دەخواو هیچ هێزێکی دیکەش بەشی ناکا، دەزانێ کە ئەستێرە ونەکەو ئەستێرەکانی دی و دارگوێزی حەوشەکەش گوێی لێیە، ئەمە ئەوەندەی تر خۆشییەکەی زیاد دەکا.

چەند سوپاسگوزاری دونیایە، چەند سوپاسگوزاری دارگوێزەکەو ئەستێرەکانی دیکەیە، دونیا ئەوەندە خۆشە کە هەمیشە گوێی دەزرینگێتەوە، دەنگێک لەگوێچکەکانیدا دێت و دەڕوا، هەمیشە چ لەخەوو چ لەبێداریدا لەوێیە، لەگەڵیدایە.

وادیارە خۆشییەکە تەنیا لەدەرەوە نییە، لەدەروون و لەناو گوێچکەکانیشیدایە، بەڵام ئەم لەم زرینگانەوەیە حاڵی نابێت، وشەکان و ڕستەکان لێک جیاناکرێنەوە، ئەوەندە بەپەلەن کە تەنیا دەڕۆن، دەڕۆن و چاوەڕێ نین کەس لێیان تێبگات، تا ڕۆژێکیان دایکی گوتی ڕۆڵە زرینگانەوەی گوێچکە یانی ئەوەی کە باست دەکەن، کەس یان کەسانێک باست دەکەن، باشە دەبێ کێ بێ باسی دەکا؟ کێ بن؟

دەبێ بیدۆزێتەوە یان بیاندۆزێتەوە، لەماڵ دێتەدەر، هەر لەدەرگای دەرەوە کە دەترازێ، گوێ هەڵدەخا، تەنیا زرینگانەوە، سەیری ڕێبوارەکان دەکا، هیچ نابیستێ، سەرەوخوار دەبێتەوە، لەبەر هەر ماڵێک و خانوویەکدا ڕادەوەستێ، گوێ هەڵدەخا لەسەر هەر کۆڵان و لەبەر هەر پەنجەرەیەک، لەژێر هەر درەختێک، باڵندەکان تەنیا دەجریوێنن و گەڵاکان تەنیا خۆ لەبا دەخشێنن، ڕێگا دەگۆڕێ، بەرەو سروشت، لەوێش هەمان شت، وەڕس دەبێت، باشە دەبێ کێ باسی بکا، نە شارو نە سروشت، نە کۆڵان و نە گەڵا، ئەی کێ؟ باشە دایە دەبێ کێ باسم بکا؟ دایکی تەنیا دەزانێ کە باسی دەکەن، دایکی دەڵێ هەموو کەس باسی دڵخۆشەکان دەکەن، بەڵام شەرت نییە بۆ خۆت گوێت لێ بێت، کە نزیک دەکەوێتەوە، ڕادەوەستن، قسە ناکەن، هەر دوور کەوتیتەوە دیسان دەستپێدەکەنەوە، ئەم پێیوانییە وابێت، ئەم پێیوایە بۆ جارێکیش بێت، ئەوان نازانن کە ئەم لێیان نزیک کەوتووەتەوە، ڕەنگە مرۆڤەکانی پێش ئەمان یاخود ئەوانەی دواترن کە باسی ئەم دەکەن، بزەیەک دەیگرێ، دەی چۆن بزانێ؟ چار نییە دەبێ لەگەڵ ئەم گوێ زرینگانەوەدا بژیت، دڵخۆشەکان هەمیشە لەگەڵ دەنگە سەیرو سەمەرەکاندا دەژین، کەم کەم خەریکە بەو ئاکامە دەگا کە بۆئەوەی دڵخۆش بیت دەبێ گوێت بزرینگێتەوە، دەبێ ئەوانی دی باست بکەن، تۆ خۆت نازانی بۆ دڵخۆشی، بەڵام ئەوانی دی دەزانن، کەچی پێت ناڵێن، ڕەنگە هەموو ڕازی دڵخۆشی لەم نەزانینەدا بێت، دەگەڕێتەوە ماڵ، دایکی بەبزەوە سەیری دەکا، شتێک دەڵێ کە ئەم نایبیستێ.

شەو دێت، نان دەخوا، کەمێک لەگەڵ ئەوانی دی دادەنیشێت و دەچێتە ژوورەکەی دی، جگەرەکەی وەک هەمیشە دادەگیرسێنێ و دوای ماوەیەکی زۆر دووری لەپەنجەرەکە، دەچێتەوە بەری، دیسان هاوینە، دیسان دارگوێزەکەو ئاسمانی تەژی لەئەستێرە، ئاگای لێیە دارگوێزەکە دیسان لق بەرەو ئاسمان دەهاوێ، بەرز بەرز، تا ئەو شوێنەی کە هاوینی پێشوو یاخود هاوینەکانی پێشوو ئەستێرەکەی تیا بریندار بوو، نێژرا.

گەڵاکان لەشوێنە بەتاڵ و خاڵییەکەی ئاسمان لەیەک دەئاڵێن و ئەستێرەیەک دروستدەکەن، گوێی لێیە گەڵاو ئاسمان دەکەونە دوان، گوێی لێیە باسی ئەم دەکەن، باسی ئەو ئەستێرەی کە ئێستا لەئەمدا نێژراوەو قسەکانی بەگوێی ئەمدا دەچپێنێ، باسی خۆشی، باسی ناخۆشی و باسی بەتاڵ بوونەوەکان، لەپەنجەرەکە دەپەڕێتەوەو بەدارگوێزەکەدا هەڵدەزنێ، بەو لقەیدا کە لەئاسمانە دەئاڵێ، گەڵاکان دەبیەن، دەچێتە ئەوێ، لەوێ لەشوێنی ئەستێرە ونبووەکەدا ڕادەکشێ و گەڵاکان لەخۆی دەکاتەوە، ئاگای لێیە گەڵاکان خۆیان کۆدەکەنەوەو لقەکە دەکشێتەوە بەرەو زەوی، بەرەو حەوشەکەی ئەمان، لێرەوە زەوی چەند بچوکەو خانووەکەی ئەمانیش چەند ون، ئەوسا گوێی لەهەموو شتێکە، زرینگانەوەکان دەبن بەوشەو بەرستە، لێرە ئەستێرەکان باسی ئەم دەکەن، باسی ئەو ئەستێرە ونبووەی کە دوای بزربوون و ناشتنی گەڕابووەوە، ئاسمان چەند خۆشحاڵە!

# ئاوی سوێر

**سێرگی پامیس ، ساڵی ١٩٦٠ لەپاریس لەدایکبووە، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕو هەواڵنێری ڕادیۆو تەلەفیزیۆنە، ساڵی ١٩٩٢ یەکەم ڕۆمانی بەناوی "غەریزە" بڵاوبۆوەو خەڵاتی پرۆدنسی بێرترانای وەرگرتو ڕۆمانی "هەستیار بوونی" ساڵی ١٩٩٦ بڵاو کردەوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی ڕۆمانی گەورەی بارسلۆن ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی سێرا دیڤۆر کریتیکسی وەرگرت.**

**ن: سێرگی پامیس**
و: محەمەد هاشمی

بەیانی کە لەخەو خەبەرم دەبێتەوە، زۆرم حەز لەگریانە، بەڵام کاتم نییەو زۆر کارم هەیە کە دەبێت پێیان بگەم، بۆ دواتر، دەکەومە ڕێ بەرەو فەرمانگە بۆئەوەی بۆ کاتی کۆبوونەوەی یەکەم لەکاتی خۆیدا بگەم، بەرپرسی گشتی ڕاپۆرتی چوونە سەرەوەی نرخەکان یان هاتنە خوارەوەی نرخەکان دەخوێنێتەوە، لەسەر کاغەزەکەی بەردەمم داس و چەکوشێک دەکێشمەوە، فرمێسک زاوەتە چاوم و هاکا دەستم کرد بەگریان، هەڵبەت ئێستا بەر بەگریانەکەم دەگرم، لەکارگێڕی خەریکی تاوتوێکردنی حیسابەکانم دەبم، کاتژێر دووی پاش نیوەڕۆ کۆتە پەشمینەکەم دەکەمە بەرم و دەچمەدەر بۆئەوەی بگەمە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی لەگەڵ مامۆستای کوڕەکەم، لەگەڵ ژنە کۆنەکەمدا هاوکات دەگەینە ئەوێ، لەماوەی کۆبوونەوەکەدا مامۆستاکە زیاتر ڕووی قسەی لەمنە نەک لەگەڵ ئەوو ئەمە ئەزیەتم دەدات، هەرچەند ڕەنگە لەبەرئەوەی ئەو قسانەی کە دەکرا پێمخۆش نەبوو، دەڵێت کوڕەکە کێشەی هەیە، ئاگای لەپۆلەکە نییەو ئەزیەتی هاوپۆلەکانی دەدات، بەتایبەت کچە ئەفریقییەکان، زۆر جەخت لەسەر ئەفریقیبوون دەکاتەوە، بڕیاردەدەم بەشوێنیدا بڕۆم و کارێک بکەم، هەرچەند دادوەر تەنها مۆڵەتی پێداوم دوو هەفتە جارێک کوڕەکەم ببینم و لەڕاستییدا بەمشێوەیە هیچم لەدەست نایە، کاتی ماڵئاوایی من و ژنە کۆنەکەم هەوڵدەدەین کاتێک دیاریبکەین و بەوردی لەبارەیەوە قسەبکەین، بەڵام هەردووکمان پەلەمانە و هەر قسەیەک دەکەن، هەرچەند زۆر ڕازیمان ناکات، هەر کامەمان بەڕێگای خۆماندا دەڕۆین، سەرەڕای ترافیکی قورس، بۆئەوەی بەکۆبوونەوەکەی دوا نیوەڕۆ بگەم لەگەڵ کڕیارێکی هەمیشەییماندا، ئاسۆکان شێوەی کار کردنەکان و کۆمەڵێک شتیتر باس دەکەم و خۆم دەکێشمە لاوە بۆئەوەی کڕیارە هەمیشەییەکە نەتۆرێنم و سەرەنجام دەتوانم کاریگەریم ببێت لەسەر کڕیارەکە و کڕیارەکە گرێبەست دەبەستێت لەگەڵمان، دواتر سکرتێری کۆمپانیا ڕاوێژم لەگەڵ دەکات، بەدەنگێکی ناسکو هەژێنەر دەڵێت کۆمپانیایەکی نێونەتەوەیی پێشنیاری کاری پێداوە و ئەو ماوەتەوە ئەوە بزانێت دەرفەتێکی گونجاو هەیە بۆ گۆڕین یان نا، لەو ڕووەوە چاکەی ئەوم دەوێ، پێی دەڵێم بڕواتە سەر ئەو کارە کە تێدەگەم وەڵامەکەم بووە بەهۆی ڕۆیشتنی، بەوە دەگەم ئەو ویستوویەتی بەهێنانە بەر باسی ئەم پێشنیارەی کە قەت بوونی نەبووە، مامەڵەمان لەگەڵ بکات و من داوابکەم بەوەی موچەکەی زیاد بکەن، بێهیوا دەبم، بەڵام خۆم وا دەرناخەم و هیچ ناڵێم، حەبێکی دڵ دەخۆم و بەر لەچوونە دەرەوە تەلەفۆن دەکەم و لەگەڵ دایکم قسەدەکەم، پێی دەڵێم لەبری یەکشەممە، شەممە دێم، بەخوشکەکەم دەڵێم هەموو نمونەکانت بۆ دەنێرم، جگە لەیەکیان کە هێشتا پێیان نەداوین، زەنگ دەدەمە کاپتنی تیپی فوتبۆڵی بچوک و پێی دەڵێم لەگەڵ خۆمدا تۆپ دێنم کە دەگەمە ماڵەوە نانی شەو دەخۆم، ماسی قوتو لەئاو خوێ و ماستدا، تۆزێ لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێم و دەیژمێرم تا بزانم چەند کاتژمێرم ماوە کوڕەکەم ببینم، لەژووری خەوەکەم ڕووتدەبمەوە، لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستم، دەستم لەکەمەرم قوفڵ دەکەم، ددانم دەشۆم، لەسەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشێم، دوای چەند ساتێک دوودڵی، لەخۆم دەپرسم کارێک هەیە کە دەبا بمکردباو نەمکردبێت، خۆم بەخۆم دەڵێم، نە، چراکە دەکوژێنمەوەو سەر دەخەمە سەر سەرینەکەم و دەست دەکەمە گریان، سەرم دەکەمە ناو سەرینەکە بۆئەوەی گریانەکەم دراوسێکان ئەزیەت نەدات.



# حەجکردنی عێراقییەکان بۆ ئێران

عەبدولڕەحمان ئەلڕاشید
و: سەعید عارف

بێدوودڵی ژمارەیەکی زۆر لەسیاسییەکان، بەتایبەت گەمەچییە باڵاکانی هەڵبژاردن داباریینە سەر تاران و کۆبوونەوەیان بەست لەگەڵ گەورە بەرپرسانی سیاسی ئێرانیدا، لەنێوان ئەواندا فەرماندەی فەیلەقی قودسی پاسدارانی ئینقلاب و بەرپرسی دۆسیەی عێراقی ئاغای قاسم سلێمانی، ئاخۆ شکۆی عێراق وا بەئاشکرا نەوی و نزم بووە بەوەی کلیلی کار لەلایەن ئێرانییەکانەوە ببەخشرێت، تا دەگات بەسپاردنی سەرۆکایەتی؟ ئەوەی گۆڕەپانە سیاسییەکە بناسێت ناتوانێت بەرزەدەماغی بکات لوتاوێژ بێت لەوەی ئێران دەورو نرخی نییە لەکارنامەی عێراقیدا، بەتایبەت لەهەنوکەو ئێستاکەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەموو پێدەزانن ئێران ڕۆڵی گرنگی هەیە، چاوەڕواندەکرێت گەمەکەرە سیاسییە گەورەکان پەرستاری بەرژەوەندییەکانی ئێران بن لەهەڵپێچبوونی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام لەسەر حسابی بەرژەوەندیدە باڵاکانی عێراق نەبێت، بەڵام ئەوەی لەبەردەمماندا دەگوزەرێ حەجی زۆرانگرە سیاسییەکانن بەرەو تاران و هانای بردنیانە بۆ ئەوێ تا دەخالەت بکات بۆ بەحوکم گەیاندنیان، یان بۆ پیرۆزبایی لێکردنی، نێوانی کۆک بوونە هاوپەیمانییەکان کە خەملی گەیشتوی پەرلەمانی پێتەواو دەکەن یان ڕێپێدان و یاخود ڕێگریکردنی لایەنی دژبانەکەیان بەکردەوە، ئەوانە دەوڵەتە عێراقیەکەیان گرگن و بچوک دەکەنەوە وەکو دەوڵەتۆکەی کۆمارەکانی مۆزی سەر بەرژێمێکی دڕی وەها لەداهاتودا نەهێڵێت هیچ یەک لەو سیاسیانە بتوانێت متەق بکات لەبەردەم داوا ئێرانییەکاندا، پێویستە چاک بزانین کێشە ئێرانی و عێراقییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێستاکەیاندا بەفەرماندەیی پاسدارانی ئینقلابی، بارگرانییەکی زۆری دەبێت بۆ سبەینێیەکی دەستەڵاتخوازانی ئەمڕۆ، هەر لەناکۆکییە سنورییەکان و ناوچە پەترۆلییەکان و دەراوە ئاوییە هاوبەشەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوانی ترداو سەرباری ڕەنگدانەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی ئێران لەسەر سەرکردایەتی باڵای هاوپەیمانییە عێراقییەکان لەعێراق خۆیدا، پێشبینی دەکەم هەڵپەکەرانی ڕووکردووە تاران بیانو بهێننەوە بەوەی ئەی بۆچی سیاسییە عێراقییەکانی تر دەڕۆن بۆ ڕیازو ئەبوزەبی و دیمەشق و قاهیرە، دواتر بەتەنها ئەمان تۆمەتبار دەکرێن بەپاشکۆو بەکرێگیراو کاتێ دەڕۆن بۆ لای ئێرانی گەورە دراوسێیان؟ کەس ڕێگر نییە لەبەردەم هاوبەستی بوون لەگەڵ ئێراندا هەروەک چۆن ناکرێت مەترسی دەوڵەتە هاوسێکان پشتگوێ بخرێت لەوەی عێراق بگۆڕێت بۆ سەرنمونەی لوبنان لەپەیوەندییە سورییاییەکەیدا کاتێک سەرۆکی حیزبەکانی لەدەری نووسینگەکەی ئەفسەرێکی وەک غازی کەنعان لەچاوەڕوانیدا بوون بۆ سەرەی چاوپێکەوتنێک یان چاوەڕوانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ئەو بوون بۆ کارێکی سادەی شارەوانییەکانی خۆیان، ئێمە بارێکی وەها ناخوازین بۆ دەوڵەتێکی گەورەی وەکو عێراق کە خاوەنی توانستی هەناوی خۆیەتی و سەرچاوەگەلێکی سروشتییە کە دەتوانێت بیکاتە دەوڵەمەندترینی دەوڵەتەکانی ناوچەکە، سەفەری کۆمەڵی سیاسییە باڵاکانی عیراق بۆ لای جەنەڕاڵ قاسم سلێمانی بانگەوازی قۆناغێکی شەرمهێنە بۆ عێراقێکی دەوڵەتی و عێراقێکی گەلنشین، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا بەڕێکەوێت بۆ ئەوێ و بخوازێت پلەو پایەی لەداهاتودا پێبسپێررێت، ئەوە دەربڕینی قەبارەی ئەو نەهامەتییەیە لەئایندەدا، بۆچی بەتایبەت بۆ تاڵەبانی؟ جگە لەوەی چوار ساڵی ڕابوردو سەرۆک کۆمار بووە، نمایندەی شەرعیەت و مێژوویەکە، هەروەها ئەو بڕوایە دەکەوێتەڕوو لەناو عێراقییەکان بەوەی ئەو سەرکردانەی تریش کە تۆمەتبار نەبوون بەمەیلداریان بۆ ئێران ئەوانیش دەکەونە ناو هەمان تونێلی تاریکەوە، ئەوەی ئێران شیرین دەکات بەگیانی پێشەوایەکی سیاسی وەکو تاڵەبانی ئەوەیە لەبرێتی ئەوەی پێشەنگی خۆی سازو چاکبکاتەوە بۆ حیزبەکەی و گەلەکەی لەکوردستان و باقی عێراق، خەمی هاتۆتە سەر ئەوەی دۆڕاندنەکانی لەهەڵبژاردندا جوبران بکاتەوە بەهۆی دەستکێشکردنی ئێرانیەکان بۆ گۆڕەپانی عێراقی، بەڵکو لەنوێ تاجی سەرۆکایەتی لەسەر بنێنەوە، هەموو ئەوانەی تاڵەبانیان بەجێهێشت و لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی خۆیان بەخشی بەدژبانەکەی، ئەوانە باربۆ ناکرێتەوە بەدەستتێوەردانی ئێرانی، بەداخی گرانەوە ئەو پێشەوایەی دژی زوڵم و زۆری سەدام حسەین جەنگی، ئەمڕۆ هەوڵدەدات بۆ گۆڕینەوەی بەڕژێمێکی لەو خراپتر، ڕژێمی ئەحمەدی نەژاد-قاسم سلێمانی لەئێراندا حاڵی لەوە باشتر نییەو ئەمڕۆ لەبەردەم گەلەکەی خۆیدا بەهۆی دزینی دەنگەکانی هەڵبژاردنی حوزەیرانی ڕابوردوودا لەجەنگدایە، ئەگەر ڕژێمێک ناجۆر بێت لەبەڕێوەبردنی گەلەکەی داو لەبەردەم ئابڵوقەیەکی داهاتودا بێت، چۆن تاڵەبانی هانای بۆ دەبات بۆ بەڕێکردنی دەسەڵات لەبەغدا؟ ئەوانە ڕژێمێکی بریندارو خەستەی ئێرانی دەخوازن بۆ چارەسەری بەزین و دۆڕاندنەکانیان لەعێراق، بەڵکو لەڕاستیدا ئەوەی بنیاتیان ناوە سەربەسەر وێرانی دەکەنەوە لەپێناوی پێکهاتەی پەیمانبەستنێکدا کە زۆر ئاسانە لەیەکەم هەڵبژاردنەکانی داهاتودا بەئاسانی بەدەستی بهێننەوە بەبێ ئەوەی دابنەون بۆ ئەم ئاستەی کارە سیاسییەکان.

**سەرچاوە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)**



پێکەنینی ئێرانییەکان هیچکات لەبەرژەوەندی ئیرادەی سەربەخۆیی عێراقییەکاندا نەبووە

# نەتەوەیەك لەچاوەڕوانیدا

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
ماستەر لەمێژووی نوێ

گەرمیانییەکان دەڵێن "بێچاوی لەچاوەڕوانی خاسترە" ئەمەش کاردانەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونییەیە کە سەرتاپاو گشت تەمەنی ئەوانی لەچاوەڕوانیدا لول دابوو.

باپیرانمان لەوێستگەی چاوەڕوانیدا ژیانو مردنو ئێمەش بەشێکی زۆری تەمەنمان چاوەڕوانی بۆ خۆی بردی، نەتەوەیەک چەند سەدەیەکە هەموو شتەکانی خۆی بەچاوەڕوانی سپاردووەو هەر چاو لەڕێی قەدەرو پێشهاتەکانە، سەرباری ئەوەی کۆششو قوربانییەکان بێشومار بوون، دەردەسەریو ماڵوێرانیو کاولکاریو خاپوورکردنو کۆکوژییەکان زۆرزۆر بوون، وەلێ ئەم نەتەوەیە تاکو ئێستا لەدەروازەی چاوەڕوانیدا زەقزەق لەئایندە دەڕوانێ.

ئەگەر بەوردی تەماشای مێژووی دروستبوونی دەوڵەتان بکەین، تێدەگەین زۆر دەوڵەتی ئاینیو مەزهەبیو نەتەوەییو دیموکراتیو سۆسیالیزمی .... هتد، لەسەر گۆی ئەم زەوییە پانو پۆڕەدا دروستبوون، کورد وەک نەتەوەیەک تاکو ئێستا لەو جوغزو هاوکێشەیەیدا وێڕای ئەو هەوڵو خەباتو کۆششو قوربانیدانە، هیچی بەهیچ نەکردووە، هەناسەو پشووی لەچاوەڕوانیدا سوارە. سەدەکانی ڕابردوو بۆ نەتەوەی کورد جگە لەنائومێدیو نەهامەتیو شکست لەئاست دۆزو پرسە چارەنووسسازەکاندا شتێکی ئەوتۆی لەتورەکەو خورجو هەگبەکەی نەنا، ئەوەی هەڵهێنجاندنی ئەو کورەو کوانوەی بەرخودانو قوربانیو خەباتەبێت، قاڵبوونو ئەزمونە، بەڵام چ ئەزمونێک؟ ئەزمونێک کە تەژی بێت لەعیبرەتو پەندوەرگرتن بۆ بڕیار بەدەستانی ئەمڕۆی کورد، بۆ سیاسەتوانان خەرمانێکە لەبیرەوەریو تاڵیو تفتییەکانی مێژووی گوزەرانی گەلێکی بەشمەینەتو ستەمدیدە، بۆ تاکی کوردی هزرێکە لەکۆدەنگیو هاوهەڵوێستیو پشتیوانیکردنی یەکتری.

ئەو لافو گەزافەی کە کورد بۆ دیموکراتی لەعێراقدا لێیدەدات ساڵانێکی دوورودرێژە خەباتی بۆ دەکاتو پرەنسیپو میتۆدو کارنامەی بووەو قوربانی لەو پێناوەدا پێشکەشکردووە، کورد دەخاتە بەردەم باهۆزی چاوەڕوانی زیاترو لەدووڕیانی ئەگەرو نەگەردا پەیامی دڵە ڕاوکێی پێدەبەخێشت، عێراقێکی زۆرینە عەرەبو پڕ لەگزیو فزی، کورد ڕادەستی کەمینەیەکی بچوکتر دەکات، چونکە بەکردەنی دەرکەوتووە بەهۆی دابڕدابڕکردنی کوردستانەوە لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن وڵاتە زلهێزو باڵادەستەکانی سەدەکانی ڕابردوودا واژۆکرا، کورد بەشی کەمینەی ئەو عێراقەیە تاکو مۆرغو ئێسک کۆمەڵێکی دەمارگیرو شۆڤێنی عەرەبی تێدا کۆبووەتەوە، نەک مافی نەتەوەییو مرۆیی بۆ گەلی کورد بەرەوا نازانن و نابینن، بەڵکو دەرفەتیان هەبێتو بۆیان بلوێت دەستدەخەنە بەر بینمانو نەفەسو هەناسەمان لێدەبڕن.

بەڕێکردنی ڕۆژو مانگو ساڵەکان هەروا بەهەمان ڕیتمی پێشوو، سیاسەتکردن وەکو جاری جاران، کەڵەکەکردنی مێژووی نغرۆبوونی نەتەوەیەکە، بۆیە پێویستە نووسەرانو ڕووناکبیرانی کورد شەقامی کوردی بورژێنن تاکو سەرکردەکانی کورد ناچار بکەن لەئاست بەرژەوەندییەکانی کورددا یەکدەنگو یەکهەڵوێستو یەکسەنگەر بنو ئەم میللەتە دەربازبکەن لەقەیرانی ئەو چاوەڕانییەی کە تاکو هەنوکە پێیوە دەناڵێنێت، ئەو عێراقە بەناو دیموکراسییە پێشکەش بەبرا عەرەبەکان بکەینەوەو ماڵئاوایی هەتا هەتایان لێبکەینو خۆمان تیماری برینەکانی خۆمان بکەین، چونکە هەر ڕۆژێک دێت کورد هەناسەساردو مایەپووچ دەردەچێت لەم هاوبەشیو شەراکەتەی عێراقدا، ڕەنگە ئەوکاتە هەلەکەمان لەدەستچووبێتو ئاخ هەڵکێشانو پەشیمانبوونەوە بۆ ئێستا دادمان نەدات.




husin2008@yahoo.com

# ئەركی سەرەكی ئایین، سیاسەتكردنو بەڕێوەبردنی دەوڵەت نییە

## ئەبوبەكر عەلی بۆ دەستوور


ئەبوبەكر عەلی

**سازكردنی: دەستوور**
بەشی سێیەمو كۆتایی

**بەرمەبنای ئەو ئیشكالیەتەی كە لەنێوان هەریەك لەچەمكی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیكۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی كە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەروو، لەسەر ئەوەی كە ئایا ئەم چەمكانە لەچ پانتاییەكدا دەتوانرێ راڤەیەكی تەندروستیان بۆبكرێتو لەكوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بكەن، لەچوارچێوەی ئەو دۆسیەیەی كە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانمان كردوە رۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەكی لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەكر عەلی نووسەرو رووناكبیرو ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان سازدا.**

..............................

**دەستوور:** هەمیشە عەلمانییەكان ئاماژە بەمەترسی نزیكبوونەوەی گرتنە دەستی دەسەڵات دەكەن لەلایەن ئیسلامییەكانەوە، پێیانوایە حیزبی ئایینی گەر لەدەسەڵاتدا بێت ئەوا ستەمكاری بەرهەمدەهێنێتو ئازادییەكان سنووردار دەكات، چونكە ئایدۆلۆژیای ئایینی باوەڕی بەپلورالیزم نییە، لەبەرئەوەی بەرمەبنای كۆمەڵێك بنەمای ئایینی ئەزمونی دەسەڵات دەكات؟

**ئەبوبەكر عەلی:** ئەو ترسە بۆ هەندێ هێزی ئیسلامیو لەهەندێ كاتو شوێندا رەوایەو لەبەرامبەر هەندێ هێزی تر ناڕەواو بەشێكە لەباوەڕنەبوون بەكێبڕكێی سیاسیو تۆمەتباركردنی بەرامبەرەكان بەمەبەستی ناشیرینكردنو ناوزڕاندنیان، یاخود بیانو داتاشین بۆ لێدان یاخود رێگەگرتن لەوەی بەشێوازە مەدەنییەكان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی عەلمانییەكانی خۆرهەڵات بەتایبەتیش ئەوانەی ئەزمونی دەسەڵاتیان هەبووە، ئەم جۆرە رەخنەگرتنانەیان لێنایەو بەئاسانی دەتوانرێت هەست بكرێت كە لەسۆنگەی بەهێزی تەوژمی ئیسلامی لەهەندێ وڵاتدا ئەم ترسو فۆبیایە سەبارەت بەئیسلامی بڵاودەكەنەوە، لەپێناو پارێزگاریكردن لەكورسیو پلەو پایەو دەسەڵاتی خۆیان، چونكە زۆرێك لەعەلمانییە دەسەڵاتدارەكانی رۆژهەڵات بەرهەمهێنەری سەرەكی ستەمكاری سیاسیو گەندەڵیو نادادپەروەریی مێژووی نوێی ناوچەكەن، تەنانەت سەرهەڵدانی هەندێ گروپو ئایدۆلۆژیای رادیكاڵو توندوتیژی ئیسلامیش، لەكارنامەو سیاسەتو مۆدێلە حوكمڕانییەكەی ئەوان دابڕاو نییەو لەڕوویەكەوە كاردانەوەیەكی نەخۆشن بەڕووی خراپیو ستەمكاریی ئەواندا.

مرۆڤ ناتوانێ سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی بیری تەكفیری ئیسلامیو سەلەفی جیهادی لەمیسڕدا لەسزاو ئەشكەنجەی وەحشیگەرانەی پیاوەكانی جمال عبدولناسڕ لەزیندانەكاندا دژ بەئیسلامییە بەندكراوەكان دابڕێ، ناتوانێ ئەو تەوژمە شۆڕشگێڕیو جیهادیەی جیهادی ئەفغانستان لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەسیاسەتە خوێناویو كودەتاو زەبرو زەنگی كۆمۆنیستەكانی حیزبەكانی خەڵكو پەرچەم لەئەفغانستانو هێنانی سوپای سۆڤیەت بۆ ئەو وڵاتە جیابكاتەوە، بەداخەوە ئەوانەی خۆیان لەدەسەڵاتدانو دیموكراسی پیادەناكەن، یاخود تەنها ئامادەی قبوڵكردنی هەندێ رواڵەتی دیموكراسین، چۆن رێگا بەخۆیان دەدەن ئەو جۆرە تۆمەتانە بخەنە پاڵ بەرامبەرەكانیان؟ سەرسوڕمانیش لەوەدایە كە هەندێك جارو لەهەندێك شوێندا بەهۆی ئەگەری ستەمكاری ئیسلامییەكان دیموكراسی سەر ببڕێتو ئیرادەی زۆرینەی كۆمەڵگایەكو وڵاتێك شەڵتانی خوێن بكرێت، هەروەك لەجەزائیردا روویداو بینرا!!.

واقیعی وڵاتانو پارتو هێزە ئیسلامییەكان لەدنیادا ئەو راستییەمان بۆ دەخاتەڕوو كە ئەمانیش وەك بەرامبەرەكانیان پۆلێن دەكرێن بۆ دووبەشەوە، هەندێك لەوان بڕوایان بەدیموكراسی نییەو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ گەیشتنە سەر كورسی دەسەڵات فۆرمێكی توندوتیژ لەحوكمڕانی دەسەپێنن، لەوێنەی تاڵیبانی ئەفغانستان، ئەم هێزانەش بەسروشتی حاڵ لەڕێی كودەتاو شۆڕشو بەكارهێنانی هێزو لەهەلو مەرجێكی نائاساییدا دەسەڵات دەگرنەدەست.

بەڵام هەندێ هێزی تریان بڕوایان بەبەكارهێنانی هێزو توندتیژی نییەو لەگەڵ دیموكراسیو فرەییو قبوڵكردنی یاساكانی گەمەی سیاسەتی مۆدێرندانو هەندێك جاریش دەتوانن لەمڕووەوە پێش بەرامبەرە عەلمانییەكان بدەنەوەو بیانخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش ئەوەیە كە لەئەمڕۆی توركیادا دەبینرێت، پارتی دادو گەشەپێدانی پاشخان ئیسلامی بەشایەتی دوورونزیك نوێنەرایەتی رەوتی دیموكراسیو رێفۆرمخوازیی ئەم قۆناغەی وڵاتەكەی دەكاتو هەندێك لەپارتە عەلمانیو ناسیۆنالیستەكانیش لەبەرەی دژ بەم ئاراستەیەدان، تەنانەت لەسەر ئاستی عێراقی نوێشدا سیكۆلاریستەكان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن لەئیسلامییەكان دیموكراسیترنو كەمتر لەوان باوەڕیان بەگردكردنەوەو مەركەزیەتی دەسەڵات هەیە، لەسەر ئاستی كوردستانیشدا یەكگرتوو هەر لەیەكەم رۆژی سەرهەڵدانییەوە پابەند بوون بەدروشمی دژایەتیكردنی توندوتیژی ئیسلامیو توندوتیژییەوە، بۆیە دەبێت لەم شوێنانەدا پۆلێنكردنەكان ئایدۆلۆژی نەبن، بەڵكو سنوورە ئایدۆلۆژییەكان تێپەڕێنێو لەسەر بناغەی رەفتارو كارنامەی سیاسیو ئەزمونی مەیدانی سەر لەنوێ دابەشبكرێنەوەو شوناسیان پێبدرێت، وەك ئەوەی ئیسلامیو عەلمانییە دیموكراسیخوازو میانڕەوەكان لەمڕووەوە بخرێنە خانەیەكەوەو عەلمانیو ئیسلامییە توندڕەوەكان كە باوەڕیان بەفرەییو دیموكراسیو مافو ئازادییەكانی هاووڵاتیان نییە، بخرێنە خانەیەكی ترەوە، بەپێچەوانەی ئەمەوە بەهەڵەدا دەچینو نازانستییانە ئیرادەو هێزەكان هەڵدەسەنگێنین.

گشتگیركردن لەم شوێنانەدا رێگردەبێت لەبنیاتنانی دیدێكی رۆشنو هەمەلایەنە لەمەڕ پرسو رێبازو تەوژمەكان، هەموو فۆرمێكی ئایدۆلۆژی ئاینی دژی فرەیی نییەو هەموو فۆرمێكی عەلمانییەتیش لەگەڵیدا نییە، هەموو هێزە ئیسلامییەكانیش تێگەیشتنیان بۆ بنەمای (ثوابت)ی ئاینی لەپێگەی دەسەڵاتو پەیوەندی نێوان ئاینو سیاسەتو تێگەیشتنیان بۆ ناوەڕۆكی چەمكی ئیسلامیبوون دیسانەوە وەك یەك نییە، بۆیە دەبێت بەدیدێكی شیكارانەو راڤەكارانەی بەبەرنامەوە ئەم باسانە تاوتوێ بكرێنو هەڵوێستی فكریو كرداری هێزو تەوژمە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان دەستنیشان بكرێن.

**دەستوور:** ئایا پێتوانییە خودی سیكۆلاریزم یان عەلمانییەت جۆرێك بێت لەئایدۆلۆژیا؟ ئەو فۆرمەی كە عەلمانییەت هەیەتی لەئەوروپا هەمان فۆرمە كەلای حیزبە عەلمانییەكانی ئێرەش هەیە؟

**ئەبوبەكر عەلی:** پێموانییە لەبنەڕەتدا عەلمانییەت ئایدۆلۆژیا بێتو لەگەڵ ئەو رایەی دكتۆر برهان غلیون دام كە لەكتێبە گرنگەكەی خۆیدا رەخنەكردنی سیاسەت، عەلمانییەت بەهەندێ رێوشوێنی كردەیی دەزانێت بۆ لەیەك جیاكردنەوەی دەسەڵاتی ئاینیو دەسەڵاتی زەمەنی یاخود سیاسیو دەوڵەت.

ئەوەش ئەركێكە لەڕابوردودا ئەنجامیداوە، بەڵام هەرخودی ئەم نووسەرە كۆمەڵناسەو لەهەمان سەرچاوەو هەندێ نووسینی تریشدا باس لەفۆرمێكی تری عەلمانییەت دەكات كە لەخۆرهەڵاتو لەمەڕ خۆمان ئامادەیەو ناوی ناوە عەلمانییەتی بەئایدۆلۆژی كراو كە كاهنو بانگەوازكەرو سەربازی خۆی هەیەو دەوڵەتو بژاردەیەكی سیاسیو فكری مژدەی پێدەدەن!!، دیارە لەسەر ئاستی دنیادا زیاتر لەفۆرمو ئەزمونێكی عەلمانییەتمان هەیە، ئەو فۆرمەی لەخۆرئاوادا لەئایدۆلۆژیا نزیكە، فۆرمی عەلمانیەتی فەڕەنسییە، بەڵام هەندێ فۆرمی تری وەك نمونەی بەریتانیو ئەمریكی بەوجۆرە نییە.

لەڕوویەكی ترەوە لەمێژووی نوێی خۆرئاوادا هەردوو فۆرمەكە هەبووە، فۆرمێكی توندڕەوی بەئایدۆلۆژیاكراوی عەلمانیمان هەبووە كە كارەسات خوڵقێن بووە كە ئەویش لەئەزمونی فاشیزمو نازیزمو كۆمۆنیزمدا بەرجەستە دەبێت، لەهەمانكاتدا فۆرمێكی ترمان هەیە كە لەگەڵ لیبرالیزمدا ئاوێتەیەو دیموكراسی بەرهەمهێناوە.

بەداخەوە كە خۆرهەڵاتی ئیسلامیو بەتایبەتیش ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپلەی یەكەم عەلمانییەتیان لەنمونە توندڕەوە ئەوروپییەكە واتە فەڕەنسا وەرگرتووەو ناسیۆنالیزمیشیان لەئەڵمانیاوە گواستۆتەوە كە ئەمەش لەنمونەی توركیو تونسیدا بەجوانی رەنگیداوەتەوە، ئەوەی عەلمانییەتی ئێمە لەعەلمانیەتی خۆرئاوای ئێستا جیادەكاتەوە ئەوەیە كە تاكو ئێستاش لای ئێمەو لەمێژووی نوێی ناوچەكەدا زۆركەم نەبێت نەیتوانیوە لەگەڵ دیموكراسیدا هەڵبكاتو بەرامبەر بەپەیوەندی نێوان ئاینو دەوڵەت بێلایەن بێت، یاخود دەوڵەتی بێلایەن بێنێتەكایەوە، سەرچاوەی بەشێ لەم سروشتە كۆنەپەرستانەش وا لەبەئایدۆلۆژیابوونو تەمبەڵی فكری بەشێ لەهەڵگرانی لەپاڵ هەندێ بارو دۆخی بابەتدا.

**دەستوور:** دەگوترێت گەر ئایین جیابكرێتەوەو دووربخرێتەوە لەدەسەڵات، بۆ خۆی ئەمە سەیڤكردنی خودی ئایینە لەناپیرۆزبوون، چونكە وەك چەمكێكی پیرۆز لەقورسایی سیاسەتو دەسەڵات دەپارێزرێت؟

**ئەبوبەكر عەلی:** ئەم پرسە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، چونكە راستو ناڕاست تیایدا تێكەڵبووەو تێكەڵ دەبێت، جارێ سەرەتا ئەوە راستە كە بەدرێژایی مێژوو لێرەو لەوێ ئاین بەدەستی دەسەڵاتداران ئازار دراوە.

ئەركی سەرەكی ئاینیش سیاسەتكردنو بەڕێوەبردنی دەوڵەت نییە، بەڵكو مانا بەخشین بەژیانو خوداو دوارۆژ پێناساندن بەمرۆڤو راڤەكردنی رازیبوونو پێشكەشكردنی خزمەتی رۆحیو ئەخلاقییە، ئاین لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت نەك دامەزراوە، دواتر لەڕێی باوەڕدارو ئایندارەكانو ئەو شوناسە یەكگرتووەی بۆ شوێنكەوتوانی دروستیدەكات، تێكەڵ بەوشوێنو بابەتانە دەبێت، هێندەی سەرنجیشم دابێت هەمووجارێك ئەم دروشمە لەدڵسۆزی بۆ ئاینەوە نەهاتووەو سەرچاوەناگرێت، واتە هێندەی مەبەست پەراوێزخستنو بێكاریگەر كردنیەتی، بەو ئەندازە پاراستنی نییە، بەڵام لەهەمانكاتدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە دروشمو داواكە هیچ راستییەكی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێت، چونكە ئاین لەوە گەورەترە بكرێت بەئامرازی سیاسەتكردن، یاخود بەزۆر بانگهێشتی هەندێ بوار بكرێت كە ئەو نابێ لەوێدابێت، بەڵكو دەبێت چاودێربێت بەسەرییەوە، راستە هەندێ فۆرمی تێكەڵكردنی نێوان ئاینو سیاسەت لەمێژوو لەئێستاشدا زیانی لەئاینو كۆمەڵگاش داوەو نابێ ئاین گەمەی دەستی سیاسییەكان بێت، بەڵام لەبیرمان نەچێت قایل نەبوونی هیچ رۆڵێكی سیاسیانەش بۆ ئاین، بەتایبەتیش لەنێو كۆمەڵگا موسڵمانەكاندا كە هێشتا ئاین تیایاندا بەهێزە، بەجۆرێكی تر ئاین سەركوت دەكاتو بەرەو جەنگاوەریو تۆخكردنەوەی چەمكی شەهید دەیبات، ئاین دەبێت لەناو كۆمەڵگادا بەشداری سیاسەت بكات، هێزێ نەبێ بانگەشەی نوێنەرایەتیكردنی فەرمی ئەوو سەپاندنی بەسەر كۆمەڵگادا بكات.

ئاین بەهاو ئەخلاق پێشكەش بەسیاسەتو ویژدانی زیندوو بەسیاسەتكارو جۆرێ لەحەسانەش بەكۆمەڵگا دەبەخشێت، ئەمەش ئەركی ئاینە، بەدەر لەمە راكێشانی ئاین بۆ ناو جەنجاڵییەكانی سیاسەتی رۆژانە لەهەیبەتی كەمدەكاتەوە، هەرچەندە واقیعی كۆمەڵگا موسڵمانەكان پێمان دەڵێ لەو كاتانەشدا موسڵمانان ستەمو ناتەواوییەكان ناخەنە ئەستۆی ئیسلام بەحوكمی ئەوەی دامەزراوەو دەسەڵاتێكی فەرمی نییە، بەڵكو بەپلەی یەكەم دەیخەنە ئەستۆی ئەو كەسو هێزانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیكردنی ئایین دەكەنو لەپێگەی دەسەڵاتەوە ئازاری رۆحی ئەو دەدەنو بەشێ لەچەمكەكانی بەكارنامەی ناتەدروستیان دەشێوێنن.

**دەستوور:** بۆچوونت چییە بەرامبەر بەو گوتەیەی جۆرج تەرابیشی بیرمەندو رەخنەگری گوتاری ئایینی كە لەچاوپێكەوتنێكدا ئاماژە بەوە دەكاتو دەڵێت عەلمانییەت داواكاری خودی ئیسلامە، واتە ئیسلام داوای عەلمانیەت دەكات؟

**ئەبوبەكر عەلی:** ئەمە تەنها رای ئەو نییە، بەڵكو رای هەندێ بیرمەندی خۆرئاواشە، لەوانەش پرۆفیسۆر جۆن كین، بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەكانی دیموكراسی زانكۆی ویستمەستەر، پێیوایە تەنها لەمدواییانەدا لەتێگەیشتن لەئیسلام نزیكبۆتەوەو لەمڕووەشەوە دەڵێت: لەگرنگترین ئەو دۆزینەوانەی لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەئیسلام بەسەریدا كەوتووم، ئەوەیە كەئیسلام ئاینێكی عەلمانییەو گرنگی بەسیاسەتو رێكخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان دەدات، بۆیە ئەگەر خۆ لەو هەستیاریو كاردانەوە نەرێییە بەدوور بگرین كە لەنێوان كۆمەڵگا موسڵمانەكان لەبەكارهێنانی وشەی عەلمانییەت دەكەوێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونە راستی تێدایە، چونكە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەلو مەرجە مێژووییەی عەلمانییەت لەخۆرئاوادا سەری تێدا هەڵدا، تێدەگەین كە وەسفكردنێكی لەمجۆرە بۆ ئیسلام قابیلی تێگەیشتنە، رەنگە نەناسینی ئەم سروشتەی ئیسلامیش لەلایەن عەلمانییەكانی جیهانی ئیسلامەوە لەڕابردوودا لەپشت بەشێ لەو شكستەوە بێت كە عەلمانییەت لەم وڵاتانەدا تووشی هاتو هەروەك باسمان كرد كرا بەئایدۆلۆژیاو لەهەندێ كاتیشدا دژ بەئیسلام راگیراو هەمان ئەو ئەركانەی پێدەسپێردرا كە لەمێژووی خۆرئاوادا ئەنجامیداون!!.

عەلمانییەت لەئەزمونی مێژووی خۆرئاوادا رەتكردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی بەسیستماتیزەكراوو بەزۆر سەپاندنی ئیمانی ئایینی بەسەر مرۆڤدا دەگەیاندو هەوڵدان بوو بۆ گێڕانەوەی (اعتبار) بۆ (عەقڵ)و (ژیان)و (مرۆڤ)و تواناكانی، بەپێشخستنی زانستو ژیانو گەیشتن بە بەختەوەریو ئاسودەیی، چونكە كەنیسەی مەسیحی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا خاوەنی دەسەڵاتێكی گەورەبوو، خۆی بەخاوەنی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی دەزانی، دژایەتی بیركردنەوەی زانستیو دۆزینەوە زانستییەكانی دەكرد، دژی ئەوەبوو عەقڵ سەرچاوەی مەعریفە بێت، بانگەشەی بۆ وازهێنان لەژیانی دنیاو خۆشییەكانی دەكردو ئەو بۆچوونەی بڵاو دەكردەوە كە مرۆڤ تا زیاتر لەهەژاریو ئازارو سزاو رەزالەتو زەبوونیدا بژی، زیاتر لەخوا نزیكدەبێتەوە!!، دوای كەرتبوونی كەنیسەی مەسیحیش شەڕی نێوان كاسۆلیكو پرۆتستانتەكان دەیان ساڵی خایاندو ئەوروپای نوقمی خوێنو تاریكیو دەمارگیری كردبوو.

عەلمانییەت لەمنداڵدانی ئەم واقیعو هەلو مەرجە مێژووییەدا سەریهەڵداوە، لەكاتێكدا لەئیسلامدا شتێ نییە بەناوی دەسەڵاتی ئاینی، دژی ئەوە نییە مرۆڤ لەم ژیانەدا خۆشگوزەرانو بەختەوەر بژی، لەمپەر لەبەردەم بیركردنەوە لەگەردوونو دۆزینەوەی زانستی دانانێتو رێزی گەورەی بۆ مرۆڤو كەرامەتی مرۆڤ هەیەو دژی فەرامۆشكردنی خواستەكانی جەستەو وازهێنان لەژیانی دنیایە، دەیان دەقی ئیسلامی هەن كە لەشوێنی تردا ئاماژەم بۆ كردوون، ئاماژە بەم شتانە دەدەن، ئەمەش وادەكات بەپێوەرە ئەوروپییەكان ئیسلام بەئاینێكی عەلمانی دابنرێت واتە ئاینێكە بایەخ بەدنیاو ژیانی دنیایی مرۆڤ دەداتو بانگەشەی هاوسەنگی لەنێوان خواستە رۆحیو جەستەییەكاندا دەكات، ئەم سروشتو خەسڵەتو تایبەتمەندییەی ئیسلامیش وای كردووە كە ئەگەر عەلمانییەت لەجیهانی ئیسلامیدا وەك ئامانجێكی سیاسی بەشێ لەبژاردە پێشنیاركراو بێت، دەبێت نمونەی تایبەت بەخۆی بەرهەمبێنێو بزانرێ لەسایەی ئاینێكی لەمجۆرەو شوێنكەوتوانیو نەبوونی هەندێ ئیشكالیەتی مێژووی خۆرئاوا دەشێت چ وەزیفەیەك بەجێبێنێو چ ناوەڕۆكێك هەڵبگرێت؟ ئەمەش جیایە لەوەی بوترێت عەلمانیەت وەك ئەوەی زۆرێ لەعەلمانیەكان لەلای خۆمان لێی تێگەیشتوون داواكاری ئیسلامە، چونكە ئەم مۆدێلە لەعەلمانیەت خۆی كێشەی ناوەڕۆكو ئاسۆو توانای هەڵكردنو لێبوردەیی هەیە.

> لەسەر ئاستی عێراقی نوێشدا سیكۆلاریستەكان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن لەئیسلامییەكان دیموكراسیترنو كەمتر لەوان باوەڕیان بەگردكردنەوەو مەركەزیەتی دەسەڵات هەیە

> زۆرێك لەعەلمانییە دەسەڵاتدارەكانی رۆژهەڵات بەرهەمهێنەری سەرەكی ستەمكاری سیاسیو گەندەڵیو نادادپەروەریی مێژووی نوێی ناوچەكەن



# لەمیس و هۆلیاو ئیبرۆ بازرگانی دەکەن



هونەرمەندە ناسراوەکانی وڵاتی تورکیا ئەو داهاتەی لەڕێی هونەرەکەیانەوە دەستیاندەکەوێت لەبوارە جیاجیاکانی بازرگانیدا بەکاریدەهێنن.

گۆڤارێکی تورکی بڵاویکردەوە هونەرمەندی ناسراو توبا بویوکئوستون خاوەنی ڕۆڵی لەمیس سەرگەرمی بازرگانیکردنە لەڕێی دوو کۆمپانیای تایبەت بەخۆیەوە کە ئامێرو تەکنەلۆژیا کارەباییەکان بەرهەمدەهێنن.

هەروەک ئەبرو گوندێشی گۆرانیبێژ خەریکی ئاژەڵداریو وەبەرهێنانە لەبواری کشتوکاڵداو هولیا ئاڤشاری ناسراو بەماڤیش کۆمپانیای دروستکردنی جلوبەرگی هەیە.

# ئەو شیفایەی لەڕێی هەنگێکەوە هات



لەوڵاتی بەریتانیا ژنێکی تەمەن ٤٥ ساڵ، ماوەی ١٢ ساڵ بەهۆی ڕەقبوونی دەمارەکانییەوە لەنێو جێگەدا کەوتو نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێک بجولێت، بەڵام دوای ئەوەی پەنا برایە بەر شێوازێکی کۆنی چینی لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکان کە پێوەدانی هەنگە بەکەسانی نەخۆشەوە، ژنەکە ئێستا تەندروستی روو لەباشبوونەو دەتوانێ ڕێ بکات.

لەچارەسەرکردنی ئەو ژنە بەریتانییەدا ١٥٠٠ هەنگ بەکارهێنراون، بۆ ماوەی ١٨ مانگو هەفتەی دوو جار لەهەر جارێکیشدا ٥٠٠ هەنگ ڕێگەیان پێدراوە بەجەستەی ژنەکەوە بدەن، راشیگەیاندووە: من زۆر قەرزاری هەنگەکانمو لەسایەی ئەواندا تەندروستیم بەرەو باشبوون چووە.

# فەریدای "ملیۆنێری لانەواز" یەکەمە



فەریدا پینتۆی پاڵەوانی فیلمی ملیۆنێری لانەواز کە لەساڵی ٢٠٠٩دا ١٠ خەڵاتی ئۆسکاری بردەوە، بووە یەکەم هونەرمەند لەسەر ئاستی هیندستان کە زۆرترین داهاتی هەیە.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە فەریدا لەگەڵ کۆمپانیایەکدا گرێبەستی ئیمزا کردووە بۆ ڕۆڵبینین لەفیلمێکدا بەبڕی ٣ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی.

فیلمەکە لەدەرهێنانی سام مێندێسەو ناوی "کچی بۆندە". هەریەک لەهونەرمەندان ئۆرسولا ئەندرێس و دیانا ریگو بریت هاڵ بێری لەساڵانی پێشتردا ڕۆڵیان تێدا بینیوە.


## پارێزگای سلێمانی

**بانگەوازی ژمارە (198-R3) ساڵی ٢٠١٠**
**کەمکردنەوەی پڕۆژەی (دروستکردنی بەنداوی دێوانە لەگەرمیان)**

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاو نووسینگە ئەندازیارییەکانو بەڵێندەرانی ناوخۆو بیانی دەکات کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیەی کە بۆ پڕۆژەی (دروستکردنی بەنداوی دێوانە لەگەرمیان) دەکرێت، جاهەر کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداریکردنی ئەم کەمکردنەوەی هەیە باسەردانی پارێزگای سلێمانی (کارگێڕی خۆجێیەتی) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات لەگەڵ پیشاندانی ناسنامەی تایبەت بەکۆمپانیا بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەیو کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت .

١- وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٤/٨) دەستپێدەکات تارۆژی (٢٠١٠/٤/١٥) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
٢- دوارۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٠/٥/١٦ ) کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ دواکاتە بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی.
٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٥/١٦) کاتژمێر (٣٠ ,١٢) نیوە ڕۆ دەبێت.

مەرجەکانی بەشداریکردن

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداریدەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لە (پلە ١) کەمتر نەبێت کە لەوەزارەتی پلاندانانەوە دەرچووبێتو بەرواری بەسەر نەچووبێتو پسپۆڕیان هەبێت لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکان.
٢- دەبێت کۆمپانیا یاخود بەڵێندەر لەلایەن وەزارەتی بازر گانی تۆمارکرابێتو پسپۆڕی هەبێتو تایبەتمەندبن لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکان یاخود (Join Venture) بکات لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە پسپۆڕبن لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکانو لیستێک بەناوی پڕۆژەی هاوشێوە کە کۆمپانیاکە جێبەجێی کردبێت پێشکەش بکات.
٣- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن کە ئاڕاستەی پارێزگای سلێمانی کرابێت.
٤- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنیان هەبێت لەلایەن بەڕێوە بەرایەتی گشتی بازرگانی .
٥- هیچ تەندەرێک لەدوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦- بڕی بارمتەی یاسایی (٢ ٪ی نرخی پێشکەشکراو) بەدینار بەچەکی پەسەندکراو یان (خطاب ضمان) بەبڕی پارەی دیاریکراو وەردەگیرێت دەبێت لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەریان دیاریبکەن بۆ ئەم مەبەستە.
٨- پێویستە بەڵێندەر زانیارییەکانی ناو تەندەر بەتەواوی پڕ بکاتەوەو نرخ بەژمارەو بەنووسین پێشکەش بکات.
٩- پارێزگای سلێمانی پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠-ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات بەنەبوونی هەر یەکێکیان تەندەرەکە پشتگوێ دەخرێت.
١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٣) مانگە لەدوای بەرواری داخستنی تەندەر .
١٢- پێشکەشکردنی تەندەر بۆ سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو دەبێتو پێویستە مۆری کۆمپانیاو ناوی کۆمپانیاو ناوی پڕۆژەکەی لەسەربێت.
١٣- بەڕێوە بەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارو تێبینیەکی تەکنیکی بەشداربووانی کەمکردنەوەکە .

ئەندازیار: بەهرۆز محمد سالح فقی رشید
پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت
٢٠١٠/٤/٥

## پارێزگای سلێمانی

**بانگەوازی ژمارە (197-R3) ساڵی ٢٠١٠**
**کەمکردنەوەی پڕۆژەی (دروستکردنی بەنداوی خۆرنەوازان لەگەرمیان)**

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاو نووسینگە ئەندازیارییەکانو بەڵێندەرانی ناوخۆو بیانی دەکات کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیەی کە بۆ پڕۆژەی (دروستکردنی بەنداوی خۆرنەوازان لەگەرمیان) دەکرێت، جاهەر کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداریکردنی ئەم کەمکردنەوەی هەیە باسەردانی پارێزگای سلێمانی (کارگێڕی خۆجێیەتی) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات لەگەڵ پیشاندانی ناسنامەی تایبەت بەکۆمپانیا بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەیو کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٨ /٢٠١٠/٤) دەستپێدەکات تارۆژی (٢٠١٠/٤/١٥ ) کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ
٢- دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر (٢٠١٠/٥/١٦ ) کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ دواکاتە بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی.
٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لەڕۆژی ( ٢٠١٠/٥/١٦ ) کاتژمێر (٣٠ ,١٢) نیوەڕۆ دەبێت.

مەرجەکانی بەشداریکردن

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداریدەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لە (پلە ١) کەمتر نەبێت کە لەوەزارەتی پلاندانانەوە دەرچووبێتو بەرواری بەسەر نەچووبێتوپسپۆڕیان هەبێت لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکان.
٢- دەبێت کۆمپانیا یاخود بەڵێندەر لەلایەن وەزارەتی بازر گانی تۆمارکرابێتو پسپۆڕی هەبێتو تایبەتمەندبن لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکان یاخود (Join Venture) بکات لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە پسپۆڕبن لەبواری دیزاینو جێبەجێکردنی بەنداوەکانو لیستێک بەناوی پڕۆژەی هاوشێوە کە کۆمپانیاکە جێبەجێی کردبێت پێشکەش بکات.
٣- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنن کە ئاڕاستەی پارێزگای سلێمانی کرابێت.
٤- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنیان هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
٥- هیچ تەندەرێک لەدوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦- بڕی بارمتەی یاسایی (٢ ٪ی نرخی پێشکەشکراو) بەدینار بەچەکی پەسەندکراو یان (خطاب ضمان) بەبڕی پارەی دیاریکراو وەردەگیرێت، دەبێت لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئامادەبێت .
٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەریان دیاریبکەن بۆ ئەم مەبەستە .
٨- پێویستە بەڵێندەر زانیارییەکانی ناو تەندەر بەتەواوی پڕبکاتەوەو نرخ بەژمارەو بەنووسین پێشکەش بکات .
٩- پارێزگای سلێمانی پابەندنییە بەکەمترین نرخ.
١٠- ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات بەنەبوونی هەر یەکێکیان تەندەرەکە پشتگوێ دەخرێت.
١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٣) مانگە لەدوای بەرواری داخستنی تەندەر.
١٢-پێشکەشکردنی تەندەر بۆ سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو دەبێتو پێویستە مۆری کۆمپانیاو ناوی کۆمپانیاو ناوی پڕۆژەکەی لەسەربێت.
١٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارو تێبینیەکی تەکنیکی بەشداربووانی کەمکردنەوەکە .

ئەندازیار: بەهرۆز محمد سالح فقی رشید
پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت
٢٠١٠/٤/٥

# ئایا بەرامبەرەکەت درۆت لەگەڵ دەکات؟



درۆکردن یەکێکە لەناشیرینترین خووەکانی هەندێک لەمرۆڤەکان، چەند ئاماژەیەک هەن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەیت کە بەرامبەرەکەت درۆت لەگەڵ دەکاتو ڕێگەنەدەیت چیتر لەڕێی درۆکانییەوە فریوت بدات، لەوانەش: دژییەکی لەنێوان ئەو شتەی دەیڵێتو ئەوەی دەیکات.

لەکاتێکی زۆر هەستیاردا ئەو پرسیارەی لێبکە کە هیچ کات حەزی پێناکات، هەڵسوکەوتەکانی بەراورد بکە، چونکە لەکاتی درۆکردندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، زەردەخەنەکان پێویستە لەکاتی خۆیاندابنو نابێت درێژە بکێشنو کەسی مۆن ناتوانێ زەردەخەنە بخاتە سەرلێوی، گۆڕانی تۆنی دەنگو سەیرنەکردنی ناوچاوی بەرامبەر لەکاتێکدا کە خوویەکی هەمیشەیی نەبێت نیشانەکانی درۆکردنن.



# ڤیکتۆریا بۆچی لوازە؟

لاوازی ڤیکتۆریا بێکهام لەڕووی جەستەوە بۆتە جێی باسوخواسی رۆژنامەو راگەیاندنەکانی بەریتانیاو یەکێکە لەو خەمانەی کە خێزانی ناوبراویشی نیگەرانکردووە.

بەپێچەوانەی دەوروبەرەکەیەوە ڤیکتۆریا کێشی خۆی زۆر بەدڵەو بۆ پاراستنیشی رۆژانە چەند کاتژمێرێک وەرزش دەکات.

ناوبراو وتویەتی "من لەهەر گۆڤارێکدا وێنەم بڵاوکرابێتەوە پێویستی نەکردووە لەڕێی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەوە دەستکاریی بکەنو هەر بەو جۆرەش دەمێنمەوە".

ڤیکتۆریا دایکی سێ منداڵەو ژنی دێڤید بێکهامی یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی بەریتانیایە.

# فڕینی یەکەم فڕۆکە کە بەتیشکی خۆر کاردەکات



یەکەم فڕۆکە کە بەوزەی تیشکی خۆر کاردەکات دروستکراو ناوی (سۆلار ئیمپەڵس)ی لێنرا، فڕۆکەکە لەلایەن داهێنەرێکی سویسری کە لەهەمان کاتیشدا فڕۆکەوانە لەگەڵ ئەندازیارێکی هەمان وڵاتدا دیزاین کراوەو بەرهەم هێنراوە.

بڕیاریشە ئەمڕۆ چوارشەممە یەکەم گەشتی خۆی لەفڕۆکەخانەی سەربازی پایەرنی خۆرئاوای ئەو وڵاتە ئەنجامبدات، قەبارەی سۆلار ئیمپەڵس هێندەی قەبارەی فڕۆکەیەکی ئێربەس ٣٤٠ەو کێشیشی ١٦٠٠ کیلۆیە.

# داهێنانێکی دیکەی ژاپۆنییەکان

ولاتی ژاپۆن کە بەداهێنانی زۆرو پێشکەوتوو بەناوبانگە، لەنوێترین داهێنانـدا تەلەفزیۆنێکی دروستکرد کە لەگەڵ تەماشاکردنیدا بۆ ئەوەی چاوێلکەی تایبەت لەچاو بکرێت، هەر سێ دوورییەکە بەرجەستە دەکات.

ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت کە چیتر چاوێلکەکان بۆ بەرجەستەکردنی سێ دووری دەچنە مێژووەوە، ئەم تەلەفزیۆنە بۆ تەماشاکردنی فیلمەکانی لەشێوەی ئاڤاتار بەسوودە کە بێ چاوێلکەی تایبەت تەماشاناکرێن، ئێمە لە ولاتی خۆماندا چاوەڕێی گەیشتنی ئەو داهێنانە نوێیە ناکەین، چونکە تا ئێستا ئەو چاوێلکانەشمان بەکارنەهێناوە لەبەر ئەوە پێویستە لەپێشدا هەوڵبدەین چاوێلکەکەمان دەستکەوێت بۆئەوەی لەو داهێنانە گەورەیە تێبگەین.

# سوزان بۆیڵ ژمارەی پێوانەیی شکاندەوە



دوای ئەوەی گۆرانییەکی سوزان بۆیڵ بووە جێی سەرنجی وڵاتی بەریتانیا بەتایبەتیو جیهان بەگشتیو بەو هۆیەشەوە ڤیدیۆی گۆرانییەکە ژمارەی پێوانەیی لەسەیرکردنی لەسەر ئینتەرنێت شکاند.

یەکەم ئەلبومی ئەو گۆرانیبێژە پۆپە جارێکی دیکە ژمارەی پێوانەیی شکاندەوەو لەماوەی سێ هەفتەدا سێ ملیۆنو سەد هەزار کۆپی لێ فرۆشراوە.

فرۆشتنی ئەو ژمارەیە لەئەلبومەکەشی داهاتی سوزانی ٤ ملیۆن پاوەند زیادکرد، لەوڵاتی بەریتانیا ئەلبومەکەی بۆیڵ بووە خێراترین ئەلبومێک کە ئەو ژمارەیەی لێ فرۆشرابێت هەتا ئێستا.

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

رەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن کە بەهێمنیو نەرمی لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا هەڵسوکەوتو قسە بکەیت، پێویست ناکات رکابەری لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا بکەیت.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

هاوڕێ نزیکەکانت بەخەمتەوەنو هاوکاریت دەکەن ئەگەر کەسێکی لێهاتوو بناسیت، نەرمونیانبە بەرامبەر دەوروبەرت، چونکە هەلی زیاتری چوونە نێو پەیوەندییەکی جدیت پێدەبەخشێت.

## دووانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

زیرەکیت هۆکارێکە بۆئەوەی زوو لەکەسانی دەوروبەرت تێبگەیت، ئەم هەفتەیە بۆتۆ بەجۆرێک هەستیار دەبێت کە بچوکترین ئاماژەکان زۆر قورس دێنە بەرچاوت، بۆیە بەئاگادارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکە.

## قرژاڵ



(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

پێویستت بەئەزموونێکە کە مێشکو دڵت پێکەوە بکاتەوە، هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بۆئەوەی بێیتەوە سەرخۆت، هەفتەیەکی گونجاوە بۆ گەڕانو بەشداریکردن لەبۆنە گشتییەکاندا.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

کاتێک دابنێ بۆئەوەی چەند رۆژێکی ئەم هەفتەیە بکەیتە رۆژانێک کە لەبیرت نەچنەوە، لەوانەیە بەلاتەوە زەحمەت بێت، بەڵام نیشاندانی متمانە رێگایەکە بۆ پەیوەندی سۆزداریی.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

گەر هەموو شتێک لەبیر بکەیت جگە لەچێژوەرگرتن لەکاتە خۆشەکانت، زەرەرمەند نابیت، دەتوانی پەیوەندییەکانت قوڵتر بکەیتەوە یان کەسانی نوێ بناسیت.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

ئەم هەفتەیە لەوە زیاتر خەرج دەکەیت کە دەستت دەکەوێت، پێویست بەئەنجامدانی کاری نا عەقڵانی ناکات بۆئەوەی بچیتە نێو دڵی کەسێکەوە، ئەوەش بەمانای ئەوە نایەت یارمەتی کەس نەدەیت.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

هەفتەیەکی زۆر باش دەبێت لەڕووی سۆزدارییەوە کەتێیدا دەتوانیت هەستەکانت بۆ بەرامبەرەکەت دەرببڕیتو لەبەرامبەریشدا دەستخۆشیت لێبکرێت، کەمکردنەوەی خۆپەرستیت وا دەکات خۆشەویستتر بێیتە بەرچاو.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

دەتوانیت بەجۆشو خرۆش بیت لە جێبەجێکردنی کارەکانتدا تا ئەو کاتەی هەستدەکەیت کاردانەوەکانت کاریگەریی لەسەر دەوروبەرەکەت هەیە، لەم هەفتەیەدا ئامۆژگاری دەکرێیت کەوریابیت، چونکە تەنها ئەمە قازانجت پێدەبەخشێت.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

هەوڵی خۆدزینەوە لەراستییەکان مەدە، ئەم هەفتەیە کاتێکی گونجاوە کە رووی راستەقینەی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەربخەیت، وتووێژی پڕهەستو لایەنی سۆزداریی کاریگەریی تەواوی لەسەر بەرامبەرەکەت دەبێت.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

مامەڵەی خۆشو بیری تیژت دوو تایبەتمەندی گرنگن لەتۆدا، هەرچەندە ئەم هەفتەیە لەڕووی هەستو بیروهۆشەوە وەک هەفتەکانی دیکە نییە، بەڵام بەم مامەڵەیەت بەردەوام دەبیت لەبەدەستهێنانی دڵەکان.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەستەکانت دەگەنە لێوار، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت کای کۆن بەبا نەکەیتەوە، بەچەند رۆژێکدا تێدەپەڕیت کە هەستدەکەیت لەخەونەکانت نزیکبوویتەوە، بۆیە ئامۆژگاری دەکرێیت نوێگەری لەرەفتارتدا بکەیت.

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە. هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١

ژمارە (٢٦) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/٧
www.destur.net
info@destur.net


## دەلاقە


خالیدی حاجی ئەحمەد


# قەتیسمان لەهەولێردا

لەگەڵ کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، لیستی ئەلعێراقیە ڕایگەیاند کە گروپێکی بەسەرۆکایەتی ڕافیع ئەلعیساوی دەستنیشانکردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستە براوەکانی گۆڕەپانی عێراقدا بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی نوێی عێراق.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەو گروپو لایەنانەی کە لیستی ئەلعێراقیە پێکدەهێنن زۆر زیاترن لەو چوار گروپەی کوردستان کە لە (لیستی هاوپەیمانیو گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو) پێکدێنو بەدڵنیاییشەوە دەوترێت کە خاڵی هاوبەشی ئەم گروپە کوردیانە زۆر زیاترە لەو خاڵانەی کە گروپەکانی ناو ئەلعێراقیە پێکدەهێننو شەڕو کوشتارو لێدانو ناوچەگەرێتیو عەشایەرگەرێتیان زۆر زیاترە لەو ناکۆکیانەی لەنێوان کورددا هەیە، بەڵام چەند خاڵێکی هاوبەشو ئیرادەی سەرکردەکانیان توانی بەزوویی ڕێکیان بخاتو دەستپێشکەریی بکەن لەدروستکردنی نوێنەرایەتییەکدا کە بتوانێت نوێنەرایەتیان بکات.

بەپێچەوانەشەوە دەبینین کە کورد هێشتا لەهەولێردا قەتیسماوەو نەیتوانیوە جۆرێک لەئاشتەوایی پێکبهێنێتو دەستپێشکەرییەک بکات لەو گفتوگۆیانەدا کە پێویستن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق.

ڕاستە سەرۆکو ئەندامانی لیستە عێراقییەکانی تر، سەردانی هەرێمیان کردووە هەر بۆ هەمان مەبەست کە زۆر بەداخەوە ئەو سـەردانو لێدوانە شیرینانەی ئەو لیستانەش لای گەلێکی زۆر لەڕۆشنبیرانو میدیاکانی دەسەڵاتی کوردییەوە، لێکدانەوەیەکی وای بۆ کراوە کە گوایە ئەوە قورسایی کورد دەردەخاتو ئەو لایەنانە ناچارن پەنا بۆ کورد بهێنن، بێگومان ئەو کەسەی ئەقڵی لەدەست نەدابێت ئەو ڕاستیانە بەجوانی دەبینێت کە هەمان ئەو گروپو لایەنانە کە لەمڕۆکەدا سەردانی کورد دەکەن لەدوای نووسینەوەی دەستوورەوە تاقە داوایەکی کوردیان نەسەلماندوەو نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەشداریش بوون لەپشتگوێخستنو یاریکردن بەخواستو داواکانی خەڵکی کوردستان، تا ئێستاش هەموو ئەو هێزانە مامەڵەیەکی ئینگلیزانە لەگەڵ کورددا دەکەن کە بریتییە لەبەسەرۆک هۆز ڕوانینە سەرکردایەتی کوردو سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە.

لێرەدا چەند نمونەیەک جێی ئاوڕلێدانەوەیە، لیستی حەدباو لیستی برایەتی نەینەوا ساڵ زیاترە کێشەیان هەیەو تا ئێستا سەرکردایەتی کورد چارەسەرێکی بۆ نەدۆزیوەتەوەو بەهانای ئەو لیستەوە نەچووەو جگە لەلێدوانی توندو ئاگراویانە کە زیرەکانە بەعسییەکانی موسڵ فوی پیادەکەن، کەسێک نەهات بەدروستی لەکێشەکەمان بگەیەنێتو پەرلەمانی کوردستانی لێ بەدەنگ بێنێتو دوو بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێمی لەسەر دەربکرێو دەوڵەتی عێراقی لێبەرپرسیار بکەنو نەهێڵن کێشەکە بهێڵرێتەوە بۆ ئەم کاتە تا لەدروستکردنی حکومەتدا نانو پیازی پێوە نەخورێت، نمونەیەکی دیکە ئەو سەردانانەن کە کەسایەتییە کوردەکان بۆ تورکیا ئەنجامیدەدەن، ئەوە ڕاستە کە سیاسەتمەدارانی کورد ئەو مافەیان هەیە سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکەنو پەیوەندییان هەبێت، بەڵام هەموو دەزانین کە لەم هەڵبژاردنەوە تورکیا پێگەیەکی گەورەی بەدەستهێناوە لەگۆڕەپانی عێراقداو بەدڵنیاییەوە ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لەدروستکردنی ئەم حکومەتەی بەڕێوەیە لەعێراقدا پێکبهێنرێت، خۆ ئەگەر سەردانەکان بۆ ئەو مەبەستە نەبووبن، ئەوا بێگومان تورکیا ئەو هەوڵەی داوە ترپەی دڵی کورد بخوێنێتەوە سەبارەت بەویستو داواکانمان، ئەو سەردانانە کە بێبەرنامەو تەنانەت پشێوی حکومەتی ناوخۆی هەرێمی لێبکەوێتەوەو لەولاشەوە سەرۆکی حیزبێکی کوردی کە سبەینێ حیزبەکەی لەگروپی کوردیدا بەشداربێت، جگە لەپەرتەوازەیی ماڵی کورد هیچی تری لێ ناخوێنرێتەوە، گروپە کوردییەکان دەبوایە زۆر زووتر بەرگی بانگەشەی هەڵبژاردنیان لەخۆیان بکردایەتەوەو لەهەوڵی پێکهێنانی نوێنەرایەتییەکدا بونایە، وەک بەرپرس بۆ گفتوگۆ کردن بۆ پێکهێنانی حکومەت.

بێگومان بانگهێشتکردنی ئەندامانو نوێنەرانی لیستە براوەکان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دەستپێکێکی باشە، گەرچی دەبوایە زووتر ئەنجامبدرایەو لەتەکیشیدا نوێنەری کۆتای مەسیحییەکانی لیستی ئەلڕافیدەینیش کەخۆیان بەنزیکی کورد دەزاننو نوێنەرەکانی شەبەکو کۆتای یەزیدییەکیانیش بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە بکرانایە، حکومەتی عێراق بەهەرچاوێک لەشەبەکو یەزیدی بڕوانێت، دەبێت ئێمەی کورد هەمیشە وەک بەشێک لەخۆمان مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، دواتریش پێویست بوو کورد ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی لیستو ئەندامانی تری لیستەکان تێکەڵاو نەکرانایەو گفتوگۆکان لەچەند ئاستێکو لەسەرەتاوە لەڕێگەی پەرلەمانی هەرێمەوە ئەنجامبدرایە، تا کوردیش بتوانێت بواری گەمەکانی لەگفتوگۆکاندا بەرفراوان بکاتو ئەو گروپەی گفتوگۆ دەکـات ناچاربووایە داخـوازیو ویستی لایەنەکانی تر لەپەرلەماندا شیبکاتەوەو دواتریش پێکهاتە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتیان هەیەو لەکۆتاییشدا ڕەزامەندی سەرۆکی هەرێمی بۆ وەربگیرێت، بەکورتی لایەنە عەرەبەکانو هێزە ناوچەییەکانیش بیانزانیایە کە ناتوانن هەروا بەئاسانی خواستەکانیان بەمل گەلی کوردستاندا بسەپێننو جەماوەری خۆشمان پەی بەوە دەبرد کە تەتەڵەو لەبێژنگدانی خواستی هەموو لایەنەکان کراوەو ئینجا ڕێککەوتن ئەنجامدەدرێت.

گفتوگۆکانی ئەو لیستەش دەبێت زۆرینەی لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو لیستە براوانە بەسەر بکەنەوە تا بەدروستی لەویستو ململانێکانی ناو ئەو لیستانەش بگەنو لەوە تێبگەن کە چ داوایەکی کورد ڕەنگە لەکۆتاییدا کۆدەنگی بەدەستنەهێنێتو چ داوایەکیشمان دەتوانێت کاریگەرییەکی ناوخۆیی بکاتە سەر ئەو لیستانە کە دواتر بەسودی ئێمە بشکێتەوە.





